گ. ر. درایڤر
مامۆستای پێشووی زانستگەی ئۆکسفۆرد

# درایڤر و کورد

## کۆمەڵەی پێنج وتار

وەرگێڕان:
**ئەنوەری سوڵتانی**

* گ.ر. درایڤر
* درایڤر و کورد - کۆمەڵەی پێنج وتار
* وەرگێڕان : ئەنوەر سوڵتانی
* دیزاین : سەرکەوت مەحمود
* چاپی یەکەم ۲۰۰۵

پێشکەش بە:

خوشکی زەحمەتکێشم رووناک سوڵتانی

ئەنورە

# پێڕست


**١. سەرەتا و سپاسنامە**

**٢. وتاری یەکەم**
وشەی کورد و پیوەندە زمانەوانییەکانی

**٣. وتاری دووهەم**
بڵاوبوونەوەی کورد لە سەردەمی کۆندا

**٤. وتاری سێهەم**
توێژینەوە لە مێژووی کورد

**٥. وتاری چوارەم**
ئایینی کورد

**٦. وتاری پێنجەم**
بەرهەمی سروشتی و پیشەسازی
باکووری کوردستان

# سەرەتای وەرگێڕ

ئەم وتارانە، لە گۆڤاری ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی (Royal Asiatic Society) و بولتەنی قوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکانی سەر بە زانستگەی لەندەن-سواس، (School of Oriental and African Studies- S.O.A.S.) و گۆڤاری پێداچوونەوەی ئاسیایی (The Asiatic Review) وەرگیراون و راستەوخۆ کراونەتە کوردی.

نوسەری وتارەکان، «گۆدفری رۆللیس درایڤر»*(١٨٩٢ -١٩٧٥)- مامۆستای پێشووی مێژوو لەزانستگەی «مەگدێیلن» لەشاری ئۆکسفۆردی بریتانیا و پسپۆڕی پایەبەرزی زمانی عیبری و یاسای بابیلی بوە، زمانی عەرەبی زانیوەو لای وابوە گەلێک وشەی نەزانراوی تەورات، لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە دەدۆزرێنەوە.

«درایڤر» ،هەروەها زانایەکی دەگمەنی رۆژئاوایە، کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مێژوو وئایینی کوردی خستۆتە بەر توێژینەوە و بە شێوازێکی بابەتیانە لە بواری جۆربەجۆری کۆمەلایەتی- فەرهەنگی-مێژوویی گەلی کوردی کۆلیوەتەوە وەک ئەفسەرێکی سوپای بریتانیش پێوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی «انتداب»ی عێراقیدا هەبووە.

رووناکییەک کە "درایڤر" خستوویەتە سەر مێژووی کورد، تەنانەت ئێستا دوای نزیکەی ٨٠ ساڵیش، سەرنج راکێشە. مێتدولۆژی لێکۆلینەوە، هەڵسەنگاندنی زانستییانە، بەراوردکاریی سەر چاوەی هەمە چەشنەی عیبری، عەرەبی، لاتین وچەندین زمانی ئەوروپی وگەڕانەوە بۆ بنەما و ریشەی دیاردەکان، ئەو شتانەن کە توێژێنەرانی لاوی کورد دەبێ لە "درایڤر" فێر بن. هیچ وشەو دێڕێکی وتارەکان و تەنانەت بۆچوونە هەڵە و نادروستەکانی نووسەر نین، کە پشتیان بە سەرچاوەیەک نەبەستبێت.

بۆ ئێمەی کورد کە ئێستا لە کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا، لێکۆڵینەوەمان شێوازی کۆنی سەردەمی جم جمە سوڵتانی هەیە و مێژوونوسینمان لە سەر شێوەی "ابن الاثیر" و "ابن خلکان" دەڕوات، شێوازێکی ئەوتۆ جێگەی پەندو دەرس وەرگرتنە.

ئاشکرایە لەم بەرەبەیانەی سەدەی بیستویەکەمەدا، کاری توێژینەوە لە مێژوو و ئایین و زمان و ئەدەبی کوردی بەرەوپێش چوەو گەلێک جیاوازە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە کورد لە ئەوروپا کەمتر ناسرابوو و ماتریاڵێکی ئەوتۆ بە دەست تۆێژینەرانی بێگانەوە نەبوو. ئەوەدەم، جیا لە گەڕۆک و موژدە دەرانی مەسیحی کە رێگەیان دەکەوتە کوردستان، کەمتر زانا و پسپۆڕ و مامۆستایەکی زانستگە ئەوروپییەکان، خۆی بە کاری لێکۆڵینەوە لە مێژوو و زمانی کوردەوە خەریک دەکرد و دەتوانین بڵێین "درایڤر" یەکێک بوە لەو کەسانەی کە ڕچەی تۆێژینەوەی "ئاکادێمیک"ی ئەوروپی لە سەر کورد شکاندوە، رێبازێک کە درەنگتر، منیۆرسکی و مەکەنزی و برۆڤینسن درێژەیان پێدا و ئێستا لە بەرەبەیانی سەدەی بیست ویەکەمدا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزتر و پێشکەوتوتر.

«درایڤر» لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانە سامییەکاندا، شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوەو هەندێ جار رەخنەی ئەوەی لێ گیراوە کە ناتوانێ ئاکامی رێک وپێک لە توێژینەوەکانی خۆی وەربگرێت. نیشانەی هەندێ هەڵەوپەڵەش بەو وتارانەوە دیارە کە لەسەر کوردی نوسیون.دڵنیام خوێنەری کورد لە خوێندنەوەی وتارەکاندا، کاتێ رووبەرووی بۆچوونەکانی لەمەڕ خوو و خدە، زمان، ئەدەب یا ئایینی کورد دەبێتەوە، سەری سووڕدەمێنێ چۆن پرۆفیسۆرێکی پایەبەرز لە سەر مێژوو و فەرهەنگی میللەتێک داوەری ئەوتۆ دەکات و بەسەر هەڵەی وا زەقدا، دەکەوێت.

وەڵامەکەی، بە بڕوای من لەوەدا دەدۆزرێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی کاری "درایڤر"، واتە نووسەرانی عەرەب و هەندێکیش لە ئەوروپییەکان، هەڵوێستی نادروستیان بە نیسبەت کوردەوە هەبوە وئەوەش شوێنی داناوەتە سەر بۆچوونەکانی ئەو کە بۆ هەموو شت، پشتی بە سەرچاوە بەستوە.

ناتەواویی کاری «درایڤر» دوو لایەنی سەرەکی هەیە:

یەکەم، لە سەردەمێکدا ژیاوە کە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردبۆ بێگانان کەمتر ناسراو بوو و هێشتا رێنووس و رێزمانی سەربەخۆی بۆ پێک نەهاتبوو؛ دووهەم، سەرچاوەی زانیارییەکانی لەمەڕ کورد، تا رادەیەکی زۆر، عەرەبین کە زوربەی زۆریان شێوازی زانستییانەیان رەچاو نەکردوەو ئەویشیان بەهەڵەدا بردوە.

بەڵام با ئێمە لایەنی سەلبی کاری «درایڤر» گەورە نەکەینەوە و گرنگایەتی بە شێوازی لێکۆڵینەوە و ئەرک و زەحمەتێک بدەین کە لەبواری هەڵسەنگاندنی سەرچاوە کۆنەکان و دەرخستنی دیاردە نادیارەکاندا، کێشاویەتی.

دەقی وتارەکانی "درایڤر" لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێک قورسن و وەرگێڕانیان بۆ من، کارێکی هاسان نەبوە. هۆی ئەوەش، کە بەگژ کارێکی ئەوتۆدا چووم ئەوەیە گەلێک سەرچاوەی

بەنرخی سەبارەت بە کورد لێرە لە ئەوروپا- بەتایبەت لە زمانی ئینگلیزیدا تۆزی ساڵ و سەدەیان لە سەر نیشتوە و لەو هەموو رۆشنبیرە کوردەی وا ئێستا دانیشتووی ئەوروپا و ئەمریکان، کەمتر کەس سەریان لێ هەڵدێنێتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە لاوەکانمان و تەنانەت توێژێنەرانمان لە ناوخۆی وڵات دەستیان بە سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان نەبێ راناگات و ئێستاش هەر چاویان لەدەستی وەرگێڕانی عەرەب و فارس و تورکە کتێبێک تەرجەمە بکەن، ئینجا ئەوان لەو زمانانەوە وەریگێڕنە سەر کوردی!

دڵنیام ئەگەر رۆشنبیرانی کوردی دەرەوەی وڵات، لەجیاتی شەڕەدندووکەی بەناو سیاسی، خۆیان بە کارێکی جیددی نووسین و تەرجەمەی زانستییانەوە خەریک بکردایە و بەرهەمەکانیان بگەیێندایەتەوە ناوخۆی وڵات، کاری لێکۆڵینەوەی مێژوو و زمان و تۆرەی کوردی لە کوردستان تووشی گەشەو شنە دەهات و کورد لەم بوارەشدا، نەدەبوە بەردەماو خۆری عەرب و عەجەم. بەکورتی، من "واجبێکی کەفایی"م بەجێ هێناوە، کە ئەگەر پسپۆڕان بە جێیان بهێنایە، کەڵەشێر نەدەبوە بڵقاسم!

هاوڕێ لەگەڵ ئەم کتێبەدا، کتێبێکی دیکەشم بە ناوی "مینۆرسکی و کورد"ەوە بڵاوکردۆتەوە کە کۆمەڵەی شەش وتاری تەرجەمە نەکراوی مینۆرسکییە لەسەر کورد. هەروەها دەستم بە وەرگێڕانی چەند وتاری "مەکەنزی" و "سۆن" کردوە، کە ئەگەر تەمەن مەودا بدات، ئەوانیش بە ناوی "مەکەنزی وکورد" و "سۆن و کورد"ەوە بڵاو دەکەمەوە.دەزانم کارەکەم هەڵە و پەڵەی تێدایەو بە هیوام چاو لەو خەتایانە نەپۆشرێ . من بۆ درێژەی رێگا پێویستم بە سەرنج و رەخنەی خوێنەرە و هیوادارم ئەو یارمەتییەم لێ درێغ نەکرێت.

بە ئەرکی خۆمی دەزانم سپاسی بەرپرسانی ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی و گۆڤاری قوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکانی سەر بە زانستگەی لەندەن، هەروەها بنکەی چاپەمەنی زانستگەی ئۆکسفۆرد- وەک خاوەنی "کۆپی رایت"ی گۆڤاری ناوبراو بکەم بۆ ئیجازەی میهرەبانانەیان لە مەڕ چاپی ئەم وتارانە و هەڵگرتنی مافی کۆپی رایت لە سەریان.هەر وەها سپاسی مامۆستا کەماڵ مەحموود فەرەج دەکەم بۆ پێدا چونەوەی دەقی کوردی. سپاسی ئەم بەرێزانەش دەکەم بۆ وەرگێڕانی رستە ئەڵمانی و یۆنانی و فەڕەنسی ناو وتارەکان: کاک رەسووڵ قادری، کاک خانی هەژار، کاک رەحیم بەهرام زادە، کاک سەلاح محەممەدیان، خاتوو ک.هربرت، خاتوو دیمیتریا و بەرێز ئاندریاس گاڤرییەلیدێس.

سپاسی زۆرم ئاراستەی مامۆستای بەرێز کاک محەمەدی مەلاکەریم دەکەم کە دەقی تەرجەمەی عەرەبی دوو وتاری یەکەم و دووهەمی کتێبەکەی بۆناردم، ئەو دوو وتارە بەرێز د.فوئاد حەمە خورشید گەلێک پێش من لەساڵی ١٩٨٦ دا وەریگێڕاونە سەر عەرەبی و لە

بەغدا چاپی کردوون (ج.ار. درایڤر، الکرد فی المصادر القدیمە، ترجمە فوئاد حمە خورشید، مطبعە الدیوانی، بغداد، ١٩٨٦). گەرچی من عەرەبییەکی ئەوتۆ نازانم بەڵام بۆ مەسەلەی ناوەکان کەڵکی زۆرم لێ بینی، دەستی وەرگێڕ خۆش بێت.

هەروەها منەتباری کاک کاوە و کاک «عەتا موفتی» و کاک «سەرکەوت مەحمود» و کاک «مستەفا کەریم» و کاک «مەجید حەقی»م بۆ تایپی کتێبەکە، ئەو بەڕێزانە لە ڕاستیدا خزمەتی کولتووری کوردیان کردوەو پێویستە بۆ ئەم کارە، ڕێزیان لێ بگیرێت.

* Godfrey Rolles Driver

** بۆنووسینی ژین نامەی «درایڤر»، کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:

- Lord Black and C. S. Nicholls, The Dictionary of National Biography, 1971-1980, Oxford University Press, Oxford, 1986, PP. 252-3

.

- Adam and Charles Black, ,Who was Who? , Voll. VII, (1971-1980), London, 1981, P.228

## وتاری یەکەم:

# وشەی «کورد» و پێوەندە زمانەوانییەکانی [1]

دوور نییە بتوانرێ کۆنترین شوێنی کورد لە سەر "خشت نووس"ە سومێری یەکانی سەدەی سێهەمی پێش زایین هەڵبگیرێ کە تێیدا باسی خاکی "کەردا"[٢] یا "قەردا" [٣] کراوە[٤]. ئەم خاکی "کەردا"یە، لەگەڵ زێدی خەڵکی "سوو"[٥] دا، یەکی دەگرتەوە کە دانیشتووی باشووری گۆلی "وان" بوون و گومانی زۆر بەهێز هەیە لەگەڵ ئەو "قورتی یی"یانەی وا لە چیاکانی بەری ڕۆژئاوای هەمان گۆلدا دەژیان و "تیگلات پیلەسەر"ی یەکەم[٧] لە گەڵیاندا کەوتە شەڕەوە، پەیوەندی یان بوبێت[٨]. ناسنامەی زمانەوانی ئەم دوو ناوە، بە هەرحاڵ لەبەر دڵنیا نەبوونی تەواو لە [دەنگە] مەلا شوویی و ددانییەکانی خەڵکی سومێر، شتێکی روون نییە[٩].

دەرکەوتنی دواتری بنە چەکی[وشەکە] ، دەبێ لە "کاردوخی" گزنەفۆن [١٠]دا بدۆزرێتەوە کە ئەویش بەئاشکرا، هیچ نییە جگە لە گوڕانی هەندێ بیچمی وەک"گورتو"[١١] کە "قورطی"[١٢] بەرانبەر ئاشورییەکەی بوە و هێنانیان بۆ ناوزمانی یۆنانی لە گەڵ /خ/[١٣]، وەک نیشانەی کۆ لە وشەگەلی ئەرمەنیدا، کە دەبێ لە هەندێ بیچمی "ئورارمەنی"[١٤] سەدەی پێنجەمی پێش زایین دا بە شێوەی «گورتوخ» [١٥] بەیان کرابێ، ئینجا [کتێبی گەڕانەوەی] دەهەزار [کەس][١٦] بە کۆتاییە ناسراوەکەیان واتە نیشانەی " ئۆکسن "ەوە[١٧]، شێوازی وشەگەلی یۆنانی پێ دابێ[١٨].

هەروەها ، گەرچی هیچ شتێک لە ئەرمەنیەکانی سەردەمێکی وا زووی نازانرێ و وەک ئاکامێکی ئەم دیاردەیە، دەبێ لە "کورد"ی "گورتوخ"[١٩] یا "گورتایخ"ی[٢٠] ئەرمەنی کلاسیکەوە ئەو گریمانە سەر هەڵبدات کە "کەردوخی"[٢١] نوێنەرایەتی شێوە دەربڕینی یۆنانی دەکات لە بیچمێکی هاوتای ئەرمەنی خۆی لە زمانی ئەرمەنی کۆن "ی پێش نووسین "دا[٢٢]. ئەم مشت و مڕەش بە هۆی دووفاکتەوە بەهێز دەبێ کە"ستێپا نووسی بیزانسی"[٢٣] پاراستوونی:

یەکەم ئەوەی بەگوێرەی تۆمار کردنی ستێفا نووس، ناوی راستەقینەی ئەو خەڵکەی وا گزنەفون بە "تەئوخی"[٢٤] ناوی بردوون[٢٥]، "تەی"[٢٦] بوە.[٢٧] دووهەم ئەوەی کە بۆ خەڵکی "گوردیەئە"[٢٨] گەلێک ناوی وەک "گوردی"[٢٩] و "گوردوخی"[٣٠] هەبوە و هەردوو ئەم ناوانە، دەبێ تەرجەمەکراوی بیچمی کۆ ی "تایخ" [٣١] و "گورتووخ"ی[٣٢] ئەرمەنی بن و تائۆی[٣٣] و گوردوی[٣٤] (یا شتێکی ئەوتۆ) بریتی بن لە بەرانبەرە راستەقینەکەیان لە زمانی یۆنانیدا.[٣٥]

شێوەیەکی جیاوازی "کاردوخی" یا "گوردوخی" لە "کەردەکێس"[٣٦]دا بەرچاو دەکەوێ کە ناوێکە تەنیا بۆ سەربازانی بەکرێ گیراوی ئاسیایی بەکار هێنراوە و وا وێ دەچێ راست لە هەمان ناوچەدا بەکرێ گیرابێتن کە بە شوێنی ژیانی "کەردوخی" ناسراوە؛ دوورنییە "کەردەکێس" [٣٦]کە لە ناوی هۆزێکەوە هاتوە، وشەیەکی گشتی بووبێت بۆ سەربازانی بەکرێ گیراو[٣٧]. تەفسیر نووسێکی "ستراِبۆن" سەبارەت بەو ناوەی ئاخیری یان، یادداشتێکی سەرنج راکێشی نووسیوە و دەڵێ "کەردەکێس"یان لەبەرئەوە پێ دەگوترا چون لە رێگای دزی کردنەوە دەژیان و "کەردە"[٣٨] واتای جوامێرو شەڕانی دەداتەوە[٣٩] وەک چۆن لە فارسیشدابەتەواوەتی هەمان واتا دەبەخشێتەوە. جا خەڵکێکی ئەوتۆ، گەلێک عەستەمە هەر ئەو پیاوە عەشیرەتە کوردانە نەبن وا بەشێک لە ژیانی خۆیان بە چەتەگەری و بەشێکیشیان لە رێگای خزمەتکردن لەریزی سوپای

دراوسێکانیاندا، دەبردەسەر. بەڵام سروشتی پڕ لە هەڵەی دوا بەشی [یۆنانی] وشەکە، واتەئویکسوی[٤٠]وئوکسوی[٤١] زۆر زوو دەرکەوت و لە ئاکامدا، ئایۆی[٤٢] و نۆڤۆی[٤٣] یا بیچمێکی ویچووی ئەوانیان لە جێ دانرا و لە گەڵ ئەوەشدا، بیچمی ئووکسوی[٤٤] بۆ ماوەیەکی درەنگتر، لە گەڵ ئاوەڵناوە بێگانەکەدا مایەوە.

"پلینی"[٤٥] بە لێبراوی یەوە باسی خەڵکێک دەکات کە: "پێشتر پێ یان دەگوترا "کەردوخی" و ئێستا بە "گوردوەنی"[٤٦]ناو دەبرێن."[٤٧] سنووریشیان [بەگوێرەی قسەی ئەو] ، لە "ئەدیەبەنی"[٤٨] و پشت ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە کە چۆمی دیجلەی لێ دەڕژێتە خوارێ؛ هەروەها [سنووریان] لە مەڵبەندەکانی دیکەی چیای "گوردیەئی"[٤٩]یە، کە هەمان چۆم دوای ئەوەی "عەرەبە ئورڕوئەن" یەکانی[٥٠] ("ئێدێسا"[٥١]، "ئورهای سووری"[٥٢] و "ئورفاه"ی[٥٣] ئێستا)ی لە "ئەدیەبەنییکان" جیا کردەوە، لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ[٥٤]؛ "سترابۆن"، کاتێ باسی خاکی "گوردیائی" یەک دەکات کە پیاوە پیرەکان بە "کەردووچی" ناوی دەبەن[٥٥]، ئەو ناوەی دواتر بە "کەردووخی" ساغ دەکاتەوە.[٥٦]

ئەو دوو بیچمەی وشەکە و هەندێ بیچمی دیکەشیان کە دواتر- رەنگە بەهۆی وورد نەبونەوە یا خود چاو قووچاندنی نوسخە هەڵگرانەوە هاتبنە گۆڕێ، لە ناو نووسەرانی دواتری یۆنانی و رۆمی دا بوون بە باو، تەنانەت بە شێوەیەکی سەروگوێ شکاو، لە نووسراوەی قەشە مەسیحی یەکانیشدا هەر ماوەنەتەوە.

جەدوەلی ئەو بیچمانەی وا لە سەدەی یەکەمی پێش زایین بەدواوە، لە لایەن نووسەرانی یۆنانی و لاتینی یەوە بەکار هێنراون:

* **لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دا:**

- کوردوەنی[٥٧]
- گوردییێنێ[٥٨]
- گورد یەئوس و گوردیەئا[٥٩]

* **لە سەدەی یەکەمی زایینی دا:**

- گوردێنی و گوردییێنێ[٦٠]
- گوردوێنی[٦١]
- گوردیەئوس[٦٢]
- کوردیائی[٦٣]
- کوردیائی ؟[٦٤]

* **لە سەدەی دووهەمی زایێنی دا:**

- گوردییێنێ[٦٥]
- گوردیەئوس[٦٦]
- کوردوێنێ[٦٧]
- کەردینوس[٦٨]

* **لە سەدەی چوارەمی زاینی دا:**

- کەردووێنی[٦٩]
- کەردوێنی[٧٠]
- کوردیەئی[٧١]

**⋆ له سەدەی پێنجەمی زاینی دا:**

- کەردوێنی[٧٢]
- کوردوێنە[٧٣]
- کوردییێنە[٧٤]
- کەردوێنی[٧٥]

**⋆ له نوسراوەی پیاوە ئایینییەکاندا:**

- کەردیئوس[٧٦]
- کوردولیە[٧٧]
- کودریەلیە[٧٨]

پێویست ناکات گرنگایەتی بە شێوەکانی دیکەی [ئەم وشەیە] بدرێ کە زۆر وزەبەند لە دەستنوسەکاندا هاتوون یا بە شێوەیەکی دەسکردی وەک "گوردیەو"[٧٩] لە لایەن ستێپانووسی بیزانسییەوە، وەک ناوێک بۆ خاکی "گوردیەئی" داتاشراوە.[٨٠] بەهەر حاڵ ئاوەڵناوێکی دەسکرد هەیە کە وێ دەچێ لە هەمان ریشەوە هاتبێ و دەبێ سەرنجی بدرێتێ : "سیرتییەکان"[٨١] لە لایەن زۆر نووسەری کلاسیکەوە وەک هۆزێکی ئاسیایی سەیر کراون کە وەک "کەردووخی" و "کەردەکێس" بە "قەڵماسک هاوێژ" ناویان دەرکردوە؛ بۆ نمونە، سترابۆن دەڵێ نیشتەجێ ی ئێران بوون و نزیک بە چیای زاگرۆس لە تەنیشت "ماردی"[٨٢] دادەنیشتن[٨٣] بەهۆی رێگریشەوە ژیانیان دەبردە سەر[٨٤]. "پۆلی بیووس"[٨٥] و "لیوی"[٨٦] هەردوکیان، ئیش وکاری ئەوانیان وەک "قۆچەقانی هاوێژی بەکرێ گیراو" تۆمار کردوە. بەم شێوەیە، ئەخلاق و رەفتار و هەروەها شوێنی دانیشتنی ئەم خەڵکە بە سەر یەکەوە، دەیانبەستێتەوە بە "کەردوخی"یەکانەوە، لە کاتێکدا

ئەو پیتە دەنگدارە کورتەی کەوتۆتە پێش کۆتایی ناوەکەیانەوە(ولە شێوەیە جۆربەجۆرەکانی "سیرتەئی"[٨٧] و هەندێ بیچمی دیکەدا بە هەڵە، درێژ کراوەتەوە)، دیاردەیەکی گشتییە بۆ هەموو شێوەیەکی ناو(بۆ نمونە: قەردە[٨٨]، قورتی-ئێ [٨٩]، "کەردو-ئۆخی"[٩٠]=کەردوخی، "کەرداکێس"، "گوردی-ئەئی"[٩١] و"کوردوو-ێنی"[٩٢] و هتد...). گرینگایەتی ئەم باسە، دواتر دەردەکەوێ و پەسندێک بۆ لایەنی زمانەوانیی ئەم مشت و مڕە، دەخاتە پێش چاو.

ناوەکە، ئینجا لە شێوەی "قەردوو"دا[٩٣]، گەیشتە ناو "سوریانی"یەکان[٩٤] ئەو خاکەی کە کەوتبوە نێوان تورعابدین و چیای زاگرۆس و جزیرەی ابن عمر و سنووری لە خاکی "کەردوخی" دەگەڕایەوە کە ئێستا دانیشتوانی بە گشتی کوردن. لەمەڕ درێژ بوونەوەی دواپیتی دەنگدار، دەبێ بگوترێ بە هۆی بێ مەیلیی سامییەکانەوە بۆ دروست کردنی ئەو وشانەی وا دوابەشیان، دەنگداری کورت بێت، ئەم دەنگدارە کورتە، کە وەک شتێکی بنەڕەتی نیشان دراوە، دەبوایە یا بکەوتایە یا خود بە هۆی وشەیەکی کەم هێزەوە پشتی بگیرایە؛ بەم پێیە، "گورتو-خ"، بە هۆی نەریتی سوریانی یەوە بوو بە "قەردو-و" [٩٥] و ئەویش خۆی، پیتی کەم هێزی /و/[٩٦] و دەنگدارە کورتەکەی پێش خۆی لێکدا و "قەردو"ی[٩٧] پێک هێنا[٩٨].

ڕاست بوونی بۆچوونەکەمان لە مەڕ بەشی کۆتایی[وشەکە]، بە هۆی بیچمێکی هاوشانییەوە لە عەرەبی دا نیشان دەدرێ؛ لەوێدا، دەنگداری کۆتایی بریتی بوو لە /ێ/[٩٩]، وەک لە "کەردە-کێس"یش دا وەهایە. ئەوەش یارمەتی "قەردە-ی"[١٠٠] دەدات ببێ بە "قەردا"[١٠١]. لە نوسراوەیەکدا، دەقی عەرەبی "قەردووە"[١٠٢] دەبینرێ، لە کاتێکدا زمانی سوریانی "قەردوو"ی هەیە. بەڵام ئەمە دیاردەیەکی بەهەڵکەوتە، ئەگینا بە پێی عادەت، "قەردوو" بەرانبەر بە "قەردایە"یە.[١٠٣]

شاری "جزیره-ابن عمر" ، پێتەختی "قەردوو" لە زمانی سوریانی دا، چەندین ناوی بوە کە بۆ رووناکی خستنە سەر ئەو ئاوەڵناوە بێگانانەی وا لە هەمان ریشەوە هاتوون، شتێکی بەکەڵکن.

لێرەدا، کەڵک لەم بیچمانەی خوارەوە، وەردەگیرێ:

- گازەرتا> قەردوو [١٠٤]
- گازەرتا> قەردوویتا[١٠٥]
- گازەرتا> قەردەوایێ [١٠٦]

ئەو ناوەی دوایی، بە کۆتاییە سوریانیەکەیەوە، ئاوەلناوێکی بێگانەمان دەدا بەدەستەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ "کەردوخی"و "گوردیەئی" و... هتد، کە گشتی ترین بیچمن لە زمانی سوریانی دا[١٠٧]. لەوەش زیاتر، یادداشتێکە[١٠٨] کە بە لێبراوییەوە دەڵێ "قەردەوایێ"[١٠٩] و "مەردەوایێ"[١١٠] (واتە "مەردی"[١١١] کۆن)، لە ئاشوڕدا پێکەوە دەژیان.

بیچمێکی تر، بەهەر حاڵ، پیتی/ق/ەکەی بەرەو لاوازی برد و کردی بە /ک/ واتە "کەرتەوایێ" ی [١١٢] دا بە دەستەوە کە بە هۆی "قەردەوایێ"وە، هیچ گومانێک لە ناسینەوەی دا نامێنێ؛ هەر بۆیەشە کە تەفسیرنووسێک[١١٣] لە شوێنێکی [کتێبی] "ژیانی سوریانی ماریە بهەلاها"[١١٤]دا، دەڵێ: "کەرتەوایێ" هەمان "قوردایێ"[١١٥]یە کە عیبری و کەلدانیەکان « قوردایە[١١٦]و ئێرانیەکانیش[١١٧] "کورد"یان پێ دەڵێن. "قەرداوەیە"، خەڵکی ئەوشاخانەن وا پێیان دەگوترێ "قەردو"[١١٨]. ئەم یادداشتە، بۆچوونی "نۆڵدکە" لە سەر ناسینەوەی چیایەک لە سووریا دەسەلمێنێ کە بە زمانی سوریانی "تیلا دوقوردایێ"[١١٩] و بە عەرەبی "طل الکردی"یان[١٢٠] پێ دەگوت.[١٢١]

هەرچۆنێک بێت، بە کار هێنانی [وشەکە]، تەنانەت لە لاپەڕەی جیاوازی [نووسراوەی] یەک نووسەری دیاریکراویشدا، لێک جیاوازن چون ئەگەر متمانە بە نوسخە هەڵگران بکرێ، کەسێکی وەک "بەرهێبرەئوس"[١٢٢] دوو شێوەی جیاواز بە پیتی/ق/ وپیتی /ک/ دێنێتەوە و کەڵکی زیاتر لە "کوردایێ" و "قەردوو" وەردەگرێ.

**ئەو بیچمانەی وا لە چاپەکانی "بەرهێبرەئوس"دا دەبیندرێن، بریتین لە:**

- قەردوو[١٢٣] (وەک لەسەرەوەتریشدا گوترا، بەرهێبرەئوس کەڵک لەم بیچمە وەردەگرێ.)
-کەردوو[١٢٤] (ئەم شێوە جیاوازە، لە .Chron، کە لە لاپەڕەی ٥٢٢ دا دەبینرێ).
- قەردەوایێ[١٢٥]
- قوردایێ [١٢٦]
- کوردایێ [١٢٧]

ئەو بیچمانەی وا لە زمانی ئارامیدا[١٢٨] بە کار هاتوون، پێویست ناکات کاتێکی زۆرمان لێ بگرن چون زۆر لەو بیچمە هەڵە و شێواوانە باشترنین، وا لە زمانی سوریانی دا کەڵکیان لێ وەر دەگیرێ. هەروەها نووسراوەکان خوشیان یا گرنگایەتییەکی کەمیان هەیە یا هەربێ نرخن. "ئۆنکیلۆس"[١٢٩] شوێنی تەرجەمە سوریانییەکانی هەڵگرتوە و چیای ئارارات- شوێنی حاوانەوەی کەشتی [١٣٠] [نوح] بە "قەردوو" ناو دەبات.[١٣١] لە دەقی عەرەبی "سەعەدییە"دا "قەردوع"[١٣٢] هاتوە و "تەرگوم"ی ئورشەلیمی[١٣٣] "قەردون"ی[١٣٤] نووسیوە کە بیچمی "کاردینوسی دیوکاس"مان [١٣٦] وەبیردێننەوە. لە شوێنێکی تر- واتە لە دەقی

تەوڕات دا[١٣٧]، هەمان جێگا بە "قەردو" و خەڵکەکەی بە "قەردەوەییا"ناو دەبرێ ([١٣٨]) و لە "عیبری مالمی"دا[١٣٩]، کۆی "قەردێ واییێن" ([١٤٠]) هاتوە[١٤١]. هەر وەها لە شوێنێکی دیکەدا، "کەردوو" وەک بیچمێکی "قەردوو" نوسراوە ([١٤٢]) بەڵام پێویستە گرنگایەتی بە جیاوازییەکی بچووکی ناو رینووسی عیبری تازە، نەدرێت.

تائێستا، ئەو راستی یە خراوەتە بەر چاو کە ئەم بیچمە جیاوازانەی خوارەوە: "قەردە"(یا "کەردە")، "کەردوخی"، "گورتوچی" (و"گوردی")، "کەردەکێس" و "سیرتی"، "گوردیەئی" و "کوردێنی"، قەردو"، و "قەردا"، "قەردەوایێ"، "کەرتەوایێ" و "کوردەییا" و... هتد، سەرەڕای جیاوازیی نێوانیان، بنە چەکێکی گشتییان هەیە. کەم هێز بوونی [دەنگە] مەڵا شوویی و ددانییەکان، بۆ زمانگەلی سامی لە [پرۆسێسی] کەوتن و قرت بوونیاندا، دیاردەیەکی گشتییە. لاواز بوونەکەشی لەم حاڵەتە تایبەتەدا، بە هۆی زمانگەلێکی بێگانەوەیە، کە لە رێگای ئەوانەوە راگوێزراوە؛ ئەویش بەهۆی ئەو راستییەوە کە پیتی دەنگداری کورت وا دەکەوێتە دوای [پیتە] ددانیەکەو پێش ئەوی ئاخیریانەوە، لێرەدا، بە بێ إستثناء پارێزراوە و بەم شێوەیە، هۆی ناسینەوەیەکی بێگومانیان پێک دێنێ. بەڵام ئایا ئەم بیچمانە بە هۆی وشەی "کورد"ی، فارسی یا عەرەبییەوە دەناسرێنەوە[١٤٣] کە تیایاندا دەنگداری کورت ناکەوێتە بەشی کۆتایی وشەوە و هەمیشە پیتی/ک/یان وەک پیتێکی سەرەتایی پاراستوە. ئایا خەڵکێک ئەم ناوەیان بە سەرەوەیە، هەمان کوردی نوسەرە ئێرانی و عەرەبەکانن؟ ئەگەر باسی پرسیاری دووهەم لە پێشدا بکەین، لەبەر چەند هۆ دەبێ وەڵامی پرسیارەکەمان ئیجابی بێت.

"قەردەی "ی سومێرییەکان لە سەر گۆلی "وان" و هەر وەها ئەو

"قورتی"یانەی وا ئاشورییەکان لە چیای "ئازو"[(١٤٤)] چوونە شەڕیان و زەحمەتیشە لە "حەززوو"[(١٤٥)]ی نوێ جیاوازبن، هەردوکیان راستەوراست شوێنی خاکی "کەردوخی"یەکان دەگرنەو، کە پێشیان بە گەڕانەوەی "دەهەزار کەسەکە" گرتبوو، لە کاتێکدا، ئەو خاکەی کە بە شوێنی "گوردیەئی" یا "کوردوێنی" دانراوە، تەنیا درێژەیەکی "کەردوخیا"یە، وەک چۆن کوردستانی ئێستایش هەر ناوچەی "گوردیەئە" یا "کوردوێنیێ"یە و بەرینتر بۆتەوە. ئیش و کاری هەموو خەڵکەکەشیان بە تەواوەتی نزیک بەیەکن؛ هەموویان لە رەگەزی چیانشینن، "خەڵکێکی ئازا، بەهێز و بێبەزەحمی ئەوتۆ، کە تاقەتی دیلایەتییان نییە، عادەتیان بە تاڵانچیەتی گرتوە و زۆریش ئیتاعەی حوکمی سەرۆکە نەتەوایەتییەکانیان دەکەن."[(١٤٦)] لە کۆتاییشدا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە نووسەرانی سەردەمی کۆنیش هەر بەو شێوەیەیان ناساندوون.

شتێک کە رەنگە لە چەشنی هەمان بیرۆکە بێت وا لە مێشکی ئەو تەفسیرنوسە کۆنانەدا بوە وا "کەردەکێس" ی "سترابۆن" بە "کەردە" ی[(١٤٧)] فارسییەوە پەیوەندیی دەدەن، بێگومان تێگەیشتنی وەرگێڕی "کرۆنۆگرافیا"ی[(١٤٨)] "ئەلیاسی نەصیبی" [(١٤٩)] بوە لەو نووسراوەیەدا، وا باسی "کەردەوایی" دەکات کە پێیان دەگوترا "یەعقووبی" [(١٥٠)] و بە شێوەی خوارەوە وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی: "ئەکراد، کە پێ یان دەگوترێ یەعقوبی".[(١٥١)] لە کاتێکدا، یەکی دیکە [لەو تەفیسرنووسانە]، وەک لە سەرەوە گوترا، قسەکانی لە "ژیانی ماریەبهەلاها"دا لەوەش زیاتر روونکەرەوەیە و هەروەها، لە "کرۆنیکل"ی [(١٥٢)] "بەرهێبرەئووس"دا، "ئەکراد" [(١٥٣)] بەو کەسانە گوتراوە کە بە شێوەی رەسمی پێ یان دەگوترا "کوردایێ"[(١٥٤)]. بە پێچەوانە، پەیوەندی زمانەوانیی [وشەکە]، سەرەڕای وێچوویی و هاوپەراییەکی بەرچاو، بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە. بەڵام دەتوانین قامک بۆ نموونەیەکی زۆری پیتی /ق/ی سامی را بدێرین کە بە تایبەت لە

ڕێگەی وشـــەی بێگانەوە، لە شـێـــوەی /گ/ یاخـــود /ک/دا، چۆتە زمـــانـی فـارسییـەوە [١٥٥]. بەهۆی کەم هێزیی پیتی/ق/ و گوڕانیەوە بە /ک/ لە بیچمە سامییەکاندا یا بەهۆی سەرلێ شێواویی لە مەڕ ڕاستەقانی پیتێکەوە کە زۆر بۆی هەیە لە زمــانـی ئەرمــەنی و یۆنانی دا بێــتــە پێــشێ و مــشت ومــڕ لە ســەر چۆنایەتییـەکـەی پێک بێنێ. وێچوویی نێـوان [وشـەی] "کـورد" و "قـەردە" و وەچەکانـیـان، بەراستی سـەرنج ڕاکێشـە، بەڵام گونجاو نابێت ئەگەر حیسـاب بۆ کـەوتنی دەنگداری کـورتی سـەرەکی لە کـۆتاییـیـەکـەیدا بکرێتـەوە کـە وادیارە لە هەموو [زمانێکدا] جگە لە فارسی و عەرەبی، دیاردەیەکی بنەڕەتی بێت.

لێرەدا نووسەر، بۆچوونی "نۆڵدکە" دەسەلمێنێ[١٥٦] بەڵام ناتوانی لەوەزیاتر لە گەڵیدا بچێتە پێشێ چون ئەو زانایە، لە سەر زەمینەی مەفهوومی "قەردو" کە تەنیا ئاماژە بە ناوچەیەکی بەربەست کراو دەکات، ناسینەوەیان ڕەت دەکاتەوە. لە کاتێکدا کوردەکان خاکێکی گەلێک بەرینتریان داگرتوە، بەم شێوەیە، "نۆڵدکە" ناوی کورد لە "کیرتی" ەوە[١٥٧] دێنێ کە باسمان لێوەکرد، هەروەها، بە شێوەیەکی دەست نیشان دەکات ،کە لە ناوچەگەلێکی بەرینی ئێران و ماددا نیشتەجێ بوون؛ لە ڕاستیشدا، سەرتاسەری ئەو وڵاتە، ئێستا کوردی تازەی تێدا نیشتەجێن.

دژ بەم بۆچوونە، دەتوانرێ پێ لە سەر خاڵێک دابگیرێ و ئەویش ئەوەیە کە سێبەری هیچ نیشانەیەک بە سەر گریمانی بڵاوبوونەوەی "کیرتی"یەوە نییە و پیتە دەنگدارە کورەتەکەی ئاخیری، لەوە ناچێ لە "کیرتی "دا گرنگایەتی زیاتر بێت تا لە هەمان پیتی ناو بیچمەکانی دیکەی ناوەکەدا. هەروەها لە سەر ئەو خاڵەی کە خــاکی دەوروبەری "جــزیرە ابن عــمــر" ڕاست ئەو شــوێنە بوە وا دەبوایە ناوی سەرزەوینی "گورتو-خ"ی لێ بنرایە، بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەشێک لە خاکی بەپیتی لێوار چۆمی "جزیرە" بوە، کە ئەوان [واتە"کیرتی"یەکان] دەست درێژییان کردە سەری؛ ئەوەش لە کاتێکدا کە "جزیرە ابن عمر"- خۆی، تەنیا شارێک بوو لە

ناوچەیە کە ئەوان بنیاتی عونسورێکی غالبی خۆیان لە ناو دانیشتبوەکانیدا، دامەزراند. لە شوێنەکانی دیکەدا، عەرەب بەرەو چیا رووت و قووتەکانیان کشاندنەوە- خۆ ئەگەر ئەو بێشکەیە [واتە چیاکان]، هەر لە ئەسڵدا شوێنی لە دایک بوونی رەگەزەکەیان نەبووبێ. ئینجا لەوێوە بەرەو باکوور، رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات رۆیشتن و لەو شوێنانە دا بلاوەیان کرد. لێرە، لە چیا نیوە چۆڵ و نیوە ئاوەدانەکاندا، ویستی سروشتی رەگەزێکی هەڵکەوتوو بۆ پەرە سەندن، رووبەڕووی هیچ بەرهەڵستێک نەبوەوە. بەڵام هەر لەو ماوە کورتەی نیشتەجێ بوونیان لە "جزیرە"دا مۆرکی خۆیان بە جێ هێشتبوو نەک هەر ناوەکەیان، بەڵکوو ژمارەیەک لەو خەڵکەی خۆشیان لە پشت سەر بەجێ هێشت کە ژیانی هاسانی شاریان لە مانەوەی سەختی ناو چیا، پێ باشتر بوو.

کەوابوو، ئەگەر ناوی "کورد" لە باری زمانەوانییەوە نەبەستراوەتەوە بە "قورتی"و... هتد، ئەی بنەچەکیان لە کوێوە هاتوە؟ دۆزینەوەی [وەلامی پرسیارەکە]، زۆر زەحمەت نییە: دیتمان کە پسپۆڕێکی سەردەمی کۆن، "کەردەکێس"ی بە وشەی فارسی "کەردە"وە پەیوەند دا. چارەسەری مەسەلەکەش هەر لێرەدایە:

چی لەوە سروشتیترە کە ئێرانیەکان وا ناوی "قورتی"یان بیستبوو و هاتوچۆشیان لە گەڵیاندا بوو، دەبوایە ناوێکی ئێرانی ئەوتۆیان لێ بنێن کە نەک هەر لە ناوە ئەسڵی یەکەیان بچێ بەڵکوو پڕ بە پێستی کەسایەتیەکەشیان بێت.

"گورد" یا "کورد"ی فارسی- کە وادیارە لە بنەچەکی گشتی [وشەی] "گەردو" یا "قەردو"ی بابیلیەکانی وەرگیرابێ، واتای ئازا و بەجەرگ یا شەڕانی و کۆڵنەدەر و هەروەها ئەویندای شەڕوگەڕ دەداتەوە کە ئەوانەش، تایبەتمەندیی کەسایەتی کوردن. وشەکە، لە فارسیەوە چۆتە ناو عەرەبی و لەوێوە بۆتە ناوێکی گشتی ئەورووپییەکان بۆ کورد.

**یادداشتێکی لکێندراو (ژمارە ١)**

ئەم نووسەرە، ناتوانی هیچ خاڵێک لە مەسەلەی سەلماندنی بۆچوونی ئەو پسپۆڕانەدا بدۆزێتەوە کە "گۆتی" یا "گۆتو" بە کورد دەناسن.(١٥٨)

**یادداشتی لکێندرا (ژمارە ٢)**

لەکتێبی "لەند"دا (١٥٩)، ئیشارەیەک دەردەکەوێ کە "بەردایێ"یەکان دەگەنە جزیرەی "ئۆس پی تیس"(١٦٠) (واتە جزیرەی وان)، ئەم "بەردایێ"یانەش وادیارە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا نەناسرابن. جا، تۆ بڵێ ی هەڵەیەک لە وشەی "کوردایێ"دا رووی نەدابێ کە لە گۆڕانی لە بۆ ، گۆڕانێکی زۆر نییە؟

فەبریوەری ١٩٢١

## پەڕاوێزەکانی وتاری یەکەم

(1) G. R. Driver,
"The Name Kurd and its Philological Connexions",
The Journal of the Royal Asiatic Society, July 1923, pp. 394- 403.
(2) Kar-da
(3) Qar-da
(4) Thureeu-Dangin, Die Sumerischen und Akkadischen Königsinscheriften,1,150 (No 22&2).
(5) Su
(6) Qur-tie-e
(7) Tiglath-Pileser
(8) Tiglath pilser's cylinder-Inscription,1, ii,16; iii,50.
(٩) ناسنامەکە،لەلایەن ئەم کەسانەوە پەسند کراوە:

- Winckler,
'Schrader's keilschriftliche Bibliothek', vol. i,
s.r. Tiglath Pileser
- Spiegel,
'EnicheAltertumskunde', i, 356;
- Kiepert,
'Lehrbuch der Alten Geographi', P. 80
- Sachau,
' Zeitschrift hür Assyrologie', xii, 52
- Hommel ,
' Geschichte', P. 524

بەڵام لە لایەن Streek ەوە لە xiii,101 , .Z.F. ASS دا، دراوەتە دواوە.

(10) Xenophon, Kardochi
بڕوانە: Xen. Anabas, III,V, 15,17; IV,1, 2-4, 8-11; iii,1-2, 7, 26-27, 30; V, 5, 17,VII,Viii,25
(11) Gorttu
(12) Qurti

(13) Kh

(14) Urarmenisch [ بەواتای ئەوروپی- ئەرمەنی ]

(15) Gortu- Kh

(16) The ten Thousand

(17) Oüxo

18) تاکی Carduchus، بیچمێکی دەسکردە ولە کۆێ Carduchi وەرگیراوە.

بڕوانە: Xen. Cyr. , vi, 3, 30

(19) پێشوو، پەراوێزی ژمارە١٥

(20) Gortai-Kh

(21) Karduch

(22) Pre-Literary

(23) Stephanus of Byzantium

(24) Taochi (Tuoxoi)

(25) بڕوانە: Xen, Anab., IV,iv, 18; iv, 5; vii,V,v,17

(26) Tai (Tuoi)

(27) Steph. Byz., Ethnica (Meinke), s,v, *Taoxoi*, i, 211,

هەروەها بڕوانە یادداشتەکانی سەبارەت بە: Kapoouxoi

(28) Gordiaea

(29) Gordi

(30) Gordochi

(31) Taikh

(32) Gortukh

(33) Taoi

(34) Tuo Gordoi

(35) بڕوانە:

Millet, "Essquisse d'une Grammair compare'e de L' Armenien Clas-sique" , PP.40-43

هەروەهابڕوانە:

Hübschmann, Armenische Grammatik, pp. 404,518-20

(36) Kardakes

(37) بڕوانە:

- Polyb., Hist, v, 79, 11, 82, 11; corn. Nep, Datames, viii, 2; Arr., Anab., ii, 8,5-6 and plut., Sec, Epic., xiii;

هەروەها بڕوانە:

- Step. Byz. , s. v, Kardakes; Hesych. , Lex(schow), P. 403 (Alberti), ii, 147; Phot. , Lex. Synag (person), i, 131

(38) Karda

(39) بڕوانە :
Strabo (Geogr. , xv, 734

(40) -oüxoi

(41) -oxoi

(42) -aioi

(43) -nvoi

(44) -oüxoi

(45) Pliny

(46) Gordueni

(47) بڕوانە:
Plin., Hist. , Nat. , vi, 15, 44

(48) Adiabeni

(49) بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٨

(50) Orroean Arabs

(51) Edessa

(52) Syriac Urhai

(53) Urfah

(54) بڕوانە پەراوێزی ٤٧
ib., vi, 31, 129

(55) Strab. op. cit. xvi, 747

بۆ زانیاری لە سەر کەردوخی، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

Strab. , Georgr. , xvi, 747 ; Epit. , P. 145 ( Karduchia); Diod. Sic. Hist. Gr. , xiv, 127; Plin. Hist. Nat., vi, 44; Ptol. , Georgr. , vi, 3; Agath. ,Hist. , iv, 29; Theophyl Simoc, ii, 10, 2

(56 [ یەکەمیان لەشێوەی "Carduchi" و دووهەمیان لە بیچمی "Kappwv"دا نووسراون بەڵام ئەلف و بێی عەرەبی توانای نیشاندانی ئەم جیاوازییانەی نییە.وەرگێڕ ]

(57) Cardueni (Sall. Hist. Fragm. , 1V, 72)

لەو بەشەی نوسراوەکەدا، کە Josephus گێڕاویەتەوە (Archoeol. xx; 2, 2,§ 34)
دەستنووسەکە و ،Kappwv, kaipwv یا kapewv دا دەخوێندرێتەوە و گەرچی بیچمی
kapowv بێتە opoolkدەبێ لە گەڵ Kapoolدا بەراورد بکرێ، بەڵام ئەگەر هەڵەیەک بۆ
گونجان، بۆ ئەمیان نایەتە پێشێ.

(58) Gordyene(Diod. Sic. , Hist. Gr. , xi, 4; Strab. , Geogr., xi, 527; xvi, p. 747).
(59) Gordyaeus and Gordyaea (Strab., Geogr., xi, 529, 532; xvi, 739, 746, 747, 750).
(60) Gordyeni abd Gordyene (plut. , Luc., xxi, 505; xxvi, 508, 509; xxix, 512; xxx, 512; xxxiv, 515; Pomp., xxxvi, 638).
(61) Gordueni (Plin., Nat. Hist., vi, 44)
(62) Gordyaeus (Plat., Alex., xxx, 683,
کەسانی دیکەی وا ژین نامەی ئەسکەندەری مەقدونییان نووسیوە،وشەکەیان وەک Gor-
diaei و Gordyaei تۆمار کردوە بۆ نموونە:,Curt. Ruf., Hist. Alex., iv, 10,8; v, 1, 4
14-15 یاخود وەک Cordiaeiیان نووسیوە: Epit. Rer. Gest. Alex. Magn. , xxxix
هەروەها، لە گێڕانەوەی نووسراوەیەکی Curtius دا (op. cit. iv,10,8)، بۆ ئەوە دەبێ وشەکە
لە هەندێ دەستنووسدا وەک Cordei بخوێندرێتەوە.
(63) Kordyaei (Josephus, Archoeol, i, 3, 6, § 93)
(64) Cordiaei (?) (Plin., Nat. Hist., vi, 118
لەو شوێنەدا کە دەستنووسەکان Condiaei یا Gurdiaciیان نووسیوە هەروەها vi, 129،
شوێنێک کە وشەکە وەک Coridaeorum یا Charidiorum دەخوێندرێتەوە).
(65) Goryene (Ptol. Geogr. , v, 12; xi, 527; App., de Bell. Mithr. cv.).
(66) Gordyaeus (Ptol., Geogr., v, 13; Arr., Anab., Alex., iii, 77).
(67) Korduene (Dio Cassius, Hist, Rom, xxxvii, 5, 3,).
(68) Kardynus (Dio Cass. Epit. lxv111, 26, 2; ...
(69) Kardueni (Petr. Patr., Hist. in Muller's Fragm. Hist. Graec., iv, 187)
(70) Cardauni Sext. Ruf. , Brev., iii, xx
کە ئەویش لەبەر ئەم سەرچاوەیە هەڵگیراوە:
Historia Miscella, x, 3; Utrop., Hist. Rom, III, 3, 1).
(71) Kordyae I(Euseb.,Praep. Ev., II; onom., 208; Chron. Armen., P. 23)
(72) Cardueni (Not. Dign., or. xxxvI, 34 and occ. vII, 209).

یاخود:
Cordueni (Not. Dign., or. xvIII, 6, 19 and occ., vI, 40, 83).
(73) Corduena (Amm. Marc. Res. Gest. xvIII, 6, 20; xxIII, 3, 5; xxiv, 8,7, 9).
(74) Cordyena (Jul. Honor. in Reise's Geogr. Lat. Min., xxx, 5, and Aethicus, ib, Ixxvl, 21).
(75) Kardueni (Zosimus, Hist. Nov., III, 31).
(76) Kardyeus (Epiphan., Adv. Haeret., i,I,4; ii, 66, 83).
(77) Cordulia (Philostorg., Hist., iii,7; Lib. Generat. (Reise), § 24, P.116,
لەو شوێنەدا کە ،ئێدیتۆری کتێبەکە، گومانی وایە /L/ هەڵەیە و دەبێ /a/ بێت، واتە وەک Cordyaia بخوێندرێتەوە. هەروەها بڕوانە: Excerpt. Lat., Barb. (Frick) P. 208
لەوشوێنەی وا هەندێ دەستنووس بە Cordyna یان خوێندۆتەوە:
Monum. Germ. Hist. (Mommsen)Saec. Iv-vII, v0I., I,p.106).
(78) Codralia (Synellus, edited by Goar, p. 47
لەو شوێنەی کە هەندێ دەستنووس بە Cordulia یان خوێندۆتەوە.
(79) Gordyas
(80) Step. Byz.S.V.Gordyaea
(81) Cyrtii
(82) Mardi
(83) بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو یادداشتەی لە خوارەوەدا هاتوە، لە :
Land's Anecd. Syr. iii, P. 332
(84) Strab. Geogr., XII, 13,533; xv, 3, 727
(85) Polyb. Gist., V, 52
(86) Livius ab, Urb, cond., XXXVII, 40,9
(xlii, 58,13 :ئەو شوێنەی وا "Cytraei" پێ دەگوترا)
(87) Cyrtaei
(88) Qarda
(89) Qurti-e
(90) Kardu - ochi
(91) Gordy-aei
(92) Cordu-eni
(93) Qardu بڕوانە:
E.g. Barhebraeus, Nomocanon (Hunt Mss.1), 36 v., Ascensus Mentis (ib. 540), 83 v, ; Patr, or. sim'on bar Sabba'e, cp. 23 (and25); Wright Catal, of

Syr, Mss. in the B.M. , iii, 1136,a-b; al.
(94) Syriac
(95) Qardu-w
(96) w
(97) Qardu
(98) Elias of Nisibi (Baethgen in Abhandl. f.d. kunde des Morgenl,. VIII, 3,p.17.
(99) a
(100) Qarda-y
(101) Qarda بڕوانه:
Arri et Sliba de Patr, Nest, Comm. (Gismondi), P 80; Maris, de patr. Nest, Comm, (Gismondi), PP. 2,3,10; Baladhuri, 176, 5; At- Tabari, iii, 610,3; Ibn Faqih, 132, 8;136,2;Ibn Rustah, 106, 14;195, 12; Ibn Khordadhbih,76, 12; 245, 15; Mas'udi, Tanbih,53, 12;Ibn Hauqal, 145, 13. yaqut (i,476)
یاقوت "قردا"ی نووسیوە و دەڵێ خەڵک بە "قەردا" یان حونجە دەکرد، هەروها بەراودی
لە گەڵ "باقەردا"ی عەرەبی بکە (At-tab,. iii, 610, 1)
(102) Qarduh
(103) M'art d'Gaze(Bezold), Syr., P. 98=AR., P. 99
(104) Gazarta d'Qardu (Wright, Catal. of Syr. MSS, in the Libr. of Cambridge Univ,. ii , p. 746; Forshall and Rosen, Catal. MSS. or . in M. Brit., pp. 102 a, 104b; Assemanni, Bibl. or., ii, pp. 251b, 256b;Barhebr., Chron. (Bruns and Kirseh), P. 329).
(105) Gazarta d'Qardwitha (Forshall and Rosen; op. cit,. p. 102a; cp. Assemanni, Cat. MSS. Bibl. Apost. vat,. iii. p. 355).
(106) Gazarta d'Qardwitha (Wright, Catal. of the Syr. MSS. in the Brit. Mus,. iii, pp. 1181a, 1182b).
(107) Assemanni, Bibl. or., vol. i, pp. 204a, 352a; Chabot, Nest, Synods in Notices et Extraits (Paris), x,p. 165.
(108) لە Land's Anecdota Syriaca (vol. iii. p. 332) دا
(109) Qardawaye
(110) Marudaye
(111) Mardi
Kartawaye; Chabot, op. cit., x, p.. 423 (Syr., p. 165) ; Tuma d'Marga, Gov-

ernors (Budge), P. 98, al,; Bedjan, Acta Martyrum, ii, p. 673; Wright, Catal. of Syr, MSS . in the Brit, Mus., iii, p. 1207a.
(112) Kartawaye
(113) Scholiast
(114) Syric Life of Mar yabhalaha
(115) Qurdaye
(116) Qurdaye
(117) Persian (فارسەکان؟)
(118) Qardu: Ma, yabhalaha (Bedjam), Cahp. XIV,p. 121
(119) Tella d' Qurday'e
(120) Tallu- 'l- kurdi
(121) Noldeke in ZDMG. xxix, pp. 419 ff.
(122) Barbebraeus
(123) Gardu (وەک گوترا، زۆر جار ئەم بیچمە بەکار هێنراوە.)
(124) Kurdu (بەچەند شێوە دەخوێنرێتەوە. بڕوانە: Chron. p. 522)
(125) Qardawaye (Chron., p. 81, and Chron. Eccl., Abbeloos and Lamy,& ii p. 75).
(126) Qurdaye (Chron, p. 306 and Chron, Eccl., p. 731).
(127) Kurdaye (Chron. pp. 329, 398,459, 554, 575;
هەروەها بڕوانە ئەو فۆڕمانەی وا لەم وشەیە دروست کراون:
Chron. pp. 153. 151, 238, Chron. Eccl., p. 569 دا
بەراوردی بکە لە گەڵ بیچمی Kurdaya لە نووسراوەی نووسەرێکی سەدەی دوازدەدا:
(Johannes of Nisibis, in Assemanni's Bilbl. Or, ii. pp. 221-2).
(128) Aramic
(129) Onqelos
(130) Genesis viii. 4
(131) بە حیسابی عەرەبی "ابولفرج" (Pococke, p. 13) گوتراوە: گێوی قورد (Qurd) کە پێی دەگوترێ "الجودی"
(132) Sa'adiyah, Qardu
(133) Targum of Jerusalem
(134) Qardun
(135) هەروەها بیچمی Qardum لەم سەرچاوانەش دا هاتوە:
- Midr. Bereshith Rabbu

- Mandiac Great Book (i, 380, 21. له باسی هەمان نووسراوەدا)
(136) Kardynos fo Dio Cassius
(137) 2 Kings XIX, 37) = Isaiah XXXVII,38 , and Jermiah, li, 27.
(138) Qardawayya
(139) Rabbinic Hebrow
(140) Qarde wayin
(141) Yebhalmoth 36,16a
(142) Rabbinowitz or Baba Bathra, 91a
(143) کۆی ئاسایی " کورد" له عەرەبی دا "ئەکراد"ە بەڵام له شوێنێک دا "ئەکارید" هاتوه کە نموونەیە بۆ جیاوازی نێوان دەستنوسەکان له بیچمێکی ئاسایی دا:
‘Abdu-'l- basit, Dais, in the Journal Asiatique IX, iv, pp. 252-3).
(144) Azu
(145) Hazzu
(146) Gibbon, Decline and Fall of the Roman Eimire, Chap. 1ix.
(147) Karda
(148) Chronographia
(149) Elias of Nisibis
(150) Jacobites
(151) بڕوانە:
Baethgen in Adhandl. f. d. Kunde des Morgenl.,viii, 3, p. 17.
(152) Chronicle
(153) Akrad
(154) Assemanni, bibl. or, ii, p. 366
(155) بۆ نموونە، "گەردوو" یا "قەردوو"ی ئاشوری بەرانبەرە لە گەڵ "کورد"ی فارسی بەواتای ئازاو ...هتد. هەمان چەشنە دیاردە لە وشەی" کرمان"ی فارسی دا هەیە کە دەبێتە " قەرمەن"ی سوریانی.
(156) Noldeke, “Kardu and Kurden” , in Beitrage zur Alten Geschichte und Festschrift fur. واتە:"دەوری Kuda و Kurd لە مێژوو و جوغرافیای کۆن دا".
Gerograghi:
هەروەها بڕوانە:
H. Kierpert, pp. 71-82; Hartmann, Bohtan, pp.90 ff.
(157) Kyrtii
(158) بڕوانە وتاری سەبارەت بە کوردستان لەم سەرچاوانەدا:

Dictionnair de la Geograhpia;
Encyclopaedia Britanica' ch. Sayee, ibid. iii, p. 103.
(159) Land's " Anecdota Syriaca, i, Geographica, fol. ir.,Syr., p. 23
(160) Thospitis
(161)

## وتاری دووهەم:

## بڵاوبونەوەی کورد لە سەردەمی کۆندا (١)

ئەو خاکەی وا لە سەر دەمی مێژوویيدا[٢] زێدی رەگەزی کورد بوە، وێدەچێ هەر ئەو ناوچەیە بێت کە یۆنانییەکان بە "کەردوخیە"[٣] و هەردوولایەنی یۆنانی و رۆمی بە "کوردوینی"[٤] یا "گوردیەئە"یان[٥] ناو بردوە[٦]، نووسەرە سوریانییەکان، ناوی "قەردوو"یان[٧] پێ بەخشیوە و نووسەرانی کۆنی عەرەبیش "قەردا"یان[٨] لە سوریانییەکان وەرگرتوە.

لە باشوورەوە سەحرای عەرەبستان، لە باکوورەوە ئەرمەنستان، لە رۆژئاواوە سەر چۆمی فورات و لە رۆژهەڵاتەوە حکوومەتی کۆنی ماد، سنووری خاکەکەیان پێک هێناوە. "سترابۆن" جوغرافینووسی یۆنانی دەڵێ ئەرمەنستان و ئاترۆپاتەن[٩] بریتی بوون لە ناوچەگەلێکی ئاوەدان بەڵام بەشی باکووریان وڵاتێکی شاخاوی بوو، کە هۆزێکی وەحشی وەک "کیرتی"[١٠] و هەر وەها خەڵکی سەحرانشین و رێگری وای تێدابوو، کە زەختیان دەخستە سەر ئەرمەنستان و[ئەم خەڵکە]، بەرەو رۆژهەڵات، بە چیاکانی زاگرۆسدا بڵاو ببوونەوە. سترابۆن، لەوە زیاتریش دەچێتە پێشێ و خاکی "گوردیەئی" وردتر دیاری دەکات- ئەو شوێنەی وا نووسەرانی پێشووتر بە "کەردوخی"[١١] ناویان بردوە، لە سەر لێواری دیجلەیان داناوە و گوتوویانە یەکێ لە شارە سەرەکییەکانی "پینەکە"[١٢] بوە کە "فینیک"ی[١٣] تازە بێت: "قەڵایەکی یەکجار قایمی هەبوو کە لە سەر سێ گرد دامەزرابوو و هەریەک لەو گردانە، دیواری تایبەت بە خۆی هەبوو بە شێوەیەکی وا

کە لە شارێکی سێ تۆێ دەچوو"؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرمەنییەکان رووخاندیان و ڕۆمییەکان بە هێرشێکی بێ ئەمان داگیریان کرد، ئەوەش لە کاتێکدا کە "گوردیەئی"یەکان [١٤] بە رواڵەت بینای باشیان دروست دەکرد و ئەزموونێکی زۆریان لە مەسەلەی ئابلۆقەدانی قەڵادا هەبوو و هەر بەو بۆنەیەوە، "تیگران"ەکان ([١٥]) لای خۆیان دایان دەمەزراندن. [١٦]

ئەو شوێنانەی وا سنووریان لە "کەردوێنی"[١٧] دەگەڕایەوە، بریتی بوون لە "ئەرزەنێ نی"[١٨] لە بەری رۆژئاوا، "زەبدێنی"[١٩] لە باشوور و "موخوێنی"[٢٠] لە باکوور. لەوپەڕی "باکوور" و لە رێگای زنجیرە شاخی "ئانتی توروس"[٢١] بە شانی باکووری گۆلی "وان"دا، کە ئەو دەم گۆلی "تۆس"یان[٢٢] پێ دەگوت، لە پشت چیای "نیفاتێس"ەوە[٢٣] تا چۆمی «ئاراس»، خاکی ئەرمەنستان بوو، لای باشووری رۆژئاوای ئەرمەنستان، ناوچەی "ئین گی لی نی"[٢٥] و "سۆفینی"[٢٦] هەڵکەوتبوون کە ئێستا، شاری "دیاربەکر"ە و لە "مەلاطیە"وە بە قەدرایی رێگای "ئامێد" دوور بوون. لە فاسیلەی نێوان ئەم ناوچەیەی دوایی [= "سۆفینی"] و "هییەراپۆلیس"[٢٧] کە ئێستا "جیرابلووس"ی پێ دەگوترێ، "ئوس روینی"[٢٩] هەڵکەوتبوو، کە پێتەختەکەی، بریتییە لە "ئورهای" (ئی دیس سا) [٣٠]. هەموو شانی باشووری [ئوس روینی]، لە لای خوارەوەی "زەبدیکێنێ"وە (Zabdikene)، مەڵبەندی "میزوپوتامیا"[٣١] دایگرتبوو، لەوپەڕی میزوپوتامیا واتە لە "کەردوینی"ەوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات، سەرانسەری ئەو خاکە شاخاوییەی پشت "ئەربیلا"[٣٢]یا "هەولێر" تا دەگاتە "دیەلەس"[٣٣]-کە "دیالە"ی ئێستا بێت، بە "ئەدیەبەنی"[٣٤] ناوی لێ دەبرا. "ئاترۆپاتەن"[٣٥]، کەوتبووە لای باکووری رۆژهەڵاتی "ئەیەبەنی"یەوە و پشت ئەویش، مەڵبەندی پان و بەرینی "ماد"[٣٦]بوو، کە سنوورەکانی بە تەواوەتی روون نین. [٣٧]

بەم پێ یە، مەڵبەندی کەونارای "کەردوین" ناوچەیەکی بچووک بوو، کە لە

ناو چیاکانی نێوان دیاربەکر و نەسیبەین و زاخۆدا، قوت ببوەوە ولەو ناوچەیەی وا ئێستا بە کوردستان دەناسرێ، گەلێک بچوکتر بوو. هەر چۆنێک بێت، سنوورەکانی "کەردوین" تا ئێستا بە نادیاریی ماونەتەوە. وا هەیە شەرحەکەی ستراببۆن لە هەموان وردتر بێت چون کاتێ پەسندی ئەو مەسەلەیە بکەین کە هەندێ کەس، چیاکانی "گوردیەئەن" بەو زنجیرە شاخانە دەزانن کە لە "تووروس"ەوە تا دراوسێیەتی "ئێ دیس سا" و "ئۆرفا"ی تازە و "نیسی بیس"[٣٨] (نەسیبەین) و ئەولاتر، کشاوە. دەبێ "سۆفین" پاشماوەی ئەرمەنستانی لە میزوپوتامیا جیا کردبێتەوە، لە کاتێکدا، خۆی دەڵێ چیاگەلێکن وا کەوتوونەتە بەرێکی دیجلە و لای سەرەوەی نەسیبەینەوە. [٣٩]

"پلین یووس"[٤٠] دەڵێ "گوردیەئی" بە "ئەزۆنی"یەوە[٤١] دەلکا- کە شاری تازەی "حەززوو" رەنگە ناوی خۆی لەو وەرگرتبێ.[٤٢] "فیلۆستۆرگیووس" لە "مێژووی کلیسایی"یەکەی خۆیدا تۆماری کردوە و دەڵێ: "دیجلە لە زەریای "هیرکانیان"ەوە[٣٤] دێتە خوارێ کە رەنگە نیازی لە گۆلی وان بووبێت، ئینجا کاتێ بە ئاشووردا تێپەڕ بوو، لە "کوردیەئە"وە، چەندلقێکی گرنگی دێنە سەر - ئەوەش ئاماژە کردنە بە هەمان ناوچە، لە بەر ئەوەی، جۆبارێکی بێ هەژمار لە چیاکانی سەرووی "نەسیبەین" و "جزیرە ابن عمر"ەوە دەڕژێنە خوارێ و دەچنە ناو "دیجلەوە"[٤٤] روون کردنەوەکانی "جولیوس هونوریوس" لەوەش زیاتر نزیک دەبنەوە، کاتێ کە دەڵێ "کوردوێنە"-کە ئەو، وەک شار ناوی لێ دەبات، دووچۆمی کری سوروئاس و دیجلە، دەورەیان داوە[٤٥].

ئاماژە کردن بە "کوردوینی" -یا خود وەک نووسەرە سوریانیەکان دەڵێن "قوردوو"، پێویست نییە خوێنەر بە خۆیەوە خەریک بکات، چون شوێنایەتییەکی روونی نییە و نووسەر و پەراوێزنووسی مەسیحی و مووساییش لێی دڵنیانین،

باس کردنیشی دەبێ بە مەزەندە بخرێتە چوارچێوەی ئەو رووداوە ئەفسانەییانەوە کە لەو شوێنەدا روویان داوە. گومان کردنێک کە زۆر جار دێتە پێشێ بریتیە لەوەی کە لە گەڵ ئەو خاکەدا وا ئاراراتی تێدا هەڵکەوتوە، بە یەک دادەنرێ. هۆی ئاشکرای ئەم بێخەبەرییەی نووسەرانیش ئەوەیە چیای ئارارات کەوتۆتە باکووری "وان" واتە نێوان گۆلەکە و چۆمی ئاراسەوە. گرنگایەتییەکەشی بۆ نووسەران لەوەدایە، سەرەتاکەی لە سەدەی سێهەمی پێش زایین، لە "بەرەسووس"ەوە داکەوتوە.[٤٧] واوێ دەچێ تاقمێکی دیکە لە مێژوونووسانی کلیسا، کە دنیا بە سەر کوڕانی نوح دا، دابەش دەکەن، "کوردوینی" بە بەشی کوڕانی "شێم"دا بنێن.[٤٨]

لە کاتێکدا نووسەرێک لە "تەلموود"ی مووساییەکاندا دەڵێ ئیبراهیم ماوەی حەوت ساڵ لە خاکی قەردوو مایەوە،[٤٩]، مێژوو نووسانی کلیسای سوریانی گەلێک جار قەردوو بە ناوەندێکی ئوسقوفایەتی نەستوری ناو دەبەن کە دەسەڵاتی بەسەر "گازەرتا"[٥٠] و "بازەبدا"دا[٥١] هەیە و پلەی کلیساییەکەی دەکەوێتە نێوان "بیلێد"[٥٢]و"ئەرزوون"ەوە[٥٣] کە[ئەم دوانە] لە مەڵبەندی نەسیبەیندان.[٥٤]

گەرچی مێژوونووس و جوغرافیزانانی عەرەب، "قەردا" و "بازەبدا"یان کەمتر بەناوە سوریانییەکەیانەوە ناو بردوە و ئەوەش رێگای بۆ ئەو چەشنە ناوانە خۆش کردوە، کە لە پێرستی قاموسەکانی خۆیاندا هاتوون، بەڵام "ئیبن خورداذبیە"(سەدەی نۆهەمی زایینی)، دیاردەیەکی جیاوازە. ناوبراو، لەو لیستەیەدا کە لە ناوی شوێنە سەرەکییەکانی "دیار ربیعە"ی پێک هێناوە، ناوی نصیبین، ئامێد، رأس عین، میافارقین، ماردین، بەعەربا، بەلەد سنجار، قەردا و بازەبدا دەبات و دەڵێ: "شاعرێک گوتوویەتی قەردا و بازەبدا، لە هاویندا بەهۆی ئاوی شیرین و ساردیانەوە، کە تامی سەلسەبیل دەدات، هەوارگەیەکی یەکجار خۆشن. سەلسەبیل، بریتییە لەخواردنەوە (یاخود زەریاچەیەک) لە بەهەشتی

موسولمانان‌دا[٥٥]. له چەند دێڕی دواتری نووسراوەی هەمان نووسەردا هاتوه که داهاتی "قەردا" و "بازەبدا" له سەردەمی ئەودا، ساڵی ۳,۲۰۰,۰۰۰ درهەم بوه له کاتێکدا داهاتی مووسڵ ۶,۳۰۰,۰۰۰، دیاربیعه ۹,٦۳٥,۰۰۰ و هی "ئەرزەن"[٥٦] ومیافارقین بەسەر یەکەوە، له ٤,۲۰۰,۰۰۰ درهەم تێپەڕیوه [٥٧]."

ناوی قەردا، دوای ابن خورداذبیه، له نووسراوەی نووسەره عەرەبەکاندا،بێ ناو و نیشان دەکەوێتەوە ئاشکرایه زانیاریەکانی[ ئەم نووسەرانه] له مەسەلەی "بڵاوبوونەوەی کورد"دا، گرنگایەتی زۆری هەیه. "الیعقوبی" کاتێ دەچێته سۆراغی هەمان سەدەی جێ باسی "ابن خورداذبیه"، دەڵێ: "زێدی کورد وڵاته شاخاوییەکانی بەری رۆژهەڵاتی عێراق و رۆژئاوای ئێرانه[٥٨]، که له سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا(۳٤-٤۳-٦۳٤ز)، روویان کرده "مەسیبذان"[٥٩] و "عەجەم"[٦٠] و "الصیمره"[٦١] ی "مرج الافیه"[٦٢]و هاوڕێ له گەڵ عەرەب، زوربەی دانیشتوانی "حەلوان"[٦٣] و "قەرمیسین"یان پێک دێنا[٦٤]، له کاتێکدا کورد له مەڵبەندی ئیسفەهانیش دەبینران[٦٥].

"ابن روستاه" (دەوروبەری ۹۰۳ز)، دەستنیشانی ئەوە دەکات که کورد، له دەشتاییەکانی عێراق و لای باشووری "المدائن"، له رەشماڵدا دەژیان[٦٦] و هەندێکی دیکەیان به زۆروزەبەندیی له نێوان رێگای "دەرەواستان"[٦٧] بۆ "مرج القلعه"دا[٦٨] کۆ ببوونەوە[٦٩].

ماوەیەک دواتر، "المسعودی"(دەوروبەری ۹٤۳ز)، هەواڵی بوونی کورد، له "جیباڵ" و ئازەربایجان دەدات که هۆزێکیان به ناوی "شوڕات"[٧١] بەوێدا تێپەڕ دەبوون و "مەزن"ی یەکێ له هۆزەکان به ناوی "ئەسلام" کوڕی "شادلیوەیه"[٧٢] له ناوچەیەکی بەرینی ئازەربایجان و ئەڕڕان[٧٣]و «ئەلبەیلەقان» و ئەرمەنستاندا حکوومەتی دەکرد.[٧٥] هەر ئەو دەڵێ ژمارەیەک مەسیحی یەعقووبی له ناو کورداندا هەبوون و له ناوچەی مووسڵ و چیای "جوودی" دەژیان.[٧٦]

هەمان نوسەر، لە کتێبێکی دیکەدا دەنووسێ کورد لە کرمان، سیستان، خۆراسان، ئیسفەهان، جیبال[٧٧]، کووفە و دەوروبەری وهەروەها، لە بەسرەی میزۆپوتامیادا دەبینرێن؛ کورد، بە گوێرەی نووسینی ئەو، لە هەندێ شوێنی دیکەی نێوان میزوپۆتامیا و ئێران واتە لە هەمەدان، شارەزوور، "دەراباذ"[٧٨]، "الصمیغان" [٧٩]، ئەڕڕان، ئازەربایجان و ئەرمەنستان، "جەزیرە"و تەنانەت لە "سووریا"شدا[٨٠] هەر هەبوون.

"اصطخری" لە باسی هەمان سەردەم (دەوروبەری ٩٥١ز)دا، ئاماژەی گوندێکی کورد دەکات لە "ئیسباداذ"[٨١] و شارێک بە ناوی "کورد"[٨٢]، کە ماڵەکانی لە خشت و قوڕ دروست کرابووون و کەوتبوە شوێنێک لە نزیک ئیسفەهان[٨٣]، هەواکەشی ئەوەندە سارد بوە کە دەغڵ و میوەی لێ بەرهەم نەدەهات[٨٤]. هەروەها لە ناوچەی "بازەنجان"[٨٥]دا، کورد بە سەرۆکایەتی سەرەک "شەهریان"[٨٥] عونسوری پێک هێنەری زوربەی دانیشتوانی شوێنەکە بوون[٨٧].

لە "جوغرافیای رۆژهەڵات"دا[٨٨] کە وا هەیە ئەویش کاری اصطخری بێت، نووسراوە: ژمارەی هۆزە کوردەکان لەوە زیاتر بوو کە بێتە هەژماردن. تەنیا مەڵبەندی "فارس"[٨٩] زیاد لە ٥٠٠هەزار "خانات"ی[٩٠] تێدابوو، ئەم خەڵکە خوویان بەوە گرتبوو زستان و هاوین لە لەوەڕگەکاندا بمێننەوە. هەندێ لە کوردە دەوڵەمەندەکان، زیاد لە دووسەد "سێرف"یان[٩١] لە شێوەی شوان، کرێکار، مەیتەر، پاڵە و خزمەتکاری ناو ماڵ رادەگرت[٩٢] و لە ناو ئەو شوێنانەی وا کوردی زۆری لێ بوون، ئاماژە بە شارەزوور و "شەهرەوەر"[٩٣] کراوە کە بە تەواوەتی لە دەستی ئەواندا بوون[٩٤]، هەندێکی دیکەشیان کەوتبوونە "صەڕوور"[٩٥] و "جەڕوور"[٩٦]ەوە[٩٧].

"ابن حوقل" (دەوروبەری ٩٧٨ز)، زانیارییەکی زۆر بەکەڵکمان پێ دەدات کاتێ دەڵێ لە هەندێ بەشی ئێراندا، بەرپرسی کۆکردنەوەی باجی هەموو ناحیە و

مەڵبەندێکی میریی، سەرۆکێکی، کورد بوو و کۆنترۆڵی تەواوی هەموو ناوچەکەشی بە پاراستنی ڕێگاوبانەشدا لە ژێر دەستدا بوو، زامنکاری تێپەڕبوونی ساغ وسلامەتی کاروان بەو جادانەشدا، بە لەبەرچاو گرتنی گشتی ی سوودی سوڵتانەوە، هەر ئەو کەسە بوو[٩٨].

لە کۆتایی سەدەی ناوبراو [دەهەم] دا،المقدسی(دەوروبەری ٩٨٥ز) باسی ئەو کوردانە دەکات وا لە خانووبەرەی قوڕین و بەردینی ناوچەی "دەبیل"دا[٩٩] دەژیان وشاری سەڵماس بە کورد دەورە درابوو و "قەندەرییە"[١٠٠] لە دراوسێیەتی هەمان شوێن دا، شارێک بوو کە کوردەکان خۆیان دروستیان کردبوو[١٠١].

بۆ ماوەی دوو سەدە، جوغرافینوسەکان هیچیان نەبوە لە سەر کورد تۆماری کەن و تا سەردەمی یاقووت (دەوروبەری ١٢٢٥ز)، هیچ زانیارییەکی گرنگ لە سەر کورد نەدراوە بەدەستەوە. لە ڕێگای ئەو [واتە یاقووت]ەوە بە هەواڵی پێنج "ضموم"[١٠٢] یا ناوچەی ئێران دەزانین کە کوردی تێدا نیشتەجێن،[١٠٣] هەر "ضم"ێک چەندین گوندو شاری دەگرتەوە. باجی ناوچەکە، کار بەدەستانێک کۆیان دەکردەوە کە کورد خۆی دایدەنان؛ ئەو کەسانە، هەروەها بەرپرسی یارمەتیدانی کاروانەکان لە خاکی خۆیان و ئەمین ڕاگرتنی جادەکان و دابین کردنی عەسکەر بوون بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕدا بچنە خزمەتی سوڵتان[نوسەر خۆی لەفزی سوڵتانی بەکار هێناوە. وەرگێڕ]. لە ڕاستیشدا، جگە لەو بێگارییانەی دەیاندا و پێشتر باسیان لێوەکرا، [ئەو پێنج "ضموم"ە] بە تەواوەتی سەربەخۆ بوون.

"ضموم"ی ناوبراو، بریتی بوون لە "زەنجان"[١٠٤]- لە نێوان ئیسفەهان و"ئەرڕزەنجان"دا[١٠٥]؛ "بازنجان"[١٠٦]- لە جیبال، کە بە مەزرای بە پیتی ناو دەۆڵەکانیەوە، بە ناوچەیەکی پڕ خێروبێر دەناسرا؛ "زیزان"[١٠٧] و "ریهان"[١٠٨]- لە نزیک "ئەردەشیر"[١٠٩] و "کاریان"( ١١٠ ) لە نزیک "کرونان"[١١١]. یاقوت هەروەها

دەڵێ دووشاری ئێران ناویان "کورد" بوو، "زەوزان"یش مەڵبەندێکی بەرینی نێوان چیاکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و دیاربەکرو موسڵ بوو کە فاسیلەی هەتا "خلاط"[113] دوو رۆژەڕێ و نزیک بە هەمووی دانیشتووانی، ئەرمەنی و کورد بوون.[114]

زانیارییەکی زۆر دەتوانرێ لەو نووسەرە[ یاقوت] وەربگیرێ، کاتێ دەڵێ کورد لەم شوێنانەی خوارەوەدا نیشتەجێ بوون: "بەرذعە"-کە شارێک بوو و بە ناوی "دەروازەی کوردان"ەوە ناوی لێ دەبرا[115]؛ "بەیضا"-کە عەلی کوڕی حەسەنی تێدا دەژیا، "جورذەقیل"[117]- کە "بوختییە"شی[118]پێ دەگوترا و کەوتبوە "زەوزان"ەوە[119]؛ "دەشت" کە شارێک بچوکی نێوان هەولێر و تەورێز [120]بوو؛ "دەوین"[121]ی نزیک ئەڕران لە سەر سنووری ئازەربایجان و شوێنی ئەسڵی بنەماڵەی ئەییووبی[121]؛ "سابوور"- لە نزیک شیراز [122]؛ "سەرماج"[123] لە نێوان "هەمەذان" و "قووجستان"[124]-شارێک کە هی "بەدر کوڕی حوبییوەیە"ی[125] کورد بوو، هەر ئەویش بۆ ماوەیەکیک درێژ، خاوەنی "سابوورخاست"[126] و "سیسەر" لە هەمەذان بوو[127]؛ "شەرماخ"[128]-کە خۆیان، هەر هەموو شارەکەیان بەو کەل و پەلەی وا لە"نەهاوەند"ەوە هێنابوویان، دروست کردبوو،[129] لە گەڵ "شارەزوور" کە دانیشتوانی بە یاغی و سەربزێو ناتۆرەیان دەرکردبوو."[130]

[ یاقووت]، هەروەها حیسابی ئوستانی فارس دەکات و دەڵێ ٥٠٠ هەزار رەشماڵی هۆزەکوردەکانی لێ هەڵدرابوو، کە هاوین و زستانیان لە لەوەڕگەکاندا دەبردەسەر[131]؛ لە "قوهستان"[132]، سەرجەمی خاکی بەرفراوانی نێوان شارەکانی، کورد و هۆزی خێڵەکی دیکەی تێدا دەژیان و خەریکی لەوەڕاندنی بزن و مەڕ بوون[133]؛ هەروەها، کوردی دیکە، بەشی زۆری لوڕستانیان داگرتبوو.[134]

لە ناو شارە گەورەکانی کوردستاندا، ناوی "ئەلەین"[135]، "ئەلشتەر"[136]، "باز"[137] قەڵای "زەوزان" کە هی کوردە "بوختی"یەکان بوو[138]، "خوفتیان"-

شوێنێکی قایم لە سەر چۆمی زاب (١٣٩)، "خوشەن"-کە بە خاکی بەپیت و شێوەی ئاودێریی باش و دەغڵ و گەنم و میوەی هەمە چەشنەوە، نێوبانگی دەرکرەبوو(١٤٠). دووشـــاری بچـــووک بە ناوی "دەربەند"(١٤١) و "مـــاهی ئاباد"(١٤٢) و هەر وەها «عەللوس» کە قەڵای سەرەکی کوردی بوو(١٤٣)، لە گەڵ "هەرسین" (١٤٤).

[یاقـووت] هەروەها ئامـاژە بە شـوێنێک دەکـات کـە، زێدی خـەڵکێکی "بەشێـوە کـورد"ە(١٤٥) و بەناوی "بەللوس"(١٤٦)ەوە ناسـراوە؛ دووغموونەش لە شـوێن دانانی خراپی کورد لە سەر ناوچەگەلێک دێنێتـەوە کە بە مەڵبـەندی ئەوان[واتە کورد]ەوە لکابوون: "[شاری] دوڕالڕاسبی"(١٤٧) لە "قووزستان"، زۆرێکی لە تاڵان وبڕۆی ئەوان رەنج بینیبوو،(١٤٨) هەروەها "مەرەند" شارێک لە ئازەربایجان، بەهۆی درێژەی هێرشکاری کورد و بەردەوام بوونیان لەو هروژمانە و دەست بە سەر کردنی خـەڵکەکـەوە، گـرنگایەتی پێـشـووی خـۆی لە دەست دابوو و نیـوە وێران کەوتبوەوە.(١٤٩)

نزیکەی سەدەیەک دواتر، "مستوفی" (دەوروبەری ١٣٤٠ز)، باسی خەڵکی "نەهاوەند" دەکات کە زوربەیان کوردی شیعە و لەسەر رێبازی دوازدە ئیمامی بوون و شارەکـەیان مەرکەزی ژمـارەیەکی زۆری سوارەی کـوردە دەوارنشـینیـەکان بوو و دەبوایە سـاڵی دوازدە هەزار سـەر مـەڕیان لە بری باجی عـادەتی بدایە(١٥٠). لە شـوێنێکی دیکەدا دەڵێ "شـارەزوور"، قـوبادی سـاسـانی بنیـاتی نـاوە، هۆی ناونرانەکەی بە" شاری زۆروهێـز"یش ئەوەیە حاکـمەکانی هەمیشـە کورد بوون و هەرکەس دەسەڵاتی زیاتری هەبوایە، دەکرایە حاکم(١٥١).

دوا گەڕۆک و جوغـرافینووسی گەورەی عـەرەب کە، سەری لە خاکی کوردان دابێت، "ابن بطوطە"یە (دەوروبەری ١٣٥٥ز). ابن بطوطە بە لای کوردە رەشماڵ نشینەکـانی "رامـهـورموز"دا تێپـەڕی، کـە خۆیان لە عـەرەب بە کـەمـتـر دەزانی. بۆچونەکەشیان، بێگومان لەو راستیەوە سەری هەڵدابوو، کە کوردەکان بە درێژایی

ساڵ، لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی ناو ڕەشماڵەکانیاندا، شوێنی عەرەبیان ڕەچاو دەکرد. لەلایەکی ترەوە، ژمارەی ڕەشماڵی کورد[لەو شوێنەدا]، یەکجار کەم بوو. [١٥٣]

ابن بطوطه، دانیشتوانی "حیللە"ی میزوپوتامیای وەک دوو بەرە چاوپێکەوت کە یەکەمیان بە "خەڵکی دوومزگەوت"[١٥٥] و دووهەمیان، بە "بەشی کورد"[١٥٦] ناو دەبرا. شەڕو نێوان ناخۆشییەکی زۆر لە نێوان ئەو دووبەرەیەدا، دەبینرا[١٥٧]. هەروەها، چاوی بە "سنجار" کەوت کە خەڵکەکەی خاوەن ئازایەتی و بەخشندەیی بوون و "شێخ"ە پیرۆزو لە خواترسەکەیان -عبدالله کورد، بە گوێرەی ئەو ئاکارو کردەوانەی وا لیێی تۆمار کردوە، خاوەن "کەرامات" بوو و چل ڕۆژان ڕۆژووی دەگرت و بە دەنکە خورمایەک بەربانگی دەکردەوە.[١٥٨].

بەم پێیە، کورد بریتی بوون لەو خەڵکەی وا بە شێوەیەکی بەر فراوان، لێرەو لەوێ بڵاو بوونەتەوە و ئاوارەیی کێشاونیەتە شوێنگەلێکی جۆربەجۆر- لە هەمەدان و خۆراسانەوە بگرە، هەتاسەرسنووری ئاسیای بچووک و "سومەیساط"[١٥٩] و "مەلاطیە"[١٦٠]. بەڵام لە سەدەی دوازدەهەمی زاینیێدا، سەنجەر- ئیمپراتۆری سەلجووقی[ئێران]، ئوستان (=محافظە)یەکی تازەی [بە ناوی کوردستان]، لە نیوان ئێران و عیراقی عەرەبدا پێک هێنا و خستیە ژێر حوکمی برازای خۆی- "سولەیمان شاه"ەوە.

مغولەکان، دووسەدە دوای ئەو، لە کاتێکدا ئەم ئوستانەیان ناسی، کە کوردستان بە هۆی پێوەلکانی باریکە خاکێکەوە، کە پێشتر بەشێک لە عیراقی ئێران[١٦١][واتە عیراقی عەجەم]ی پێک دێنا، پەرەی سەندبوو.[١٦٢]

مستوفی جوغرافینوس، سنوورەکانی ئوستانی کوردستان بە شێوەی خوارەوە دیاری دەکات: "سنوورەکانی بریتی بوون لە عیراقی عەرەب، قوزستان[=خوزستان]، عیراقی عەجەم، ئازەربایجان و دیاربەکر."

هەر ئەو ،دەنووسێ: "هەرچەندە لە سەردەمی سەلجووقدا، داهاتی ئوستانەکە دوومليێون دینار بوو [١٦٣]، بەڵام لە سەردەمی ئەو[=مستوفی]دا، گەیشتۆتە نزیکەی ٢٠١,٥٠٠ دینار. لە ناو شارە گەورەکانی [ئەم ئوستانە]دا، مستوفی ئاماژە بە چەند شارێک دەکات کە ئێستا ناناسرێنەوە و بەتایبەت دەڵێ خەڵکی "دەربەندی زەنگی"[١٦٥] دز و رێگر و خراپ بوون"[١٦٦].

## پەراوێزی وتاری دووهەم

**ئەم وتارە، لە سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە**

(1)

G. R. Driver,
'The Dispersion of the Kurd in Ancient Times',
Journal of the Royal Asiatic Society, London,
October 1921, pp. 563-572.

(2) Historic times
(3) Karduchia
(4) Corduene
(5) Gordiaea
(6) Qardu

(7) ئەو ریشـەیەی کـە هەمـو ئەو ناوانەی گـرتبـێـتـەوە، لەوە دەچێت "Gortu" بێت کـە ئەرمەنییەکان بەهۆی زیادکردنی kh لە کۆتایی وشەکەدا، کۆی "گورتوخ Gortukh"یان بە واتای "کـوردان" لێ دروست کـرد؛ لەم وشـەیەوە، یۆنانیـیـەکـان وشـەی(Kardoüxi)یان وەرگـرت و دوابەشە ئەرمەنییـەکەیان- وەک لە هەندێ بیـچمی "ئورارمەنی" [=ئەورووپی-ئەرمەنی] کـە سەردەمی گزنەفۆندا دەبینرا، هێشتەوە و ukh-ەکەیان گۆڕی و کردیان بە دوابەشی هاوچەشنی لەزمـانی یۆنانیـدا - واتە oüxus. هەمـان دیاردە، لە نووسـراوەی گـزنەفـۆن، لەو شـوێنەدا دەردەکەوێ کە باسی هۆزێکی دراوسێیان دەکات و بە Täoxoi ناویان دەبات
( ئاناباز ,17, 5, v, 1, v, 5, 6, 18, 4, iv).

"سـتـێـفـانووسی بیـزانسی" (Stephanus of Byzantium)ش دەڵێ هۆزی ناوبراو، لە لایەن "سۆفائێنتوس"ەوە بە Tåol ناو براوە. بڕوانە:

Steph. Byz., s.v. Tåoxoi: Sophaen. , fragm. 4, in Müller's
Fragmenta Historicorum Graecorum, vol. ii, p. 75.

پاشـان ، دوا بەشـە ئەرمـەنیـیـەکـەی-واتە دوابەشی aios یا nvös ی یۆنانی لێ زیادکـرا و roröiaios و Karövnvösیان پێک هێنا کە ئەویش چوە ناو زمانی لاتینییەوە.

(8) Qarda
(9) Atropatene
(10) Kyrtii
(11) Karduchi
(12) Pinaka

(13) Finik
(14) Gordiaei
(15) [شاهانی ئەرمەنستان .وەرگێڕ]
(16) Strabo, Geographica, xi, 13, p. 523 and xv, 3, 1.
هەروەها بڕوانە:
Theaphylactus Simocatta, Historia, ii, 10, 3
(17) Carduene
(18) Arzanene
(19) Zabdiene
(20) Moxoene
(21) Antitaurus
(22) Lake Thospitis
(23) Niphates
(24) Araxes
(25) Ingilene
(26) Sophene
(27) Hierapolis
(28) Jirablus
(29) Osrhoene
(30) Urhai (Edessa)
(31) Mesopotamia
(32) Arbela
(33) Dialas
(34) Adiabene
(35) Atropatene
(36) Media
(37) Strabo, ib., ii, 1, p. 26; xi, 14, pp. 527& 529 ; xii, 13, p. 532; xvi, 1, pp. 736, 739 and 746.
(38) Nisibis
(39) هەمان ، Ib, ib., xi, 12, p. 522,
بەتلەمیووس لە ٤٠-٧٥/٣٩ دەرەجەی داناون. بڕوانە: Geographia,v, 12, 3
هەروەها بڕوانە v, 12, 9.
(40) Plinius

(41) Azoni
(42) Hazzu
(43) Plinius, Historia Naturalis, vi, 30, 118
(44) Hyrcanian
(45) Philostorgius, Historia Ecclesiastica, iii, 7.

که تێیدا، "سووریا"(Syria) هەڵەیە و دەبێ ئاشور (Assyria) بێت. ئەم دێڕانە لە سەرچاوەی خوارەوەدا تۆمار کراون:

Nicephorus Callistus, 'Historia Ecclesiastica', ix, p.19.

(46) Araxes
(47) Berossus Fragment No. 7, in 'Bibliotheca Graecorum Scriptorum', vol. ii, pp. 501-2; Josephus, 'Antiquitates', i, 3, 6; Eusebius, Onomasticom, p. 208, s.v. Ararat; 'Chronicom' (ed. Karst), p.11; 'Epiphanius Adversus Haereses', i, 1, 4.

که بە خاکی "کەردیەی" ناوی دەبەن؛ هەروەها:

Die Schatzhohle (ed. Bezold), Syr. p. 98, Arab. p. 99;
Ibn Khurdadbih, Al-Masalik wa 'l-Mamalik (ed. de Goeje), pp. 76 and 245

که گوتوویە گەمییەکە، لە سەر چیای ئارارات نا، بەڵکو لە سەر"جەبەل جودی" لە "قەردا" گیرساوەتەوە.

Dionysius of Telmahre in 'Asseman's Bibliotheca Orientalis', vol. ii, p. 113.

(48) Epiphanius Adversus Haereses, ii, 2, p.82;
Chronicon Pascale (ed. du Fresne), 31d.
(49) Babylonian Talmud, Baba Bathra, 91a
(50) Gazarta
(51) Bazabda
(52) Beled
(53) Arzun
(54) "Primates Orientis", in 'Asseman's Bibliotheca Orientis', ii, p. 548; Bar Hebraeus (ib), ii, p. 262; Thomae, Historia Monastica (ib), iii, pt. i, p. 499; Amri et. Sliba de patriarchis Nestorianorum Commentaria (ed. Gismondi), p. 80

نووسەرێکی دیکەی سوریانی دەڵێ  بۆ ئەوەی پێشی ئەو تالآنچییە ئێرانییانە بگیرێ کە سنووریان تێپەڕ دەکرد، پێویست بوو دوو قەڵا دروست بکرێت. تالآنچییەکان، دەخزانە ناو "قەردا" و "ئەرزوون" (Arzun)ەوەو چەپاوی "نەسیبەین" و "راس العین"یان دەکرد، کە پێتەختی بەشان و شکۆی دوو مەڵبەندی ناوبراو بوون. بڕوانە:

Wright, 'Catalogue of Syriac Manuscripts' at Cambridge, p. 1136, col. ii

(55) Ibn Khordädbih, op. cit., p. 95

(56) Arzan

(57) Id., ib, p. 251

(58) Al-yaqubi, "Al-Buldan" (ed. de Goeje), in 'Bibliotheca Geographorum Arabicorum', vol, vii, p. 236.

(59) Masibdhan

(60) 'Ajam

(61) As-Saimarah

(62) Marj-ul-Afyah   بڕوانە: الیعقوبی، هەمان، ل. ٢٧٠، لە ژێر ناوی "الصیمرە"دا.

(63) Hulwan

(64) Id., ib, 270, s.v. Hulwan [=قرمیصین= کرماشان]

(65) Id., ib., p. 275

(66) Ibn Rustah, Al-A'läqu-un-Nafiasah (ib), vol., viii, p. 128

(67) Darawastan

(68) Marj-ul-Qala'ah

(69) Id, ib., p. 165

(70) Al-Mas'udi, Murüj-udh-Dhahab (ed. de Meynard and de Courteille), vol. iii, p. 253.

(71) Shurat

(72) Aslam Ibn Shadliwaih

(73) Arran [ئەڕران یا ئالان بە ئازەربایجانی باکووری دەگوترێ. شاری قەدیمی ئەڕران ناوی "بەردەعە" بوە. یۆنانی و رۆمی بەناوی "ئالبانیا"وە ناسیویانە و ئەرمەنییەکان ناوی "ئاغوانک"یان لێ ناوە. عەرب، ناوی فارسی "ئاران"یان کردۆتە ئەڕران. بڕوانە: دکتر محمد معین، فرهنگ معین، امیرکبیر، تهران، ١٣٦٤، ماده "اران"].

(74) Al-Bailaqan

["بیلقان" شارێکی ئەڕران و سەر بە "شیروان" بوە، لە چاردە فرسەخی باشووری بەردەعە و

حەوت فرسەخی باکووری چۆمی ئاراس هەڵکەوتبوو، بەڵام ئێستا وێران بوە. فرهنگ معین، پێشوو، مادەی "بیلقان"].
(75) Id. ib, vol. v, p. 231
(76) Id. ib, vol. iii, p. 253
(77) [ناوی ناوچەیەکی بەربڵاوی مەرکەزو رۆژئاوای قەدیمی ئێران بوە، لە لای رۆژهەڵاتەوە سنووری لە خۆراسان گەڕاوەتەوە و لە باکورەوە کێوی "ئەلبورز"، لە باشوورەوە "فارس" و خوستان و لە رۆژئاواوە ئازەربایجان هاوسنووری "جیبال" بوون، فرهنگ معین، پێشوو، مادەی "جبال"].
(78) Daräbädh
(79) As-Sämighän
(80) المسعودی، التنبیه والاشراف، بەرگی ٨، لل. ٨٨ تا ٩١؛ لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بە "علی بن داود"ی کوردی، وەک سەرۆکێکی خاوەن ئیعتیباری کورد لە نزیک جەبەل جوودی لە خاکی "زەوزان" (یا زەوەزان) دەکات (هەمان ل ٥٤). یاقوت، "زەوزان"ی بە "مەڵبەندێکی رازاوە لە نێوان چیاکانی ئەرمەنستان، خیلاط، ئازەربایجان، دیاربەکر ومووسڵ داناوە کە دانیشتوانی ئەرمەنین گەرچی خێزانی کوردیشی لێیە." لە نووسراوەکەدا، بێگومان ژمارەی دانیشتوانی کورد، زۆر بە کەم نووسراوە. بڕوانە معجم البلدان،٢، ٩٥٧، لە ژێر مادەی "زەوزان"دا.
(81) Isbadadh, See: Al-Istakhri, 'Masälik ul Mamalik' (ib), p. 283
(82) Kurd, See: Id, ib, p. 103
(83) Id, ib, pp. 125-6
[دوورنییە ئەم شارە، هەمان "شهر کرد"- مەرکەزی ئوستانی "چوار مەحاڵ و بەختیاری" لە ئێران بێت. وەرگێڕ]
(84) اصطخری، هەمان، ل. ١٣٧. هەروەها ابن حەوقەل (دەروبەری ٩٧٨ز) باسی شاری "کورد" دەکات (المسالک و الممالک، هەمان شوێن، ل. ١٨٢ تا ١٩٦) بەڵام بەپێچەوانە، دەڵێ کەوتۆتە ناوچەیەکی زۆر بە پیت و بەرەکەتەوە (هەمان، ل. ٢١٤-١٩٧). لە شوێنێکی دیکەدا، الاصطخری نووسیویە و دەڵێ سەرۆکی کورد لەم مەڵبەندە، "ئازارمەرد" کوڕی "خووشاذ"، دژ بە سوڵتان راپەڕی بەڵام تێک شکاو هەڵاتە "ئومان" و هەر لەوێش مرد. ئەمیری جێگری ئەو، "الحسین بن صالح" بوو کە تا سەردەمی "عمروبن لیث[صفاری]" حکوومەتی ناوچەکە لە دەست ئەو و بنەماڵەکەی دا بوو، ئینجا [عمرو] لە سەر حوکمی لابردن و ئەمارەتی دا بە "ساسان کوڕی غەزوان" کە ئەویش هەر کورد و لە هەمان بنەماڵە بوو و تا سەردەمی اصطخریش هەر مابوون (هەمان ل. ١٤٥).

(85) Bazanjan
(86) Shahriyan
(87) Id. ib, p. 145
(88) Oriental Geography
(89) [فارس، بریتییە لە ناوچەیەک لە باشووری ئێران کە پێشتر بەشێک بوە لە "جیبال" و
ئێستا ئوستانێکە مەرکەزەکەی، شاری "شیرازە"ە].
(90) Khanat
(91) Serfs
(92) [Istakhri], 'Oriental Geography' (ed. Ouseley), p. 83
(93) Shahrawar
(94) Id, ib, p. 171
(95) Sarur
(96) Jarur
(97) Id. ib., p. 92
(98) ابن حەوقەڵ، هەمان، لل. ٧-١٨٥. ناوبراو، هەروەها ئاماژە بە "قریەالاکراد" یا گوندی
کوردان لە ناوەڕاستی ناوچەی "ئیسداباز" لە خوراسان دەکات (هەمان، ل ٣٣١).
(99) Dabil ["دەشتە بێڵ"؟]
(100) Qandariyah
(101) Al-Moqaddasi, 'Ahsan-ut-Taqasim' (ib), p. 277
(102) Zumum
(103) Yaqut, 'Mu'jam-ul-Buldan' (ed. Barbier de Meynard) pp. 263, 410
دوورنییە، یاقوت قسەکانی خۆی لە "ابن حەوقەل" ورگرتبێ، کە لە سەرەوەتر باسمان کرد.
(104) Zinjan
(105) Arrajan
(106) Bazinjan
(107) Zizan
(108) Rihan ریهان
(109) Ardashir
(110) Kariyan
(111) Kirunan, Id, ib., pp. 263-4
(112) Id. ib., p. 479
(113) Khilat
(114) Id. ib., p. 290.

(115) Bardha'ah, See: Id. ib., p. 92,(Gate of the Kurds).
(116) Baida, Id. ib., pp. 128, 479-80.
(117) Jurdhaqil
(118) Bukhtiyah
(119) Zawzan, Id. ib., p. 158
(120) Tabriz, Id. ib, p. 233
(121) Dawin, Id. ib., p. 246
(122) Sabur, Id. ib., p. 294
(123) Sarmaj [دوور نییه ساوەج یا "ساوە" بێت]
(124) Qujistan
(125) Badr ibn Hubbiwaih
(126) Saburkhast, Id. ib., p. 311
(127) Sisar, Id. ib., p. 335; Al-Balädhuri, 'Futüh-ul-Buldan' (ed. de Goeje), p. 310(= 358).
(128) Sharmakh.
(129) Yaqut, op. cit., p. 349
(130) Id. ib., pp.356-8
(131) Id. ib., p. 412
(132) ["قهستان" بە عەرەبی کراوی "کوهستان" و ناوی کۆنی ناوچەیەکە لە خۆراسانی باشووریی، لە نێوان "یەزد" و "خۆراسان".]
(133) Id. ib., p.466
(134) Id. ib., p. 504
(135) Alain, id. ib, p. 51
(136) Alistar, id., ib., p. 52
(137) Baz, id, ib., p. 123
(138) Id. ib., p. 76
(139) Khuftiyan, Id. ib., p. 210
(140) Khushan, id. ib., p. 219
(141) Darband, id, ib, p. 228
(142) Mahi-Abad, id. ib. , p. 516
(143) 'Allüs, id. ib., P. 404
(144) Harsin, Id, ib., P. 594
(145) Like the Kurd

(146) 'Balus, id, bi., p. 115
(147) Dur-ar-Rasibi
(148) Id. ib., p. 240
(149) Id. ib., p.524
(150) Mustaufi, 'Nuzhat-ul-Qulub' (ed. Le Strange), p. 76
(151) Id. ib., pp. 105-7
(152) Ramhurmuz
(153) Ibn Batutah, 'Voyage' (ed. Defremery and Sanguinette), Vol. ii, pp. 22-3.
(154) Hillah
(155) People of the Two Mosques
(156) Kurdish Party
(157) Id. ib., vol. ii, p. 97
(158) Id. ib., vol. ii, p. 141
(159) Somaisat

(160) له دەرەوەی کوردستانیش وە نەبێ کورد سەرگەردی دەشت و سەحرا بووبێتن. "ابن الاثیر" باسی کوردی سووریا دەکات کە حاکمی "حەڵەب"ن. ئەو کوردانە، لە ساڵانی ١٠٨٢ و ١٠٨٣دا بۆ بەرگری کردن لە هروژمی "توتووشی سەلجوقی" داوای یارمەتییان لێ کرا (کامل، ١٠، ٨٢). ناوبراو، لە باسی رووداوەکانی بیست ساڵ دواتردا، باسی نیشتەجێ بوونی کورد دەکات، کە لە ساڵانی ١١٠١ و ١١٠٢ی زایینیدا، بە ئاشتی و هێمنی لە گەڵ دراوسێ عەرەبەکانیاندا، لە لێواری "خابوور" Khabur دەژیان (کامل، ١٠، ٢٣٦).

"ابن خلدون" (دەوروبەری ١٣٣٢ تا ١٤٠٦ز)، لە کتێبی "مێژوی بەربەر"ی خۆیدا (History of the Barbars) باسی بوونی کورد لە مەراکیش دەکات (بەرگی ٣، ل.٤١٣). هەروەها "ئەولیا" [چەڵەبی] -گەڕۆکی تورک، لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە لێواری باشووری زەریای رەش، تووشی چەند کۆمەڵگایان هاتوە. من دەبێ ئەوەی لێ زیاد بکەم و بڵێم شاهیدی بوونی کورد لە سووریا لە سەردەمی زۆر کۆندا، "حصن الاکراد" یا قەڵای کوردانە کە قەڵایەکی قایم بوو و دەکرێ بگوترێ لە بەرزاییەکی ئەوتۆی "لوبنان" هەڵکەوتبوو کە دەستی کەسی پێ نەدەگەیشت.

(161) [عێراقی ئێران یا عێراقی عەجەم، بەشێک بوە لە "جیبال" کە ئیسفەهان، کرماشان، کوردستان، شیراز و ئەڕاکی سوڵتان ئاوا و..هتدی گرتۆتە بەر.]

(162) بڕوانە: "لێ سترنج"، «خاکی خەلافەتی رۆژهەڵات و مێزوپوتامیا و ئێران لە ژێر حوکمی مغولەکاندا».

(163) نزیک بە یەک ملیۆن لیرەی سترلینگ

(164) نزیکەی ١٠٠,٧٥٠ لیرەی سترلینگ

(165) Darbandi-Zanki

(166) Mustaufi, op. cit. pp. 105-7

## وتاری سێهەم:

# تـوێژیـنـەوە لـە مێژووی کورد(١)

*له سەرەتای ئەم وتارەدا، نووسەر حەزدەکات بەهۆی هاوکاری کردنی پرۆفیسۆر "د.س.ماگۆلیووس"ەوە کە ئیجازەی خوێندنەوەی نووسراوە چاپ نەکراوەکانی "ابن مسکویە"ی پێ دا، هەروەها "شیخ م.ه.عبدلرزاق" - کە گەلێک سەرچاوەی مێژوونوسانی عەرەب، بەتایبەت "کامیل"ی "ابن اثیر"ی پێ ناساند، سپاسی خۆی رابگەیێنێ.*

تەنانەت لە رۆژگاری ئێمەشدا، هیچ بەڵگەیەکی سەلماو لە مەڕ بنەچەکی کورد بەدەستەوە نییە. مەسەلەکە، بۆ نووسەرانی کۆن کە بۆچوونەکانیان بەتەواوەتی تێکەڵاوی ئەفسانە بوە، لەوەش زیاتر تاریک بوو. هەرچۆنێک بێت، وەک دیاردەیەکی گشتی، تۆێژینەوەی کەم لە سەر کورد کراوە، بە چەشنێک کە وێ ناچێ تایبەتمەندیەکانی ئەم مەسەلەیە تا سەردەمێکی درەنگتریش ببن بە دیاردەیەکی گشتی و تەنانەت ئەو دەمیش بەتەواوەتی بۆ زانایانی رۆژهەڵاتناس روون ببنەوە. تاقە جیاوازییەکی نیسبی لەم یاسایەدا، "سترابۆن"- جۆغرافینووسی یۆنانی سەدەی یەکەمی پێش زایینە، کە لە نوسراوەی خۆی سەبارەت بە "گوردیەئە"[٣]، واتە ئەو ناوچەیەی وا بۆی هەیە لە گەڵ بەشێکی خاکی کوردستاندا یەک بگرێتەوە، ناوی "گوردیس"ی[٤] کوڕی "تریپ تۆلیمووس"[٥]وەک سەرەک هۆزێکی قارەمان و باپیرەگەورەی "گوردیائی"[٦] تۆمار دەکات[٧].

نووسەرانی عەرەب، رووناکی زیاتریان خستۆتە سەر مەسەلەکە. "مەسعوودی" جوغرافینووس، کە ژیان و نووسینەکانی هی دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی دەهەمن، دەکرێ بڵێین زانیارییەکی تەواوی لە سەر بنەچەکی کورد داوە بە دەستەوە، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاستییەش بین کە مەسعوودی بۆچوونەکانی خۆی وەک ئەزموونکاری و شتێکی ئەفسانەیی سەیر دەکات.

مەسعوودی لە سەرتای باسەکەی خۆیدا خوێنەر ئاگاداری ئەو راستییە دەکاتەوە کە لە مەڕ مەسەلەکە، دڵنیا نییە، ئینجا زانیارییە گردوکۆ کراوەکانی خۆی سەبارەت بە باسە پڕسوودەکەی، دەخاتە روو و دەڵێ: بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە، کورد وەچەی رەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعەدی کوڕی عەدنانی کوڕی بەکووی کوڕی وائیلن و لە سەردەمێکی زۆر زووەوە، لە ئەنجامی هەندێ رووداوی دەستنیشان کراودا، خۆیان لە عەرەب جیاکردۆتەوە و لە چیاو دۆڵی نزیک بە شارەکانی ئێران و شوێنی دیکەدا، نیشتەجێ بوون. جا بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە کە ئیتر ئاورێکی ئەوتۆیان لێ نەدراوەتەوە، لە شوێنە تازەکانی خۆیاندا، زمانی ئەسڵییان لە بیر چۆتەوە و زمانێکی بێگانەیان پێک هێناوە، بەم پێ یە، هەر هۆزێک بە شێوە زمانی تایبەت بە خۆی دواوە.

هەر چۆنێک بێت، کەسانی دیکە دیعایەی ئەوە دەکەن کە کورد لە"موزەر"ی کوڕی "نزار" کەوتۆتەوە و لە رەگەزی کوردی کوڕی مەردی کوڕی صعصعەی کوڕی هەوازنن. ئەم خەڵکە، زێدی خۆیان - کە ئێستا ناناسرێتەوە، لە ئاکامی شەڕ و پێکدا هەڵپڕژان لە گەڵ"غسانی"یەکاندا بەجێ هێشتووە و کۆچیان کردوە.

ئەوانی تر، لێ ی زیاد دەکەن و دەڵێن کورد، وەچەی رەبیعە و موزەر بوە کە بە دوای دۆزینەوەی ئاو و لەوەڕگەدا، بەرەو چیاکان کشاونەتەوە و بەهۆی هەڵس و کەوتیانەوە لە گەڵ بێگانان، زمانێکی ناوچەییان پێک هێناوە و ژیان لە داوێنی زنجیرەچیاکانی ئێران و کوردستانیان بە باشتر زانیوە.

ئەوەی دوایی یان، حیکایەتێکە، کە مەسعوودی لە هەموانی بە وێچووتر ناسیوە و بە ڕواڵەت، لە گەڵ نەریتێکدا یەک دەگرێتەوە کە لە سەردەمێکی دوور لە بیرەوەرییەوە، لە ناو چەند هۆزێکی تایبەتی ناوچە دووره دەستەکانی سووریا و ئازەربایجاندا، پشتاوپشت هاتوە؛ بەڵام مەسعوودی دوو ئەفسانەی دیکەشی لێ زیاد دەکات کە لە کاتی توێژینەوە لە مەسەلەکە، بەرگوێی کەوتوون. یەکەم ئەو حیکایەتەیە کە هەندێ کەس بنەچەکی کورد دەبەنەوە سەر کەنیزەکانی حەزرەتی سولەیمان. ئەم داستانە، دەگێڕێتەوە و دەڵێ کەنیزەکان لە میراتی سولەیمان بێ بەش کران و هەندێکیان وەها کافر بوون کە ناوی جندۆکەیی "جەسەد"یان لە منداڵەکانیان نا. جا، کاتێ سولەیمان -بەحوکمی خوداوەند، گەڕایەوە سەر حوکمی پادشاهی، بە هەواڵی منداڵەکانی زانی و لە گەڵ دایکەکانیاندا بەرە و چیاو دۆڵ شاربەدەر، واتە"کەرد"ی[٩] کردن. ئەوانیش لە شوێنی تازەی خۆیان وەچەیان لێ کەوتەوە و ژمارەیان چوە سەرێ. هەر ئەو کەسانە، بوون بە باوک و باپیرانی کورد.

ریوایەتی دووهەمی مەسعوودی زۆر لە یەکەمیان جیاوازە و دەڵێ لە رابوردوودا، زۆردارێک بەناوی "ضحاک ذوالافواه" هەبوە کە دو ماری لە سەرشان رواون. خواردنی مارەکان، مێشکی مرۆڤ بوە. ئەو کوشت وبڕەی وا دەست و پێوەندی ضەحاک بۆ گەیاندنی خواردن بە مارەکان دەیانکرد، بوە هۆی تووڕەیی ئێرانییەکان و دوای کۆکردنەوەی هێزێکی بەرچاو، کە سەرۆکایەتی بە "عەفرەیدوون"ی جندۆکە بوو، "ضحاک"یان دەرپەڕاند و لە چیای "دەنباوەند" زیندانییان کرد. بەڵام وەزیری ضحاک درێژەی دا بە کوشتنی رۆژانەی مرۆڤێک و تێکەڵ کردنی خوێنەکەی[فیردەوسی دەڵێ مێشکەکەی. وەرگێڕ] لە گەڵ خوێنی بەرانێکدا، ئینجا ئەو خواردنەی دەرخواردی مارەکان دەدا.

له ئەنجامدا، ئەو ئێرانییانەی وا لەم چارەنووسە رزگارییان بوو، هەڵاتنە چیاکان و لەوێ ژیانێکی وەحشییانەیان دەبردە سەر، پاش ژن هێنان و منداڵ لێ کەوتنەوە، هەر ئەو کەسانە بوون بە دایک و باوکی کوردان.

مێژونووس[=مەسعوودی]، کاتێ لە گۆڕەپانی ئەفسانەوە دەچێتە مەیدانی وشەناسی، جاروبارە بەهۆی هەندێ پرسیاری سەرەتایی لە مەڕ پەیوەندی رەگەزایەتی کوردەوە لە بۆچوونەکانیدا، تووشی نامتمانەیەکی کەمتر دەبێت.

"ابوالفیداء"، کە خۆی کورد بوە، دەڵێ بیستوویەتی دیعایە کرابێ گوایە کورد، عەرەب یاخود "نبطی" بوون، لە کاتێکدا کەسانێکی تر - بەهۆی وێچوونی شێوە ژیانی کورد لە گەڵ ژیانی عەرەبی ئاسایی بادیە، بە عەرەبی ئێرانییان دادەنێن، لە گەڵ ئەوەشدا، وا دەردەکەوێ [ابوالفیداء]، کورد و هەروەها دوو تاقمی "گەیلی" و "دەیلەمی" ش، بە خاوەن رەگەزی ئێرانی دەناسێ.[١١]

ابن بطوطەی گەڕۆک، نووسیویە، سەرەڕای ئەوەی "کورد"یان پێ گوتراوە، بەڵام لە رەگەزی عەرەبن[١٢]. ابن الاثیریش لەم روانگەیەدا هاوبیری ابن بطوطەیە[١٣]. بۆچوونێکی دیکە، هی "ابوالفرج"ە کە کورد بە لوڕ دەناسێ،[١٤].
هەندی نووسەری ئەرمەنیش هەن، کە وادیارە کوردیان لە گەڵ "ماد" لێ تێک چوبێت.[١٥]

به دڵنیاییەوە، دەبێ کورد بە "کەردۆخی"یەکانەوە پەیوەندیی بدرێت کە لە [کتێبی] گزنەفۆندا[١٧] ناویان هاتوە، یاخود بە "گوردیایی"یەوە[١٨] کە نووسەرانی دیکەی یۆنانی و لاتینی ناوبردەیان کردوە و هەروەها لە گەڵ "کوردۆخ"[١٩] یا "کورتسچیاخ"ی[٢٠] ئەرمەنییەکان و خاکی "گەردوو"ی نووسەرانی ئارامی و سوریانیدا بە هاوپەیوەند بزانرێ.

هەروەها ئەگەر تەنانەت نەمانەوەێ بگەڕێینەوە سەر ڕەگەزی فارسی کۆن لە بنەچەکی ئێرانیش، بە لای کەمەوە [کورد] بە فارسی تازەوە پەیوەندیی دەبێت. زمانەکەیان واتە کرمانجی، زارێکی فارسیە کە ئێستایش زۆر لە فارسی دەچێت و بنەچەکی ئێرانی خۆی رادەگەیێنێ.

کورد، لە باری کاراکتەری ڕەگەزو ئاخافتنەوە، پەیوەندیی بە لوڕەوە هەیە بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەو دوو ڕەگەزە بە فارس دابنرێن، ئەوەش جیاوازە لە بۆچوونەکانی "ابوالفرج" کە پێشتر باسیان لێوە کرا.

ئەو خشتەیەی خوارەوە، بریتییە لە لقی جۆربەجۆری زمانە ئێرانییەکان، کە تێیدا پەیوەندی ڕەگەزایەتی کورد، بە مەزەندە نیشان دەدرێت.[٢٣]



هەژمارکردنی راستەقینەی کورد کارێکی نەگونجاوە بەڵام گەڕوکەکان لەم بابەتەوە گومان و مەزەندەیەکی زۆریان داوە بە دەستەوە. هەندێکیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کەڵک لەو ژمارەو ڕەقەمانە وەربگرن وا ئیمپراتۆریەتی تورک بڵاوی کردونەتەوە و لەوپەڕی نادروستیدان:

"رێکلیوس" بە ١,٨٠٠,٠٠٠ کەسی داناون لە کاتێکدا "سۆسێن" لە گەڵیدا کەوتۆتە مشتومڕەوە و گوتویە ژمارەی ناوبراو، بەلای زورەوە دانراوە.[٢٦]

"کاترێ مێر" ژمارەی کوردی تورکیا بە ١,٦٥٠,٠٠٠ و کوردی ئێران بە ٨٠٠,٠٠٠ و کوردی رووسیا بە ٥٠,٠٠٠ کەس دەزانێ[٢٧]. نووسەرانی ئنسیکلۆپیدیای بریتانیا بە حیسابی ئەو هەژمارانە وا لە دوایین ئاماری ئیمپراتۆریەتی رووس کەوتوونەتە دەست، ژمارەی کوردی قەوقاز بە ٩٩,٨٣٦ کەس دادەنێن[٢٨] و دەڵێن گوتراوە کە باکووری رۆژئاوای ئێران، ٨٠٠,٠٠٠ یا ٩٠٠,٠٠٠ کەسێکی موسوڵمانی سوننی تێدایە کە زوربەیان کوردن.[٢٩].

لە کاتێکدا وا دەردەکەوێ هیچ ئامارێک لە سەر سیستەمی نەژادیی تورکیا بەدەستەوە نەبێت، بە گوێرەی دوایین ئامار، ئەندامانی فیرقەی جۆربەجۆری ئاسیای بچووک و کوردستان و ئەرمەنستان لەوانەیە بگەنە ١,٠٣٠,٠٠٠ موسوڵمان، ١,١٤٤,٠٠٠ مەسیحی ئەرمەنی، ١,٨١٨,٠٠ کەس لە فیرقەی دیکەی عیسایی و ٢٤٩,٠٠٠ مووسایی. ئەوانەش، جیا لە خەڵکانی فیرقەی جۆربەجۆری تر، کە خاوەنی گرنگایەتی ئەوتۆ نین.[٣٠]

مەزەندەیەکی دیکە لە کوردستانی باکوور، لە ئاماری شەش ئوستانی ئەرمەنی نشینی تورکیا دەردەکەوێ کە کلیسای ئەرمەنی ئەستەمووڵ لە ساڵی ١٩١٢دا پێکی هێناوە:

| | ژمارەی دانیشتوان | % |
|---|---|---|
| تورک | ٦٦٦,٠٠٠ | ٥٢,٤ |
| کورد | ٤٢٤,٠٠٠ | ١٦,٣ |
| ڕەگەزی دیکەی موسوڵمان | ٨٨,٠٠٠ | ٣,٤ |
| ئەرمەنی | ١,٠١٨,٠٠٠ | ٣٨,٩ |
| ڕەگەزی دیکەی مسیحی: | | |
| -نەستووری و هتد... | ١٢٣,٠٠٠ | ٤,٨ |
| -یۆنانی و هتد... | ٤٢,٠٠٠ | ١,٦ |
| ئایینەکانی دیکە: | | |
| -قزڵباش [عەلەوی؟] | ١٤٠,٠٠٠ | ٥,٣ |
| -زازاو هتد... | ٧٧,٠٠٠ | ٢,٩ |
| ئێزدی(٣١) | ٣٧,٠٠٠ | ١,٤ |

به گوێرەی ئاماری تورکەکان، سەرجەمی دانیشتوانی شەش ئوستانەکە، ٣,٥٢٨,٤٠٠ کەسە و ژمارەی کورد لە لایەن کلیسەی ئەرمەنییەوە گەلێک کەم نیشان دراوە؛ مەزندەیەکی ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٤دا، ژمارەی کوردی دوو "ویلایەت"ی "وان" و "بەتلیس"" بە نزیکەی ٤٧٣,٠٠٠ کەس دادەنێ.

دوایین ئاماری دانیشتووانی میزۆپۆتامیا بە شێوەی خوارەوەیە:[٣٢]

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ١,٤٥٠,٠٠ | ئەرمەنی | ٥٧,٠٠٠ |
| کورد | ٣٨٠,٠٠٠ | ئێزدی | ٢١,٠٠٠ |
| تورک و تورکمان | ١١٠,٠٠٠ | شەبەک | ١٠,٠٠٠ (٣٣) |
| ئێرانی | ٧٠,٠٠٠ | قیرقیز | ٨,٠٠٠ |
| مووسایی | ٦٠,٠٠٠ | صابئی | ٢,٠٠٠ |
| مەسیحی | ٦٠,٠٠٠ | هی تر | ١٠,٠٠٠ |
| سەرجەم | ٢,٢٣٨,٠٠٠٠ کەس | | |

کورد، بە سەر هۆزێکی زۆری لە ژمارەنەهاتودا، دابەش کراون و دەگوترێ "مەسعوودی" ناوی سێسەد خێڵی لی تۆمار کردوون، ئەوانەش [٣٤]هەر کام لق وپۆپ و تیرە و خێزانیان لێ بۆتەوە[٣٥]. هەندێ لەو هۆزانە، بە نیشتەجێ یی و برێکیان بە کۆچەریی دەژین؛ ئەوەش سەرەڕای ئەوهەوڵە زۆرەیە، کە لە پێناوی هاندانیان بەرەو نیشتەجێ بوون و سەر قاڵ بوون بە کشت و کاڵ و شێوەکانی دیکەی ژیانی وەرزێرییەوە، دەدرێت.

ئیدریس- وەکیلی سوڵتان سەلیمی یەکەم(١٥٠٢-٢٠ز.)، کە خەریکی هێمن کردنەوەی کوردستان بوو، دوای گرتنی وڵاتەکە، چاوی بە خاکێکی بەپیتی کشت و کاڵیی کەوت کە وەک بیابانی لێ هاتبو و چیا و شاخی ئەوتۆی بینی کە قەڵای سەرەک هۆزی سەربەخۆی بە سەرەوە دەرست کرابوو و هێشتا ئاگری شەڕوهەرای سەردەمێکی کۆن لە ناویاندا بڵێسەی دەکێشا؛ بۆیەش بوو، کە کوردی مەجبوور کرد لە سەر زەوییە بێ خاوەنەکان نیشتەجێ بن و وڵاتەکەشی بە سەر چەند "سنجاق"ێکدا دابەش کرد کە حاکمیان لە کاربەدەستە تورکەکان هەڵدەبژێردرا و لە شوێنێکیش کە دەستیان پێی نەگەیشتایە، سەرەک هۆزە کوردەکانی لە سەر حوکم دادەنا. ئەم سیاسەتە، ئاسایشێکی راستەقینەی خستە ناوچەکەوە، بەڵام بەسوودی پەرەسەندنی نفووزو دەسەڵاتی کورد تەواو بوو، کە چۆنیەتیەکەی لە لاپەڕەکانی مێژووی "شرف الدین"دا [=شەرەفنامە]، رەنگی داوەتەوە- ئەوەش بوە هۆی نیگەرانیی دەوڵەتی تورک. هەرچۆنێک بێت، تا ناوەڕاستی سەدەی پێشوو،کورد دەستی بەو هەوڵە نەکرد کە نیشانەیەکی راستەقینە لە لادانی شێوە ژیانی کۆچەری بخاتەروو. [٣٦]

کورد و ئەرمەنی لە خاکێکی پێکەوە لکاودا دەژین، یەکەمیان بە بەردەوامیی لە بەرزاییەکان نیشتەجێ و دووهەمیان بە دۆڵ و دەرەو بەتایبەت شارەکانەوە چەسپاون بەڵام هۆزی شاخاویی بە گشتی لە زستاندا بەرەو گۆڕایی و دەشت

دەبنەوە وسەرماوسۆڵ، بەرزاییەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ خاڵی دەکات. هەر چۆنێک بێت، تورکەکان کە دەوری هەردوو رەگەزەکەیان داوە و بە یەک شێوە رقیان لە هەر دوولا دەبێتەوە، نەیانتوانیوە لە ناو خۆیاندا بیانتوێننەوە.

هەڵوێستی کورد بەنیسبەت دراوسێکانیەوە، لە هەندێ مەتەڵ و قسەڵۆکەی خۆیاندا رەنگی داوەتەوە. گەلێک مەتەڵی وا هەن، کە ئەتک و بێ حورمەتی کورد بە نیسبەت تورکی درۆزن و رِق و کینەیان بە نیسبەت کاربەدەستانی حکوومەتی تورکانەوە نیشان دەدەن. بۆ نموونە: "وەک قسەی تورکان وایە!" یا "وەک باجی تورکان گرنگە!".

کورد، لە بەر شەوقی هەر ئەو چرایە دەروانێتە ئەرمەنی کە ئەوروپییەکان بەگوێرەی مەتەڵی "جووی پیس" چاو لە جوو دەکەن. ئەم رۆحە، لە نموونەیەکدا خۆی دەنوێنێ کە کورد باسی چەرچی بچووک دەکات و دەڵێ: "نینۆکی وەک ئەرمەنی وایە". عەرەبیش وەک عەوام و بێ ئەدەب دادەنێ و دەڵێ: "رووی زۆر بە عەرەب مەدە دەنا کەوای بەرت لەبەر دادەکەنێ" یا "عەرەب، وەک مێش وایە، هەر چەند زیاتری دەرکەی زیاتر جەخت دەکا!"

ئێرانییەکانیش بە هەمان شێوەی هەتک و بە کەم زانین ناویان دەبرێ: "وەک شمشێری ئێرانی کە دوو دەمی هەیە و دەتوانێ دۆست و دوژمن بە بێ جیاوازی ببرِێ." یا "بێ کەڵک وەک ئەرتەشی ئێران" کە هەردوکیان ئاماژە بە کەسایەتییەکی ئەوتۆ دەکەن کە ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ." [٣٧]

سەرەرای ئەوەی کورد رەگەزی خۆیان بەوردیی دەپارێزن [٣٨]، چەند هۆزێکی تێکەڵاوی کورد و تورکیش بەرچاو دەکەون. لە شوێنەکەیاندا، هۆزی کورد و تورکمان داب و نەریت و هەڵس و کەوتی لەیەکچوویان هەیە و ئەغڵەب لە ژێر رێکخراوەیەکی هاوبەشی عەشیرەتیدا پێکەوە دەژین. هۆزە سەرەکییە

تێکەڵاوەکـان بریتین لە: "بەربەس عـەشـیـرەتی"[٣٩]، "تورکـمـان سـرکنتلی"[٤٠]، کوردجەرید"[٤١]، "کەرسەنت عەشیرەتی"[٤٢] و"مەنەمەنجی عەشیرەتی"[٤٣].

هەر دوو رەگەزەکە[کورد و تورکمان]، ٦٠ ساڵێک لەمەوپێش [=١٨٤٠ز]، لە لایەن حکوومەتەوە زەختیان خرایە سەر بۆ ئەوەی ماڵ و گوند دروست بکەن و ژیانێکی رێک و پێکتر بۆ خۆیان هەڵبژێرن بەڵام خووی کۆچەریی هێشتا هەر لە ناویاندا بەهێزە و کارێکی وادەکات کە، ماڵ بە جێ بهێڵن و روو بکەنەوە کۆچ و هەوارەکەی جاران . ئیش و کاریان ئێستاش بە شێوەی سەرەکی هەر مەڕ و ماڵات بەخێوکردنە لە داوینی چیاکان و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لە شار و ئاواییەکانی پێدەشتدا دامەزراون. ئەوانەش وا نیشتەجێ بوون، بەشێکی زۆریان بە چەرچیایەتی یا بە قاچاخی تووتن دەژین و بە مەترسی و ناخۆشییەوە، بژیوێک بۆ خۆیان پەیدا دەکەن؛ بە هەڵکەوت نەبێ بۆ حەقدەست کار ناکەن و تەنیا سنعەتێکی هەیانبێت، چنینی بەڕە و حەسیری زبرە- ئەویش بۆ خۆیان.

لە باری کاراکتەرەوە، ئەم کوردە نارەسەنانە [نیازی نووسەر رەگەزی تێکەڵاوی کورد وتورکمانە]، توندوتیژ و بێ بەزەیین و بە هۆی فەناتیزمی ئایینییەوە، زوو هەڵدەچن، گەرچی وەک خەڵکێک ناوبراون کە هەستی بە هێزی غروور و شانازی یان تێدایە؛ ئەوانە وا خوێنی تورکمانیان لە رەگدایە، دەگوترێ کە تەبعێکی میهرەبانتر لە خۆیان نیشان دەدەن بەڵام ئەوە شتێکی گونجاوە کە ئامێتە بوونی نەژادی جیاواز لە گەڵ یەکتر- وەک گەلێک جار دەبینرێ، ناحەزترین خوو و خدەی هەردوولا دەخاتە ڕوو. ژنان، رووبەندیان نییە و ئازادییەکی گەلێک زۆریان پێ دراوە بەڵام زوربەی کاروباری پڕ زەحمەت دەکەوێتە سەرشانی ئەوان.

زۆرێک لە کوردی "سیلیسیا"[٤٤]، لە وەرزی خەرمان هەڵگرتندا دەچنە دەشتاییەکان و گەلێک جار بە دوای کاری ورزییدا هەتا دیاربەکریش دەڕۆن و بۆ ئەم ئامانجە، لە مەیدانی تەرسووس، ئەدەنە و شارەکانی دیکە، کۆ دەبنەوە

هەرجار،بۆ ماوەیەکی حەوتانە دەبن بە کرێگرتەی وەرزێرانی ناوچەکە.

شایەدیدانی زوربەی نوسەرانی سەردەمە کۆنەکان لەمەڕ خوو و خدە و کاراکتەری کوردی ئاسایی، وەک یەک وایە. کورد لەو سەردەمانەشدا وەک ئێستا، بریتی بوون لە غولام، گەڕالی سەر چیا و نێو دۆڵ و دەشت و بەخێوکەری مەڕ و مانگا و ئەسپ یا وەک نوسەرێکی ناسراوی سوریانی گوتویەتی: «هەڵس و کەوتیان وەک عەرەب و تورکان وایە، بگەنە هەر شوێنێک، وەک گاڕان پێ شێلی دەکەن.» (٤٥)

نووسەرێکی دیکە، ئاماژە بە خوو خدەی توندیان دەکات(٤٦): مەسعوودی دەڵێ لە سەردەمی ئەودا، [کورد]، خەڵکێکی شوانکارە بوون کە بە شمشاڵ لێدان، مەڕومالاتیان لە چیاکاندا بڵاو دەکردەوە. (٤٧)

زۆرێک لەو گەڕۆکانەی وا ڕێگەیان کەوتۆتە ناو کورد- لە گزنەفون و دەهەزار یۆنانیەکە بەدواوە، خوێنەریان لە خوو و خدەی چەپاوکەری کورد ترساندوە. "ئیبن جوبەیر" لە مەڕ کوردی جزیرە کە بە خاکیاندا تێپەڕ بوە، وشیار بوونەوەیەکی زیاترمان دەداتێ و بەم شێوەیە ناویان دێنێ: «ئەمانە، تاعوونێکن وا لە مووسڵەوە تا نەسیبەین و "دونەیصەر" بڵاو بوونەتەوە، جەردەیی دەکەن و خەریکی وێران کردنی وڵاتەکەن.» (٤٨)

"التنوخی" لە سەدەی یازدەهەمدا باسی کاروانەکەی خۆی دەکات کە کورد تالانی کردوە و نووسیویە کە هەر شتێکیان وەگیر کەوتبێ، بردوویانە(٤٨). "الهمدانی" وا وێدەچێ لە بەشێک لە نامیلکە شێعرییەکانیدا وشەی کورد و چەتەی بە مەزندە، وەک یەک شت دانابێ، کاتێ کە دەڵێ تاقە جیاوازییەک کە دەتوانرێ لە ناویاندا ببینرێ ئەوەیە چەتە،ماڵی "ئەوقاف" یا ماڵێک بۆ خێر و خێراتی ئایینی تەرخان کرابێت، بە سوودی خەڵکی هەژار تالان دەکات، لە کاتێکدا کورد، خەڵکی نەدار دەرووتێنێتەوە. (٤٩)

بیـرورای کـاشـیـفـانی سـەردەمی نوێش لە پێـشـوەکـان جـیـاواز نیـیـە.
"مـارکـۆپۆلۆ" بە تۆرەمەی شـەیتـانیـان دادەنێ کە شادی و کـەیفیـان بریتی بوە لە تالآن کـــردنی بازرگـــانەکـــان[٥٠]. لە رابوردوودا، زوڵم کـــردن لە هەژاران و خـەیانەتکاریی، ئەو خـوو و خدەیەی کـورد بوون کـە سـەرنجی نووسـەرانی کـۆنی بەرەو خـۆی رادەکـێـشـا. روو وەرنەگـێـڕان لە دەست درێژی کـردن بۆ سـەر ئەو دراوسێیانەی چارەنووس، دەسەڵاتی ئەوانی بە سەردا سەپاندبوون، لە داستـانی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

"ابن العـمـید" بە "ابن مـسکویە"ی مـێژوونووسی عـەرەبی گـوت کـە خۆی و "رکن الدولە" لە ساڵی ٩٥١ی زایینیدا بە شێوەیەکی خراپ کەوتنە دەست کورد، ئەویش لە شـوێنێک کـە نەیاندەتوانی خـۆ ڕزگـارکـەن و بەهۆی نەبوونی بژیوەوە لە دڵەتەپێیەکی زۆردا بوون. عەسکەر و ئێسترەکانیان نەیاندەتوانی لە شوێنەکە بچنە دەرەوە و هەموو خـواردەمـەنیـیـەکـیـشـان لێ بڕابوو. تەنیا خـواردنێک کـە دەگـەیشـتـە زیندانەکـە، شـەوانە لە لایەن هەندێ کـوردەوە دەهات و بە نرخـێکی یەکـجار زۆر دەفـرۆشـرا؛ کوردێک، بە جەواڵ یا دەفـرێکی ئاردەوە دەهات و پێی دەفـرۆشـتین. بەڵام کـاتێ دەڕۆیشت و پارەکـەی دەنایە گـیـرفـانیـەوە، جـەواڵ یا دەفرەکە بەتاڵ دەکرا. زۆر جار دەبینرا کە تەنیـا بەشی سەرەوەی جەواڵەکە ئارد بوو، ژێرە وەتری بە خۆڵ پڕکرابوو[٥١].

لە شـوێینی دیکەشدا، بەراستی بینراوە نەک هەر سـەرەک هۆزە کـوردەکـان بەرتیلیان ویستوە، بەڵکوو بە گـوێرەی راگەیاندنی "ابن الاثیر"، زۆر وا هەبوە کە باشـتـر وا دەزانرا بۆ هێـمن کـردنەوەیان دیاریـیـەکـیـان پێـشکەش بکرێ.[٥٢] بە خاوەنبـوونی کاراکتەرێکی ئەوتۆوە، جێگای سەرسووڕمان نییە ئەگەر ناوی کورد واتای دەست درێژی کـردن بداتەوە. "الطبـری"، هەندێ نموونەی ئەم واتایەی داوە بە دەستـەوە: کـاتێ کـە مرۆڤ دوژمنی خۆی سەرکۆتە دەکات، بەم شێـوەیە تانەو

توانجی تێدەگرێ: " ئۆف! تۆی کوردی لە رەشماڵی کورداندا گەورە بوو!"[٥٣] یا "تۆی دایک قەحبەی لە رەشماڵی کورداندا گەورەبوو!"[٥٤]

هەستی عەرەب لە مەڕ دراوسێ ئازار بەخشەکەی خۆی دەکرێ بە هۆی بیچمی رۆژهەڵاتیانەی ئەو مەتەڵە ئینگلیزییەو دەربپڕێت کە دەڵێ: " کاتێ یۆنانی چاوی بە یۆنانی دەکەوێ!" جا، مەتەڵە عەرەبییەکەش دەڵێ: " کورد، گاڵتە بە سەرباز دەکات!"[٥٥]. هەرچۆنێک بێت، سەرباز و بازرگان رێزی زۆریان لای کوردان هەیە[٥٦] و لە ناو قەدیمییەکاندا، بۆ کەڵک لێ وەرگیران وەک سەربازانی بەکرێگیراو، هەمیشە باس لە کورد کراوە، وەک چۆن لە سەردەمی گزنەفۆندا بە "قەڵماسک هاوێژ"ی لیهاتوو [٥٧] و "کەواندار"ی باش ناسرابوون[٥٨]. لەوەش زیاتر، لێکۆڵینەوەی مێژووەکەیان، دەری دەخات کە بە شێوەی هەمیشەیی سەلماندوویانە کە ناتوانن جێگەی متمانە بن. سوڵتان "عبدالحمید"(١٩٠٩-١٨٧٦ز) درەنگتر، دوای ئەوەی هەندێکیانی بۆ خزمەتکردن لە هەردوو لایەنی عەسکەر و پۆلیسدا، بردە ناو سوارەیەکی نارێک وپێک بە ناوی "حەمیدییە"وە، تێگەیشت کە کارێکی هەڵەی کردوە لە بەر ئەوەی ئەوانی دیکەیان کە "چەتە"یان پێ دەگوترا،هێشتا هەندێک لەو تاقمە رێکخراوە رێگرە، باشتر بوون! لە شەڕی باڵکاندا، ئەم سوارەی "حەمیدییە"یە، کەڵکێکی یەکجار کەمیان هەبوو چون لە شەڕی ساڵانی ٨-١٨٧٧دا، هیچ دەورێکیان نەگێڕا و هەموو کاروباریان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی تاڵان و رووتاندنەوە و هیچ نەدەپەرژانەسەر شەڕ و گەڕ، کاتێکیش کە فەرمانی ئامادەیی گشتی بۆ شەڕ دەرچوو، بەهۆی بەربەرەکانی کردنی پاسیڤی کوردەکانەوە کە سەریان لە ئەنجامدانی هەر کارێک سوود و قازانجی تێدا نەبوایە، وەردەگێرا، دەستوورەکە وەستێنرا!

رێکخراوەکە، بە هۆی ئازادییەکی بێ سنوور و لە ژێر ناوێکی شێوە

عەسکەریدا، ئامانجی راکێشانی دۆستایەتی عەشیرەتەکانی گرتبوە بەر چاو؛ ئەفسەرەکانی تەنیا دەکرا لە دادگایەکی عەسکەریدا محاکەمە بکرێن و لە هەر نێوان ناخۆشییەکی نێوان ئەوان و کاربەدەستانی دەوڵەتدا، "بابی عالی" بە شێوەیەکی هەمیشەیی پشتیوانی لەوان دەکرد. تەنیا ئاکامی ئەو "امتیاز"انە، یاسا شکاندنێکی زیاتر بوو. هەروەها، یەکێ لە رەشترین پەڵەکانی مێژووی کورد، ئەو کاتە بوو کە ئەو خەڵکە ئیجازەی بەخۆی دا، ببێتە کەرەسەری دەستی تورکەلاوەکان بۆ بەڕێوە بردنی کوشتاری ئەرمەن.[٥٩]

خوو و خدەی کۆچەریی کورد، زیانی زۆری لە پێشکەوتنی ولاتەکەی داوە چون نەک هەر ئیجازەیان پێ نادات خەریکی کاروباری کشت و کاڵی خۆیان بن، بەڵکوو رۆحی سەرکۆنە کردنی خەڵکی نیشتەجێ وتالاّن کردنی بەردەوامی ئەو دراوسێیانەی وا شارسانیەتی زیاتریان هەیە، لە نیهادیاندا جێگر بوە و کشت و کاڵی گەیاندۆتە رادەیەکی مەترسیدار وکەم سوود بە چەشنێک کە ئێستا زۆر شوێنی بەپیتی خاکەکە، بێ کەڵک ماوەتەوە.

لە عەینی کاتدا، دەبێ ئەوەش بسەلمێنرێ کە کاری بێ سوودی وەک نیشتەجێ کردنی تورک [لە خاکی کوردانداا]، هیچ هیوایەکی ئاسایشی نەداوە بەوانەی وا مەیلی نیشتەجێ بوونی دائیمیان لەسەر خاکی خۆیاندا هەیە. گەرچی کورد لە هەندێ شوێن دامەزراون و لە سەر زەوی ئیش و کار دەکەن، بەلاّم بیری دوارۆژیان نییە و لە کەرەسەی نوێ کەڵک وەرناگرن. گرنگی نەدانی رۆژهەلاّتیانە بە پێشکەوتنیش بۆتە سەرباری مەسەلەکە.

واهەیە یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم کۆچەرایەتییە ریشەدارە، لە خۆشەویستی ئەسپدا بدۆزرێتەوە کە کورد لە رادەیەکی زۆردا، لە بەرزاییەکانی ئەرمەنستان، پەروەردەیان دەکەن و زەختی ئەوەیان دەخەنە سەر کە رێگای زۆر ببرن. ئەو ئەسپانەی وا لە بەرزاییەکاندا لە دایک دەبن، بۆ خاتری هەوای گەرمتر، لە زستاندا دەهێنرێنە دەشتاییەکان.

جیا لە پەروەردە کردنی ئەسپ، کورد، بە ژمارەیەکی زۆر، مەڕ و بزن بەخێو دەکەن بەڵام بە پێچەوانەی عەرەب، وشتریان نییە چون وشتر تەنیا لە دەشتاییەکاندا دەتوانێ بژی؛ لە کاتێکدا کورد، روو لەو زەوییە بێ داهاتە خیزەڵانە گەرمەی عەرەب وەردەگێڕێ.

کوردی نیشتەجێ، هەموو چەشنە بەرهەمێکی کشت و کاڵی پێک دێنێ، لە کاتێکدا بەشی شارنشینیان، تەونکەر و ئاسنگەرن. بەڵام ئەوانەش، بەتایبەت دانیشتوانی گوندی بچووکی داوێنی چیاکان، بێ یاسان و خوویان بە دزی گرتوە؛ باجی[دەوڵەت]یش بەرێک و پێکی نادەن یا بە یەکجاری خۆی لێ دەدزنەوە چون زۆرێکیان ئامادەی ئەوەن کە ئەگەر هەلێکیان بۆ بڕەخسێ بگەڕێنەوە سەر حاڵەتی کۆچەری.

هەر چۆنێک بێت؛ کاتێ کە چەندین پشتی خێزانە کوردەکان لە سەر زەوی ئیش و کاریان کردوە، ئەغڵەب، چینی سەرەوەی وڵاتەکەیان پێک هێناوە.

کورد، مرۆڤێکی بەهێز و توانایە و زۆرێکیان دەچنە ریزی ئەرتەش و پۆلیسەوە. ئێستا لە ناوچەکانی باشووردا، کورد خەڵکێکی هێدی و هێمنن بەڵام ئەوانەی وا لە ناوچە دوورترەکاندا دەژین- بەتایبەت دانیشتوانی شوێنە شاخاوییەکانی نێوان عیراق و ئێران، هێشتا نەهاتونەتە ژێر هیچ چەشنە کۆنترۆڵێک و زستانان، لە مانگی ئوکتۆبرەوە تا فیبریوەری، لە گوند یا لە هەوارگەی ناو دەشتاییەکانی لای رۆژهەڵاتی چۆمی دیجلەدا، دەمێننەوە؛ لەمانگی مارچ دا، ئەم نیوە کۆچەرانە دەچنە ناو رەشماڵەکانیانەوە تا کاتی خەرمان بە سەر دەچێ. لە مانگی جوون دا، لە گەڵ مەڕ و ماڵات بەرەو لەوەڕگەی بەرزی فلاتە شاخاوییەکان هەر لە "ئەرگوت داغ"ەوە[٦٠] تا "ئەورومان داغ"[٦١] دەبنەوە؛ ئەوانەی وا بە تەواوەتی کۆچەرن، ماوەیەک پێش فەسڵی خەرمان، دەشتاییەکان بەجێ دێڵن. کۆچ و بارێکی ئەوتۆ، لە لای دەشتەکانی مووسڵێشەوە بەرەو گۆڕاییە بەرزەکانی دەوروبەری وان دەبینرێ و ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەتوانن لە نێوان ئەو شوێنە و "هەمەدان"دا، ژیان بەرنە سەر.

ئەم هۆزانە- بە کۆچەر ونیوە کۆچەرەوە، ژیانی هەژارانەی خۆیان بە پارە و بەرتیل سەندن لە دراوسێی نیشتەجێ یا لەوانەی وا بە شوێنەکەیاندا رادەبرن، دەبەنە سەر؛ کاتێکیش بکەونە ژێر زەختی دەوڵەتەوە، بێ سڵ کردنەوە روو دەکەنە ئەو دیوی سنوورەکان.

بۆ کوردێک کە گەنم و دانەوێڵە دەچێنێ، لوڕستان و ئێران- بەتایبەت دەوروپشتی کرماشان شوێنێکی خۆشن و لەو شوێنانەدا، بە نیشتەجێ یی دەژین؛ لە عەینی کاتدا، شەڕکەرێکی زۆر بەجەرگن. هاوینان بۆ کەڵک ورگرتن لە هەوای فێنک، لە ناو رەشماڵی نزیک گوندەکانی خۆیان یا لە سەربانی ماڵیاندا دەژین و تەنیا لە زستاندا دەگەڕێنەوە نێو گوندەکانیان- ئەو گوندانەی کە بۆ پارێزران لە دوژمنایەتی عەشیرەتی کەمتر ئاشتیخواز، بە هۆی قەڵایەکی قایمەوە پارێزراوە.[٦٢]

پەیوەندی عەشیرەتی گەرچی لە ناو کوردی شارنشیندا گەلێک لاوازە، بەڵام لە ناو چینەکانی دیکەدا زامنێکی بەهێزی یەکگرتنە و هێزی مەزنی خۆی لە ناو ئەوانەدا کە ژیانیان بە تەواوەتی کۆچەرییە، نیشان دەدات. بەڵام زۆرجاری واش هەیە کە تاقمێکی بچووک لە بەژنی هۆز جیا دەبێتەوە بۆ ئەوەی لە گەڵ هۆزێکی دیکەدا یەک بگرێت؛ هۆزەکانیش بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ، فوو لە دۆ ناکەن.

هۆزە بچووکەکان، گرنگایەتی کەمتریان هەیە و تەنیا لە ژێر فەرمانی ئەوانی گەورەتردا کار دەکەن. هەر هۆزێک لە ژێر دەسەڵاتی "ئاغا" یا "سەرۆک"ێکدایە کە دەسەڵاتدارییەکەی لەدوا قسەدا بەو توانایەوە بەستراوە کە بۆ راپەڕاندنی ئیش و کار هەیەتی؛ گەرچی پشتی بە لایەنگریی و نفووزی کەس وکاری نزیکی خۆشی بەستوە، کە چەشنە مەجلیسێکی راوێژکاریی بۆ پێک دێنن و بەهۆی لە دەستچوونی ئەوەوە؛ خۆشیان بێدەسەڵات دەکەونەوە.

دەسەڵاتی سەرەک خێڵ، هەروەها بە بەربەرەکانییەکی کەم لە ناو دەچێت و ئەو

مەسەلەیەش دەکرێ بە زۆر یا بەهۆی دوژمنایەتییەکی خوێنییەوە روو بدات، پێویستیشە بە هەموو تواناوە بەری بگیرێ چون ئەنجامی ناگوزیری[ لە ناوچونی دەسەلاتی سەرەک هۆز] ، لاواز بوون و ئەغلەب جاریش، لەناو چوونی هەمو هۆزەکەیە.

هەندێ جار، گرنگایەتییەکی ئایینیش بە سەرەک خێڵ دەبەخشرێ و لە ئەنجامدا دەسەلاتێکی زیاتر لەوەی دەبێت کە بە عادەت لەناو خێڵەکەدا هەیەتی. سەرەک خێڵە کوردە موسوڵمانەکانی سلێمانی- بۆ نموونە، خاوەنی دەسەلاتێکی ئایینین کە هێزێکی دونیایی بەرفراوانیان پێ دەبەخشێ.

وەک یاسایەکی گشتی، "ئاغا" دەبێ لە یەک بنەماڵە بێت گەرچی ئەرکەکەی بە شێوەیەک نییە کەپێویست بەمیرات هەڵگرتن بکات. دوای مردنی سەرەک خێڵ، گەورە پیاوانی هۆزەکە بۆ ئەوەی جێگرێکی بۆ دابنێن لە گەڵ یەکدا کۆ دەبنەوە. لە هەڵبژاردندا، بایەخی زۆر بە توانای بەڕێوەبەرایەتی ئەو کەسانە دەدەن کە بۆ کارەکە ناوبردە کراون، خۆ ئەگەر لە سەر مەسەلەکە پێک نەیەن، ئەوا ئاکامەکەی زۆرجار دەبێتە هۆی لە بەریەکچوونی هۆز، ئینجا بەشە دابڕاوەکان، لە گەڵ عەشیرەتی دراوسێیاندا یەک دەگرن یا خود کۆچ دەکەن و دەچن بۆ شوێنێکی دیکە.

بیروڕای گشتی ناو هۆز، تەنیا بە پاراستنی نەریتەوە خەریکە و هەموکەس بەم مەسەلەیەوە بەستراوەتەوە. تەنیا زامنی کۆمەڵگای عەشیرەتیش نەریت و دژایەتی خوێنییە. درێژەدان بە دوژمنایەتی تا کاتی تۆڵە سەندنەوە، وەک ئەرکێکی شەرەفمەندانە چاوی لێدەکرێ؛ ئەم رۆحە، بە هۆی هەندێ مەتەڵەوە بەهێز دەبێت وەکوو: "دوژمنی باوک هیچکاتێ نابێتە دۆستی کوڕەکەی" یا "موشکیلەی چارەسەرنەکراو لە گەڵ دوژمنتدا مەهێڵەوە"(٦٣)، کە بەشێکی زۆری کورد هەر لە سەرەتای منداڵییەوە فێری دەبن. هەرچۆنێک بێت، پێش ئەوەی

دوولایەنی کێشەیەک، پەنا بەرنە بەر دوژمنایەتییەکی ئەوتۆ، مشت و مڕی ناوخۆیان بە گوێرەی داب و رەسم، دەخەنە بەر چاوی سەرەک خێڵ یا پیاوێکی ئایینی یا خود شۆڕای هۆز؛ بەڵام گەڵێک جار، لایەنی نارازی، داوەری کردن و پێکهاتنەکە دەداتە دواوە و بە کوشتنی ناحەزەکەی خۆی، سەرەتای دوژمنایەتییەکی تازە دادەمەزرێنێ. وا هەیە کێشەکە، بەهۆی پارەوە چارەسەر بکرێ بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم کارە وەک بەرانبەرێک بۆ ددان پێدانانی لایەنی لاواز سەیر دەکرێ، زیاتر خۆی لێ دەپارێزرێت.

گرنگە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە دوژمنایەتییەکە، بۆ زەمانێکی نادیار دەمێنێتەوە و وەک مەترسییەکی گشتی، هەڕەشە لە هەموو هۆزەکە دەکات. هەندێ یاسای دیکەش بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیان دانراون کە گرنگتریان، ئەرکە بەرانبەر بە میوان یا پیاوێکی هۆز، کە پەنا دەباتە بەر کەسێک.

ئەم نەریت و رەوشتانە لەراستیدا، نیشاندەری قورسایەتی بارێکن بۆ بەرگریکردن و دوورخستنەوەی مرۆڤ لە دوژمنایەتییەک کە لە حاڵەتی توند و تیژ و ترسێنەردا نەبێت. خاڵێکی ئیجابی دیکە لە کاراکتەری کورددا، ئامانجی بەرزیەتی بۆ پیرۆزایەتی ژن هێنان، کە کورد لەم بارەیەوە- بەنیسبەت موسوڵمانانی ترەوە، لە پلەیەکی بەرزتردا وەستاوە. ژنی کورد، تاڕادەیەک ئازادە هاتوچۆی هەر کوێیەک بکات کە پی خۆشە. [کوردان]، بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئەویندارییی و دەسگیرانبازی دەکەن و دۆست دەگرن. دەتوانرێ ئەوەش بگوترێ کە ژن، لە ناو هەموو هۆزێکدا بێ حیجابە. لە ئەنجامی بە یەک گەیشتنی ژن و مێردیشدا، ژن دەوری کەسایەتی دەووهەم نابینێ و وەک کۆڵەکەی ماڵ چاوی لێ دەکرێ. زۆرێک لە کوردان، گەلێک زوو ژن دێنن یا شوو دەکەن بە هیوای ئەوەی- وەک دەگوترێ، لە هاودەنگیی منداڵانی پێگەیشتوو- کە بە گوێرەی مەتەڵێکی کوردی، "میوەی ماڵن" لەززەت بەرن.

ژنانیـان بە ئەخـلاق نـاویان دەرکـردوە و کـەم و زۆر، لە هەمـوو هۆزێکدا، خـەڵکانی داوێن پیس دەکـوژن. دەتوانین بڵـێین کـە خـۆفـرۆشی هەر لە ناویاندا نەناسراوە و دیسـان بە مـتـمـانەوە دەکرێ بڵێین کـە [لە زمـانی] کوردیدا، هیچ وشـەیەک بۆ "فـحـشـاء" نییـە و لە بەشی رۆژهەڵات ، "ژنی فارس" و لە باکـوور، "رووسی" و لە رۆژئاوا، "تورک"یان پێ دەڵێن.(٦٤)

ئازایەتی کـورد، جـێگای قـسـە نـیـیـە و هەر لە مـێـرمنداڵـیـیـەوە چۆتە مێشکیانەوە، کە "چەک، تەنیا نیوەی شەڕە." لە عەینی کاتدا، ترس لە مردن یا بەڵای کـەمـەوە، کووژرانی نێـو شـەڕ، هەر نیـیـە. ئەویندارییـان بە سـەربەخـۆیی، سـەرنجی هەمـوو بینەرێکی بەرەو خـۆی کـێشـاوە، هەر لە گزنەفـۆنەوە کە دەنووسێ "کەردۆخییـەکان دەسەڵاتی شای ئێرانیـان لە سەر نەبوو و بە رواڵەت، خودموختار بوون."(٦٥) تادەگـاتە "گـیـبـۆن" کـە بەم شـێـوەیە ناویان دەبات: "خـەڵکـێکی ئازا و بەهێز و وەحشین؛ تاقەتی دیلایەتییان نییە؛ عادەتیان بە تاڵان وبڕۆ گرتوە و سەر بۆ حوکمی دەوڵەت یا سەرۆکانی نەتەوەیی خۆیان دا نانەوێنن.(٦٦)

"مـێجەر نۆئێل" مـەتەڵێکی کوردیی نووسیـەوتەوە کە بۆ هەمیـشـە جێگەی شـانازییـانە؛ مـەتەڵـەکە دەڵێ: "لە دەرگـای کـەس مـەدە، با کـەس لە دەرگـای تۆش نەدات!" هەمـان نووسـەر دەڵێ: [کـورد] "ژیانێکی پاک و خـاوێنی هەیە، کـاری خـراپی ناسـروشتی لە ناویاندا نەناسـراوە، عـادەتیـان بە عـارەق و تریـاک نییـە و زۆرخۆرییـان لا خراپە. کەیف و خۆشییان ساکارە و هەمووی بە گۆشتەوە بەستراوە کـە دەیخـۆن، سـواری دەبن و لە گـەڵـیـدا دەخـەون! هەروەها ، گـەرچی هەژاریی و چارەرەشـیی، داو و تەپکەی خـۆی پێ نیـشـان داون، بەڵام بە کـردەوە، بایەخـێکی هۆشـمەندانە بە دەوڵەت و ماڵ دەدەن. زۆر بیر لە ئایین ناکـەنەوە وئامـاژە کردنیـان بە ئایین و گـەورە پیـاوانی ئایینی لە ناو قـسـە و مـەتەڵـیـاندا، هەر لە رووی خـۆ خۆشەویستی یا بۆ گـاڵتە کردنە. بێ شـەرتیشیـان، وەک هەمان نووسـەر بینیوە، لە

راستــیـدا، ئاکـامی هەل و مـەرجـێکی ئەسـتـەمـە کـە تێـیـدا دەژین و بۆتە هۆی دوژمنایەتیـیـەکی دایمی و تاڵ لە نێـو هۆزەکـاندا. هۆیەکی تریشی، واهەیە لەو راسـتــیــیــەدا خـۆ بنوێنێت، کـە وڵاتەکـەیـان بۆ مـاوەی چەندین سـەدە بە دەست هێرشکەرانێکەوە بوە کە هیچ کـاتێ هاودەردیی و پارێزگـارییـەکیـان بە نیـسـبـەت خەڵکەکەوە نیشـان نەداوە؛ لە عـەینی کاتدا، [کـورد] بەکردەوە، مەیلیـان بەوەیە هەستێک لە نامیهرەبانی و توندیی بە خەڵکی نارۆژهەڵاتی بنوێنن. (٦٧)

ئەم خــاڵانە، گــەرچی دەبێ بـچنە تـای تەرازووی پێکهــێنانی بە مــەزندەی کاراکتەری نەتەوایەتی کوردەوە، بەڵام بە زەحمەت دەتوانن بیانوویەکی راستەقینە بن بۆ کـردەوەی لەبن نەهاتووی غـەدر و دزی و کـوشتن، کـە لاپەڕەی مـێـژوویـانی پەڵەدار کردوە.

کورد، لە هونەری شارسانیـیـەت و وێژەوانیـدا- وەک توانای سیـاسی، هیچ شتێکی بۆ نواندن نییە. ئەو خەڵکە، نە هیچکاتێ رێکخراوەیەکی حکوومەتیی و وڵاتی خــۆیان بوە، نە هیچ توانـایـەکـــیــــان بۆ یەکگرتوویی نێـــوان هۆزە جۆربەجۆروکانیـان نیشانداوە و ئەم دیاردانە بە سەر یەکەوە، ناسیۆنالیزمی کورد پێک دێنن. تەنیـا کـوردی بەناوبانگ، صلاح الدینی ئەیـیـووبی بوە کە زیاتر بە پشـتـیـوانی چەکـداری عـەرەب و مـوسـوڵمـانە فـەنـاتیکەکـان و کـەمـتـر بەهۆی بەڵێنداریی هاوپشـتـان و نزیکانی خۆیەوە،توانیـویەتی ئیمـپراتوریەتێکی بەهێزی ئەوتۆ پێک بێنێ بچێـتە شەڕەجەنگی جیـهـانی رۆژئاوا. پادشـاهییـەک کە بەو شێوەیە دامـەزرابوو، بۆ مـاوەیەکی زۆر بە دەست بناغـەدانەرانیـەوە نەمـا، ئەویش بەهۆی شـەڕی لەبن نەهاتووی نێـوان کـوردەوە،ئەو ئاگـرەی وا دەست بەجێ، دوای مـردنی باوک لە نێـوان کـوڕەکـانیـدا هەڵگیـرسا و بڵـێـسـەکـەی بوە هۆی لە بەر یەکچوونی خێرای کارێک کە [باوکیان] بە درێژایی تەمەن، هەوڵی بۆ دابوو. بەم

پێیە، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی گرنگی سەرهەڵدانی خێرا و رووخانی خێراتری بنەماڵەی ئەییوبی، مێژوونووسانی نوێ کەوتونەتە بیری ئەو گومانەوە کە بلێ ی لە خوێنی بێ خەوشی کورد زیاتر ، خوێنێکی دیکە لە رەگی ئەو قارەمانە مەزنەی ئیسلامدا نەگەڕابێت؟

بۆچوونی "ریچ" لە گەڵ سەرچاوەکانی دیکەدا، یەک دەگرێتەوە. دوای مانەوەیەکی دوورودرێژ لە کوردستان[٦٨]، ریچ دەنووسێ: "ئەوەی لە نەجیب زادە کوردەکانی بەغدا و ولاتەکەی خۆیانی بینیوە، بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە لایەنگرێکی هەڵس وکەوت و میوانداریی کردنیان؛ گەرچی خووی ووردبونەوە و دیققەت کردن لە بێگانان لە گەڵ ئەو شتەدا یەک ناگرێتەوە. کورد، ئارەزوومەندی زانیارییە و هەمیشە ئامادەن لە سیاسەت بدوێن و کاروباری بریتانیا و فەرەنسە، جێی سەرنجی تایبەتیانە. بەلام زۆر باوەڕیان بە خۆیان نییە، گەرچی بە پێی عادەت، لەگەڵ یەکتر گەلێک توندوتیژن و بۆ شتێکی بیهوودە، بە دەنگی بەرز دەنەڕێنن. سوارەیەکی لێهاتوون بەلام [لە مەڕ ئەسپ]، زانیارییان کەمە. [بە سواری ]،خۆ وەر دەسووڕێنن و دەگەڕێنە دواوە[=جلیتێن؟]. ئەسپەکانیان بەبێ بەزەیی و بێ ئەوەی سروشتی زەوییەکە بگرنە بەرچاو، دەڕەتێنن و ماندوو و بەد ئەخلاق و تووڕەیان دەکەن.

لە باری فیزیکەوە، کورد خاوەنی ئەندامێکی جوان و بەهێزن. بە رواڵەتی گشتی، زۆر لە ئێرانی دەچن، بیچمی دەم و چاویان هێلکەییە؛ روخساریان تیژ ولووتیان قوتە. دەم و چەنەیان هەندێ کشاوەتە دواوە؛ چاویان قووڵ و رەش وهۆشمەندە؛ برۆیان پان و رێکە وکەمێک بەرەو دواوە کشاوە؛ بەگشتی، روخساریان لە هی ئێرانییەکان جوانترە، بەتایبەت دەست و قامکیان کە بچووک و قەڵەمین.

ژنیان بە گەنجی گەڵێک جوانە بەڵام روخساریان دوای ئەوەی لاویەتییان دەژاکێ، خێرا وەک روخساری پیاوی لێدێت. دەتوانین بڵێین ژنان هەمیشە بێ حیجابن و حیجاب گرتن شتێکی نائاساییە. لە ناو هەندێ هۆزی تایبەتدا نەبێ، تەنانەت لە کەمترین رادەشدا هەوڵی خۆشاردنەوە نادەن و ئیجازە دەدەن نۆکەری پیاویان لە گەڵدا بێت گەرچی هەندێ ژن، رووبەندە لە مووی رەشی ئەسپ دەچنن بەڵام لە ناو چینی سەرەوەی کۆمەڵگا یاخود لە کاتی چاوپێکەوتنی بێگانەکاندا نەبێت، بە دەگمەن رووی خۆیانی پێ دادەپۆشن. مێردەکانیان، مافێکی بەرانبەر بە خۆیان بە ژنان دەدەن و بە چاوێکی سووکەوە دەڕواننە حاڵەتی کەنیزایەتی ژنی تورک. بەڵام بۆ سەرەک خێڵ، شتێکی ئاساییە زەخت بخاتە سەر دایک و باوکی هەژار بۆ ئەوەی کچەکەیانی بۆ کەیف کردنی موەقەقەت پێ ببەخشن. ئینجا سەرەک خێڵ لێی جیادەبێتەوە و لە نۆکەرێکی خۆی مارە دەکات تا رێگا بۆ ژن هێنانێکی دیکە خۆش بکات.

روخسارێکی سەرنج راکێشی دیکە لە کاراکتەری [کوردان]دا، بەگوێرەی قسەی هەمان نووسەر، شانازی کردن بە باو وباپیران و بەسترانەوەی هەموو چینێک بە سەرەک خێڵەکەیانەوەیە کە تەنانەت لە تاراوگەدا لە گەڵی دەکەون بەڵام سەرەک خێڵ، مەزنایەتی خۆی لە سەر رەعیەت، ناشارێتەوە و رەعیەتیش رقی لەو هەڵس و کەوتە نابێتەوە، جەرگی ئەوەشی نییە کە دەست بۆ مافی تایبەتی سەرەک خێڵ درێژ بکات.(٦٩)

لێرەدا، ئەوەی مابێتەوە باسی دەسکەوتەکانی وێژەی کوردییە، کە ئەویش بەهۆی نەبوونی زمانی نووسین لە ناو کورداندا، کاتێکی زۆر لە خوێنەری ئەم وتارە ناگرێت. وەک پێشتر گوترا، کورد بە کرمانجی(٧٠) دەئاخفێ(٧١)، کە لقێکە لە زمانی فارسی و بەهۆی هەندی وشەی خوازراوەی عەرەبییەوە تا رادەیەکی وا کامیل کراوە کەبتوانێ بیروڕای بۆ کورد نەناسراوی پێ دەربڕێ.(٧٢)

[كـوردیی] ، ژمارەیەک شێـوەزمانی لێ دەبێتـەوە، کـە گرنگتـریان بریتین لە هی کوردی موکری[٧٣] و شێوەی هەورامی(لە سەر سنووری تورک و ئێرانی و ئەوپەڕی بەغدا) و گۆرانی. ئەوەی دواتریان، گەرچی لە گیانەڵڵادایە، هێشتا لە لایەن هۆزەکانی هەورامان و ڕێژاو و کەنوولەو بەشێک لە هۆزانی سەنجابی، گۆرانی و باجەلانییەوە قسەی پێ دەکرێ، بەڵام وردە وردە، شوێنی خۆی بۆ کرمانجی بەجێ دەهێڵێ.

هەورامی، هەرچۆنێک بێت، شێـوە زارێکی وەک کرمانجی نییە کە فۆڕمی جـیـاوازی ڕێزمـان و کـۆمـەڵە وشـە و زاراوی تایبـەت بەخـۆی هەبێ، بەڵکوو شێوەیەکی فارسی کۆنە، کە رنگە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دایکی خۆی جیا بووبێتەوە و بە سەربەخۆییەوە، وشەی خـوازراوی لە کـرمـانجی وەرگـرتبێ. ئەم شێـوەیە، گەرچی لە گەڵ لوڕی باکووردا هاوسنوورییەکی نزیکی هەیە، بەڵام بە پێچەوانە، واهەیە لە هەمو شێوەکـانی دیکەی کوردی شـوێنی فارسی تازەی کەمتـر لە سەر بێت. سەبارەت بە شێوەی هەورامی، گرنگترین خاڵ، پەیوەندییەتی لە گەڵ زازایی واتە زاراوەی کەم بایەخی نیوە وەحشییانەی چینی بە مەزەندە دواکەتوو و نزمی کـورد لە کـوردسـتـانی ناوەندی[!]. زازایی بە هیچ شێـوەیەک کـرمـانجی نـیـیـە و هەرچۆنێک بێت، بەهۆی کەم توانایییەوە، مەجبوور بوە بۆ دەربڕینی هەر شتێکی جیا لە بیری ساکار، تا رادەیەکی زۆر قەرز لەو وەر بگرێ. لە راسـتیدا، زازایی شێوە زمانێکی کۆنە، کە تا ئێستا ماوەتەوە و وا دەردەکەوەێ فارسی نوێ شوێنی لەسەر دا نەنابێت.[٧٤]

بەهۆی ئەو کۆسپ و کلۆیەی لە بواری قسەکردندا هەیە، جێگای سەرسوڕمان نابێت ئەگـەر ببـینین کـورد نەیـتـوانیـوە ئەدەبیـاتێکی نەتەوایەتی پێک بێنێ یا سەرنج بداتە ئەدەب. کـوردانی ئەییووبی لەم یاسایە جیاواز بوون. لە زۆر شوێن،

شیعر به سەلاحەدیندا هەڵدەگوترا.[75] "ابن عنین"ی ناسراو کە لە دیمەشق دەرکرابوو، بەهۆی قەصیدەیەکی جوانەوە کە بۆ "العادل"ی دانا، ئیجازەی گەڕانەوەی ناوشاری پێدرا.[76] "تاج الملوک"ی برازای سەلاحەدین کە لە لایەن بیۆگرافی نوسێکی عەرەبەوە، بە پیاوێکی لێهاتوو ناسێنراوە، بەیازێکی لە شیعرەکانی خۆی پێک هێنابوو کە هەندێکیان باش و هەندێکی دیکەیان لاواز بوون.[77] "الافضل"ی کوڕی سەلاحەدین، یارمەتی "البندهی" مامۆستای خۆی دا، بۆ ئەوەی گەلێک کتێبی بەنرخی کەم وێنە بخاتە دەست.[78] و گۆڕی "الاشرف" لە دیمەشق، کرایە کتێبخانە.[79]

بەڵام پێویستە ئەومەسەلەیە لە بیر نەچێت کە هەموو ئەو کارانە بە عەرەبی نووسراون و دوور نیە پەروەردە بوون بە فەرهەنگی عەرەبی بووبێتە هۆی ڕێزگرتنی کوردانی ئەییووبی لەو چەشنە شتانە. هەروەها کورد لە کاری توێژینەوەی "حقوق"[فقه]دا پاشکەوتون. تەنیا دوو "فقیە ناوداری کورد لە لایەن "ابن خلکان"ەوە ناوبراون کە بریتین لە- "تقی الدین بن الصلاح"ی شەهرەپیر لە مەزهەبی شافیعیدا کە لە ساڵی ١٢٤٥ لە دیمەشق مردوە[80] و "عیسای هەکاری" کە لە ١١٨٩دا، کۆچی دوایی کردوە.[81]

لە سێ نووسەری گەورەی کورد، یەکیان "ابوالفداء"ی شازادەی ئەییووبی لە شاری "حماە"، کتێبێکی جوغرافیاو هەروەها مێژوویەکی پێش ئیسلام و ساڵنامەیەکی لە سەردەمی "محمد"ەوە تا کاتی مردنی خۆی نووسیوە بەڵام وەک زوربەی مێژوونووسانی عەرەب، تا ڕادەیەکی زۆر، بە هەوڵێکی کەم یا خود بەبێ هیچ هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگە و نیشانەکان و ئەزموونکردنی بایەخی سەرچاوەکانەوە، ڕووداوەکانی سەردەمی زووی کۆ کردۆتەوەو بە کورتی نووسیونیەوە. جوغرافیاکەشی تەنیا دووپات کردنەوەی باسی ئەو شار و وڵاتانەیە کە پێشتر جوغرافینوسە ناودارەکانی پێش خۆی بینیویانە و باسیان لێوە کردوە.

"ابوالفدا"ش کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی واتە زمانی چینی زانا و خوێندەواری سەردەمی خۆی نووسیوە[٨٢]. سەبارەت بە دوو کەسەکەی تر، واتە "ئیدریس"[٨٣] و "شرف الدین"ی مێژوونووس، دوایی لە باسی ژیانی و سەردەمیاندا زیاتر دەدوێین.

زمانی کوردی، هیچ کاتێ پێی نەنووسراوە و ئەوەش بێگومان یەکێکە لەو هۆیانەی کە هەرگیز لە ئەدەبدا نەخراوەتە کارەوە. زۆرەبەی ئەو کوردانەی هەستیان کردبێ دەتوانن جوغرافیا بنووسن، ئەگەر ویستی ئەوەشیان بووبێت کە بەکوردی بنووسن، مەجبوور بوون لە تیپی عەرەبی کەڵک وەرگرن؛ هەر بۆیەش، خۆیان لە قەرەی ئەو زەحمەتە نەداوە کە ئەلف و بێی بێگانە بۆ زمانەکەیان وەرگرن. بەپێچەوانە، کەڵکیان لە عەرەبی وەرگرتوە، کە زمانێکە بۆ نووسین سروشتی تر و بەرێ و جێ تر ولە باری سەرچاوەوە، لە رادەبەدەر دەوڵەمەند و بە هۆی بەکار هاتنی لە ئەدەبی ئیسلامدا، لەوپەری پێشکەوتندایە.

جیا لەو سێ نووسەرە ناسراوانە کە بە عەرەبییان نووسیوە [شرف الدین، مێژووەکەی خۆی بە فارسی نووسیوە. وەرگێڕ]، ژمارەیەکی کەم لە نووسەر و زانایانی کورد، لە سەردەمی جیاوازدا، شیعریان بە زمانی نەتەوایەتی خۆیان هۆندۆتەوە. "عەلی حەریری"(١٠-١٠٠٩ تا ١-١٠٨٠ز) خەڵکی حەریر لە ناوچەی هەکاری، کۆمەڵێ شیعری لە پاش خۆی بە جێ هێشتوە کە لە کوردستاندا بە باشی ناسراون. "مەلای جزیری" کە ناوی راستەقینەی شێخ ئەحمەد"بوە(٩-١٠٧٨ تا ١-١١٦٠ز) لە بوهتان لە دایک بوە و ئەوینی خوشکی ئەمیری هۆزەکەی خۆی، چۆتە دڵەوە و شیعری پێدا هەڵگوتوە کە کوردی سەردەمی خۆی حەزی زۆریان لەو شیعرانە کردوە. سەرەڕای ئەوەش، دەگوترێ دەستی کچە ئەمیرزادەکەی بۆ مارەکران داوەتە دواوە و گوتوویەتی ئەم کارە، شانازییەکی لە رادەبەدەر دەبێت بۆ کەسێک کە بە بچووکی لە دایک بوە.

"مـحـمـد" به نازناوی "فـەقێ تەیران"ەوە (٣-١٣٠٢ تا ٦-١٣٧٥ز)، خەڵکی شاری مـەکس، ژمـارەیەک چیـرۆک و شـیـعـرێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە کە هەڵبژاردە و جوان و پاراون. "مەلا ئەحمەد" (٨-١٤١٧ تا ٥-١٤٩٤ز)، خەڵکی ناوچەی هەکاری، شیعری زۆری لێ بەجێ ماوە، کە لە دیوان و بەیاز و نامیلکەدا، وەکۆکراون و ناوی "مـەولـود" یا "لەدایکبـوونی محمد"یان لێنراوە و ناوبانگێکی زۆریان لە کوردستان دەرکردوە.[٨٤]

"ئەحمەدی خانی" لە "خانیان"ی کورد کە بنەماڵەیەکی هۆزی هەکاری بوون و لەساڵی ١٥٩١ یا ٩٢دا چووبوونە بایەزید، دانەری هەندێ شیعری عاشقانە و فەرهەنگێکی بچووکی وشەی هەڵبژاردەی کوردی و عـەرەبییـە و کۆمـەڵێکی زۆری شـێـعـری کـوردی، فارسی و عـەرەبی داناوە. [خانی] لە هەندێ هونەری دیکە و زانستی تەبیعیدا شارەزا بوە و لە ساڵی ١٦٥٢ یا ١٦٥٣ی زاییینیدا مردوە [ساڵی مردنی خانی بە گوێرەی نووسینی مامۆستا علا الدين سجادی ١١١٩/١٧٠٧ زایێـینیـە(طارخانی الیٰ ربه). سـاڵی ١٦٥٢ واهەیە سـاڵی لەدایکبـوونی خانی بێت. وەرگێڕ]. "ئیـسمـاعیلی بایەزیدی" (٥-١٦٥٤ تا ١٠-١٧٠٩ ز) فەرهەنگێکی بچووکی کـرمـانجی-عـەرەبی-فـارسی بۆ کـەڵک وەرگـرتنی لاوان کـۆکـردۆتەوە و ناوی "گـوڵزار"ی لێ ناوە. زۆر شـیـعـری کـەم بایەخیشی بە کوردی هۆندۆتەوە.

"شەرەفخان"(٨-١٧٣٧ تا ٥-١٧٨٤ ز)، میـرزادەیەکی هەکاری کە، لە "جۆلەمێـرک" لە دایک بوە، هەندێ شیـعری بەکـوردی و فـارسی لـە خۆی بەجێ هێـشـتـووە. "مـورادخـان" (٨-١٧٣٧تا٥-١٧٨٤ز)، کـە ئەویش خـەڵـکی بایەزیدە و زۆر چیـرۆکی عـاشـقـانە وشـیـعـری لەبیـر کـراوی بە کـرمـانجی نووسیوە.[٨٥]

دوای "مـورادخـان" وادیارە وەجـاخی هەمـوو هەوڵێک بۆ نووسـینی ئەدەب

کوێر بوو بێتەوە و توێژینەوەی وردی زانایانی سەردەمی نوێ، تەنیا رووناکییان خستۆتە سەر گۆرانی و داستانی فۆلکلۆریی نەتەوایەتی.[٨٦]

لە سەردەمی ئێستادا ، کوردێکی کەم دەبینرێ کە تەنانەت لە کەمترین رادەشدا، خوێندەوار بن چون نە هۆشیاری و نە زاتێکی سروشتییان بۆ وەرگرتنی بیری ئابستراکت هەیە. لە راستیشدا، بلیمەتییان زیاتر لە کردەوەدایە تا فیکر وبیر. هەموو ئەو کوردانەش کە بە پایە و روتبە گەیشتوون، لە کۆلیجی پرۆتێستانی ئەمریکی "عەینتاب"ی بەیرووت یا لە ئەستەموڵ و شوێنی دیکەی دەرەوەی کوردستان پەروەردە کراون. هەروەها دەرس خوێندن، کە کورد تییێدا زیاترین لێهاتوویی نیشان دەدات، روانگەیەکی بەکردەوەی بۆ کار وەدەست هێنان لە ئەرتەش یاخودلە ئیداراتی میریی، تێدایە.

ژمارەی ئەوانەی وا سوودیان لە خوێندەوارییەکی لیبراڵ وەرگرتبێ، کەمە و رەنگە ئەوانەی زیندوون، ژمارەیان نەگاتە دەرزەنێک. لە ناویاندا، دەتوانرێ ئاماژە بە پێنج کەس بکرێ کە لە حکوومەتی عوسمانیدا روتبەی بەرزیان هەبوو. ئەو پێنج کەسە، بریتین لە: سیدعبدالقادر، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، عززەت و سەعید پاشا و زکی پاشا، کە لەوانە، دوو کەسی ئاخیریان لە سەردەمی جیاوازدا وەزارەتی ناوخۆیان بە دەستەوە بوو؛ عبدالقادر لە سەردەمی عبدالحمید دا دوور خرابووەوە و دوای راگەیاندنی مەشروطە، پایەی بۆ "سەناتۆری" بەرز بووەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا سەرۆکی شورای نەتەوایەتی عوسمانیيە.

جەنەڕاڵ شەریف پاشا، "وەزیری موختار"ی دەوڵەت بوو لە ستۆکهۆڵم و پاشان بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوە. زەکی پاشا- کە نازناوی "الچلبی" یا "حەڵەبی" هەیە، ئەندامی کومیتەی "اتحادوترقی" و کەسێک بوو بە روانگەیەکی مام ناوەنجییەوە، کە دژ بە سێربەکان وەستا و سوپای "ئوسکوب"ی

له شەڕی باڵکاندا ڕێبەرایەتی کرد، ئینجا نێررایە ئاڵبانیا و بوو بە جێ نشینی جەماڵ- وەک فەرماندەی گشتی لە سووریاـ ڕوتبەیەک کە بە جێی هێشت بۆ ئەوەی ببێ بە کاردار[ی باڵوێزخانەی عوسمانی] لە بەڕلین.

**روون کردنەوەی وەگێڕ:**

*ئەم وتارە، پاشکۆیەکی کورتی لە سەر مەسەلەی ئایینی ئێزدی کورد هەیە. من بە باشم زانی پاشکۆکە لێرە هەڵبگرم و بیدەمە دەم وتاری چوارەم (ئایینی کورد). تکایە بڕوانە کۆتایی وتاری چوارەم.*

## پەراوێزی وتاری سێهەم

(1) ئەم وتارە، لە سەرچاوەی خوارەوە ورگیراوە:
G. R. Driver, ' Studies in Kurdish History', Bulitten of School of Oriental and African Studies (S. O. A. S.), Vol. II, 1921-23, pp. 419-509.

(2) D. S. Margoliouth

(3) Gordiaea

(4) Gordys

(5) Triptolemus

(6) Gordyaei

(7) بڕوانە:
Strabo, Geographica, 16, 1, 25, p. 747 and 16, 2, 5, p. 750
Stephanus Byzantinus, Ethnica "کەستێفانووسی بیزانسی"
(چاپی Meineke)، لە بەرگی ١، ل. ٢١١دا، بۆچوونی ئەوی کۆپی کردوە.

(8) بە ناوی "کورد"ی کوڕی "مەرد"دا، وا دەردەکەوێ کە "کورد"، ناوی سەرەک هۆزێکی قارەمانی خەیاڵییە، بەڵام ئەوەی کە بە کوڕی "مەرد"یان داناوە، رەنگە بەو هۆیەوە بووبێت کە ویستبێتیان پەیوەندییەکی بدەن بە[قەومی] "مەردیی" کۆنەوە (بڕوانە: بەرگی ٢، بەشی ٢، لاپەڕە ٢٠٠ی ئەم گۆڤارە [واتە گۆڤاری سواس. وەرگێڕ]).

(9) ئەم وشە عەرەبییەی وا لێرەدا بۆ واتای "دەرکردن" کەڵکی لێ وەرگیراوە، "کرد"ەیە لە رەگی "کرد". حیکایەتەکە، بەهۆی نزیکایەتی وشەیی لە نێوان "کەرد" و "کورد"دا هاتۆتە دروست بوون و تەنیا دەتوانێ نموونەیەک بێت بۆ دوو وشەی لە یەکچووی ناسراو.

(10) مسعوودی، مروج الذهب (چاپی de Meynard و de Courteille)، بەرگی ٣، فەسڵی ٤٦، لل ٢٥٣-٢٤٩. هەمان نووسەر، لە شوێنێکی دیکەدا، زۆر شتی جیاواز دەڵێ و دیعایەی ئەوە دەکات کە بناغەدانەری رەگەزی کورد، "ابن اسفندیاذ" کوڕی مەنووچیهر یا کوردی کوڕی مەردی کوڕی صەعصەعە کوڕی حەڕب کوڕی هەوازنە، یاخود ئەوەی کە دەڵێ کورد نەوە و نەتیجەی سەبیع کوڕی هەوازن یا بەکری کوڕی هەوازنن لە کاتێکدا کەسانی دیکە لایان وایە ناوی باپیرەگەورەی [کورد]، رەبیع یا بەکری کوڕی واعیل بوە. (التنبیه الاشراف، چاپی de Goeje لە:
'Bibliotheca Geographorum Arabicorum'، بەرگی ٨، ل. ٨٨ تا ٩١دا).
"ابن خورداذیبە" دووشێوە لەم ئەفسانەیە دێنێتەوە: بە گوێرەی یەکیان، باپیرەگەورەی کورد،

شاهێکی یەمەنی بەناوی "عمروالمزکیه" بووە کە چوە بۆ ئێران. بە گوێرەی ئەوی دیکەیان، کوردی کوڕی "عمرو" بوە. (وفیات الاعیان، چاپی de Slane، بەرگی ٣، لل. ٥١٥- ٥١٤).

داستانی مارەکانی بۆتە مەتەڵ و بە زیادکراوێکی زۆرەوە لە "نخبەالدهر"ی "ئەنصاری"دا دووپات بۆتەوە (چاپی Charmoy ل. ١٩). داستانەکەی ئەویش هەر بنەچەکی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ "عمرو"ی شای یەمەن (قامووس، بەرگی ١، ل. ٦٨٢).

(11) ابوالفداء، التواریخ القدیمه (چاپی Fleischer)، بەرگی٤، ل. ١٤٥.

(12) ابن بطوطه، سەفەرنامە (چاپی Defremery و Songunette)، بەرگی ٢، لل ٢٣- ٢٢.

(13) ابن الاثیر، الکامل فی التاریخ (چاپی Tornberg)، بەرگی ١، ل. ٧٠.

(14) بڕوانە: ابوالفرج، تاریخ الدول (چاپی Pocoke)، ل. ٥٦٤.

ئەم هەڵەیە، ڕەنگە بەهۆی عونسورێکی زۆری کوردی ناو دانیشتوانی لوڕستانەوە سەری هەڵدابێت (قاموس، هەمان) لە شوێنێکدا کە دەگوترێ: کورد لە کاتی هێرشەکەی شاعەبباسی یەکەمی سەفەوی (ساڵی ١٦٠٦ی زایینی)، لەوێدا عونسوری غاڵب بوون. ئێستا وادەزانرێ کە لوڕ، خەڵکێکی ئێرانی بن کە خوێنی سامییان لە ڕەگدایەو زمانیان بریتییە لە لەهجەیەکی فارسی. لوڕی، لەباری سروشتییەوە لە کوردی - کە شێوەیەکی ناوچەیی زمانی فارسییە[!]، جیاواز نییە.

(15) بڕوانە:

Haitun, Recueil des Historiens des Groisades, Documents Armenians, بەرگی ٢، لل ٣٤٤-٣٤٣و ٢٢٥.

وا دەردەکەوێ کە هەمان نووسەر لە چەند نووسراوەدا ئاماژەی بەوە کردبێ کە وڵاتی ماد، شوێنی ڕاستەقینەی کورد بوە. (هەمان شوێن، ل ل ٢٦٧، ١٢٧).

(16) Karduchi

(17) Xenophon [کتێبی "گەڕانەوەی دەهەزارکەس"]

(18) Gordyaei

(19) Kordukh

(20) Kortschiakh

(21) Gardü

(22) [ئەو بۆچوونە سەبارەت بە پەیوەندی زمانی کوردی و فارسی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە ناو ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەورووپی باو بوە و درەنگتر، کەوتۆتە دۆخێکی زانستییانەترەوە کە تێیدا، دان بەمەسەلەی سەربەخۆیی زمانی کوردی وهاوریشەبوونی لەگەڵ

زمانی فارسیدا، دەنرێت].

(23) بڕوانە: Hirt, Die Indogermanen, Vol. i, pp. 99-113

کە، خشتەی نێو دەقی ئەم وتارەش هەر لەو وەرگیراوە. بڕوانە:
E. B. Soan, 'Notes on the Phonology of Southern Kurmanji', Journal of Royal Asiatic Society, 1922, pp. 191-226.

کە، بیروڕای Darmesteter, Justi و Socinی تێدا خراوەتە بەر چاو.

(24) Caspian Dialects

(25) [شێوەی مازەندەرانیش وەک تالیشی و گێلانی، باکوورییە و دڕایڤر تووشی هەڵە هاتوە کاتێ کە بە باشووری داناوە].

(26) بڕوانە: Réclus, Norelle Geographie, p. 342

(27) بڕوانە: Quatremére, Notice et Extraits des Manuscripts dans la Bibliotheque de Roi (Paris), vol. 13, pp. 305 FF.

(28) بڕوانە: Encyclopaedia Britanica, Caucasia, vol. v, p. 548.

(29) هەمان سەرچاوە، Persia، بەرگی ٢١، ل ١٩٩.

(30) هەمان سەرچاوە، Turkey ، بەرگی ٢٧، ل ٤٢٧

(31) [سیاسەتی جیاکرنەوەی کوردانی ئێزەدی و زازا و قزڵباش لە پاشماوەی کوردەکان، کە ئێستا لە لایەن عەرب و ئەرمەنی و ئازەربایجانی وتورکانەوە ڕەچاو دەکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر. تەنانەت لە خشتەکەی کلیسەی ئەرمەنیشدا، ئەگەر ژمارەی کوردی قزڵباش و زازا و ئیزەدی بخرێتە سەر کوردی موسڵمان، ژمارەیان لە تورکان زیاتر دەبێت. ئاشکرایە خشتەی ناوبراو بە گوێرەی ئایین دارِژاوە بەڵام بە گشتی، ئەرمەنییەکان و تورکان هەوڵێکی زۆر بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەشە لێک دانەبڕاوانە لە یەکتر دەدەن.وەرگێڕ].

(32) بڕوانە: Mesopotamia, (No. 63 of the 'Handbook's, prepared under the direction of the Foreign Office), P.7

(33) [لێرەشدا، هەمان هەوڵ بۆ جیاکردنەوەی شەبەک و ئێزەدی لە کورد دراوە].

(34) الانصاری، نخبەالدهر، (چاپی Charmoy)، ل ١٩.

(35) ناوی تەکنیکی ئەو هۆزانە و دابەشکرانیان، بە شێوەی خوارەوەیە:

عەشیرە = هۆزی مەزن؛

قەبیلە = هۆزی مام ناونجی؛

طایفە = کلان (clan)؛

خانە = ڕەشماڵ یا خێزانێک کە لە شوێنێکدا نیشتەجێ بن؛

ئەهلی چادر یا ئەهلی خەیمە = دانیشتوانی ڕەشماڵ؛

کۆچەر= سەحرانشین؛
ئەکینجی= کرێکاری نیشتەجێ.
"ئان"، "یی" و "لی" یا "لوو"، هەندێ پاشگرن ، بە پێی عادەت دەخرێنە دوای ناوی هۆزەکان.
بڕوانە:
Jaba, Recueil de notices et Récits Kourdes.
(36) لە مەڕ ئەنجامی مەجبوور کرانی کۆچەران بە ژیانی نیشتەجێ یی، بڕوانە
'Sir M. Sykes, 'The Last Heritage of the Caliphs', pp. 403 FF.
(37) وەرگیراو لە:
[Major] Noel,
'The Character of the Kurds illustrated by their Proverbs and Popular Sayings' Bulletin of the S.O. A. S., vol. I, pt. Iv, pp. 79-90.
[من ئەم وتارەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و بەناوی کاراکتەری کوردان لە ژێر رووناکایی مەتەڵ و پەند پێشنییان دا لە ژمارە ٢٦ی گۆڤاری گزنیگ، زستانی ساڵی ٢٠٠٠، چاپی سوید دا بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕ]
(38) دەگوترێ زۆرێک لە کوردی ئەرمەنستان ئەندامێکی لەش یاخود، شوێنێکی سەری خۆیان دەبڕن بۆ ئەوی جیاوازبوونی خۆیان لە خەڵکی دەروبەر، بخەنە روو (بڕوانە: ئەنسیکلۆپێدیای بریتانیا، لە ژێر مادەی Mutilationدا بەرگی ١٩، ل ١٠٠). بەڵام نووسەر [درایڤر] نەیتوانی هیچ پەسندێک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزێتەوە.
(39) Barbas
(40) Turkman- Sirkintli
(41) The Kurd- Jarid
(42) Karsant
(43) The Manamanji- Ashirati
(44) Cilician Kurds
(45) Causa Causarum کە لە سەدەی یازدەهەم یا دوازدەهەمدا نووسراوە (چاپی Kay-ser)، لاپەڕە ب٦٧ (لە دەقی سوریانیدا، ل ١٥٠ و لە دەقی ئاڵمانیدا، ل ١٩٤).
(46) الیعقوبی، البلدان، لە:
Bibliotheca Arabicorum ( ed. de Geoje), vol. 7, p. 236.
(47) مەسعوودی، مروج الذهب، بەرگی ٨، فەسڵی ١٢٢، ل ٩٠.
(48) ابن جبیر، رحلە (چاپی Goeje)، ل ٢٤٠ (= ١٤٠).
(48a) التفرخی، النشور (چاپی Margoliouth)، ل ,١٩٠.
(49) الهمدانی، رسالە (چاپی بەیرووت)، ل ١٧٢

(50) Marco Polo, Travels (ed. Yule), Vol. i, p. 62

(51) ابن مسكويه، تجارب الامم (چاپی Margoliouth)، بەرگی ٢، ل ١٤٠

(52) ابن الاثیر، هەمان، بەرگی ٤، ل ٢٦٣.

(53) الطبری، ساڵنامە، (چاپی Nöldeke)، ل ١١.

(54) هەمان، ل ٢٧٩

(55) Freytag, Arabum Proverbia, vol. 3, p. 398

(56) بڕوانە:

'The Syriac Life of Mar Yabhalaha' (ed. Bedjan), ch. 18, pp. 186-7 and ch. 19, p. 201.

(57) Suidas, Lexicon (ed. Gaisford), vol. ii, p. 1979.

(58) Haitun ستایشی لێهاتوویی کوردی دەوروبەری ماردین دەکات بۆ تیروکەوانداریی. بڕوانە:

Documents Arméniens, loc. cit., vol. ii, pp. 131-2.

(59) [بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مەسەلەی کوشتاری ئەرمەن بە دەست کورد، بڕوانە: دوکتۆر کەماڵ مەزهەر، «مێژوو»].

(60) Argut Dgh

(61) Auruman Dagh [دەبێ "ئەورامان داغ" بێت]

(62) بۆ مەسەلەی داهاتی سروشتی و بازرگانی کوردستان، بڕوانە:
Asiatic Review, vol. 17, No. 52, pp. 695-700

[ئەوەش وتارێکی درایڤر خۆیەتی و وەک بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە، وەرمگێڕاوتە سەر کوردی. وەرگێڕ]

(63) مێجەر نۆئێل، هەمان.

(64) هەمان

(65) Xenophon, Anabasis, 5, 5, 17.

(66) Gibbon, 'The Decline and Fall of the Roman Empire', ch. 54

(67) مێجەر نۆئێل، هەمان.

لەمەڕ کاراکتەری کوردی ئەمڕۆیی، هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- * [Sir M.] Sykes, 'The Last Heritage of the Caliphs.'
- * [C. J] Rich, 'Narrative of a Residance in Koordistan.'
- * Millingen, 'Wild Life among the Kurds.'

(68) ریچ، هەمان سەرچاوە. لە ناو کتێبەکانی ریچ لە مووزەخانەی بریتانیادا، کتێبی "تاریخ الاکراد" هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە و لە کوردستان کەوتۆتە دەستی. [ئەو "تاریخ الاکراد"ەی وا درایڤر لێرەدا باسی دەکات، لە راستیدا، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی یە

که هەندێ جار لە ناو ئەوروپییەکاندا، بەو ناوە دەناسرێ، نوسخەی ئاماژە پێکراو، دەبێ دەستنووسی ژمارە Add. 22698 بێت کە محمد طاهیری کوڕی عبدالجواد- کتێبداری کتێبخانەی "شێخ صفی الدین اسحق" (باپیرەگەورەی شاهانی سەفەوی) لە ساڵی ١٢٣١ (١٨١٦ز) نووسیویەتەوە و لە لایەن عباس میرزا- وەلیعەهدی فتحعلی شای قاجار (١٢٥٠-١٢١١ک)ەوە، پێشکەش بە کتێبخانەی "امان اللەخانی ئەردەڵان" کراوە. ریچ لە سەفەرنامەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە لە بانە، چاوی بە ئەمان اللەخان کەوتوە و داوای "تاریخ الاکراد"ی لێ کردوە ئەویش گوتوویەتی: "وەڵڵاهی دەتدەمێ!" ژنی ریچ کە سەرفەرنامەکەی ئەوی دوای مردنی ریچ لە چاپ داوە، دەنووسێ ئاگادارە کە نوسخەی ئەو کتێبە کەوتۆتە دەست ریچ، بەڵام دڵنیا نییە ئایا لە لایەن "امان اللەخان"ەوە پێی دراوە یان لە شوێنی دیکەی وەدەست هێناوە. وەرگێڕ]

(69) [نووسەر، زۆربەی زانیارییەکانی ئەم بەشەی، لە سەفەرنامەی "ریچ" وەرگرتوە، بەڵام ئاماژەیەکی راستەوخۆی بەم سەرچاوە گرنگە نەکردوە. وەرگێڕ]

(70) [ئاگادار نەبوون لە شێوە زمانەکانی کوردی و ئاماژەی تەنیا بە سەرەکی ترینیان، نیشانەیەکی دیکەیە بۆ زانیاری ناتەواوی نووسەر.]

(71) تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کوردان، مەیلی داتاشین وسووک کردنی وشەیانە. بۆ نمونە: "مەموو" لە جیاتی مەحموود و"شەمس دینان" لە جیاتی شمس الدین دادەنێن.

(72) بڕوانە:

- * E. B. Soane, Kermanji Grammer;
  * Yosef Pasha, Dictionaire Kurde- Arabe, (Istambul);
- * Schindler, 'Beiträge zum Kurdischen Wortschatze' in the Zeitschrift der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft, vol. 42, pp. 73-9(بۆ مەسەلەی زمان)

(73) بڕوانە:

O. Mann, Kurdisch- Persische Forschungen:
Ergebnisse einer von 1901 bis 1903 in:
'Persian ausgeführten Forschungsreise',

کە بەشی یەکەمی سەبارەت بە شێوە زمانی موکرییە.

(74) Soane, 'A Short Anthology of Gurani Poetry', in the Journal of the Royal Asiatic Society, 1921, pp. 57-81

[من ئەم وتارەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و وەک پاشکۆی یەکەمی کتبی «کەشکۆڵی شیعرێکی کوردی گۆرانی»لە لەندەن بلاّوم کردۆتەوە. وەرگێڕ]

(75) ابن خلکان، وفیات الاعیان (چاپی de Slane)، ٣، ل ٢٢٩

(76) هەمان، ٣، لل ٢-١٨١

(77) هەمان، ١، لل ٣-٢٧٢

(78) هەمان، ٣، لل ٢-١٠١

(79) هەمان، ١، ل ١٩٧. نزیک بە هەمان شێوە، "الظاهر"ی خاوەنی شاری حەڵەب، مێژوونووسێکی ناسراوی میسری بە ناوی "جمال الدین بن القفطی" هێنایە خزمەت خۆی (ابوالفرج، ل ٥٢١).

(80) هەمان، هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢، لل ١٨٨تا ١٩٠. دوای دەرس خوێندن لە مووسڵ کۆچی کرد و چوە اورشلیم، لە "مدرسەالصالحیە " دەرسی دەگوتەوە؛ لە ساڵی ١٢٠٩ی زاییینیدا، چوو بۆ دیمەشق و لەوێ- وەک پسپۆڕێکی شافیعی دەرس بێژیی دەکرد. لە ساڵی ١٢٤٣دا، بوو بە سەرۆکی "مدرسەالاشرفیە" کە لە لایەن "ست الشام"ی کچی سەلاحەددینەوە دامەزرابوو. (ابوالفداء، ساڵنامە (چاپی Reise)، بەرگی ٤، لل ٤٨١-٤٦٦)؛ هەروەها بڕوانە برۆکلمان، هەمان سەرچاوە، بەرگی ١، لل ٣٥٨ تا ٣٦٠.

(81) ابن خلکان، [هەمان]، ٢، لل ٤٣٠ تا ٤٣١؛ ابن الاثیر، کامل، ١٢، ل ٢٧؛ ابوالفداء، ٤، ل ١٠٣. وادیارە کورد، لە دەوروبەری ئەو سەردەمانەدا گرنگایەتیان بە زانستی شەرع دابێت، چون "ابوشامە" باسی مشت ومڕێکی کردوە کە لە مووسڵ لە نێوان دوولایەنی عەرەب و کورد سەری هەڵدا و وەها گەورە بووەوە کە "نورالدین" مەجبوور بوو هەردوولا بانگ بکاتە "حەڵەب" و بەم شێوەیە چارەسەری مەسەلەکە بکات کە مەدرسەیەک بخاتە بەر دەستی هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی بتوانن بیرو بۆچۆونی خۆیانی تێدا بە دەرس بڵێنەوە (کتاب الروضتین، لە Recueilدا، بەرگی ٤، لاپەڕە ٢٨)

(82) لە مەڕ نووسراوەکانی ابوالفداء، بڕوانە:
Brockelmann's Geschichle der Arabischen Literatur, vol. 2, pp. 44-6.
مێژوەکەی، ناوی "مختصرتاریخ البشر" و جوغرافیاکەی، ناوی "تقویم البلدان"ە.

(83) بڕوانە: Brockelmann, op. cit., vol. ii, p. 233.

(84) Mala'i Ahmad

(85) Jaba, 'Recueil de Notices et Recits Kourdes'.

(86) بۆ نموونە، بڕوانە:
Prymn and Socin, 'Kurdische Sammlungen'.

## وتاری چوارەم:

# ئايينی كورد (١)

جۆرایەتییەکی بەرچاوی ئایینی لە ناو کورداندا هەیە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەو راستییەی کە لەلایەن بینەرانی دژ و ناحەزەوە، بە بوتپەرەست دابنرێن.[١] کورد، چەندین فیرقەی مەسیحی وهەروەها موسوڵمانیان لەناودایە و ئەوی دواییان، "میللە"[٢] یا ئایینی سەرەکی خەڵکی دانیشتووی کوردستانە[٣] جگە لەوانە، فیرقەی زۆری دیکەش هەن کە گرنگایەتی ئەوتۆیان نییە و بەشی زۆریان بریتین لە قزڵباش و ئێزەدی.

سێ فیرقەی مەسیحی لە کوردستان هەن: یەعقوبی، ئەرمەنی و نەستۆری. لەوانە، ئەرمەنی لە باکوور، واتە لەو شوێنەی کە ئەرمەنی وکورد دەگەنە یەکتر، خاوەنی گرنگایەتییەکی زیاترن. ئەرمەنییەکان، دەبن بە دوو بەشەوە: یەکگرتوو[٤]، ئەوانەن وا هاوپاری کلیسەی رۆمین، لە کاتێکدا ئەوانەی ددان بە سەرۆکایەتی "پاپ"دا نانێن، کلیسەی نا یەکگرتوو[٥] پێک دێنن. کوردێکی کەمیش هەن، کە سەر بەکلیسەی ئەرمەنی یا یەعقووبین. کلیسەی نەستۆری بەشی زۆری کوردی گرتۆتە بەر. نەستۆری و کورد، بەهۆی مارەیی و ژن لە یەکتر خواستن و هەروەها لە باری نەژادییەوە گەلێک لەیکتر نزیکن و کاتێ کە کوردێک دەبێ بە مەسیحی، زیاتر واهەیە رووبکاتە کلیسەی نەستۆری؛ لەوەش زیاتر، هەرچەندە ژن هێنان لە نێوان موسوڵمانی سوننە و مەسیحیانی هەموو فیرقەکاندا، بە کارێکی باش دانانرێ، لە سەردەمی ئێستادا، کارێکی نائاسایی نییە ئەگەر کوردێک عاشقی کچێکی نەستۆری بێت و بیخوازێ.[٦]

بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی، ئایینی سەرەکی لە هەموو وڵاتەکەدا ئیسلامە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئایینی فاتیحان و هەموو ئەو رەگەزانەی دەوروبەر بوە، وا کورد لە گەڵیاندا کەوتۆتە پەیوەندییەکی نزیکەوە. بەڵام [لە ناو فیرقە ئیسلامیەکاندا]، ئەغلەب یەک فیرقەیە، کە زەهری خورافاتی بوتپەرەستان و داب و نەریتی سەمەرەی تێکەڵاو بوە و دەگوترێ زۆر خاڵی هاوبەشی لە گەڵ زەردوشتی و بودایی و فیرقەگەلی بوتپەرەستدا، هەیە، هەرچۆنێک بێت، لادانێکی ئەوتۆ لە ئایینی ئیسلام، چاوەڕوانی توێژینەوی زیاتر لە لایەن توێژینەرێکی ئاشنا بە هەموو لق و پۆپی ئایینەکەوەیە. پێویستە ئەوەش بگوترێ ئەو کوردانەی وا موسوڵمانن، زۆریان سوننە- واتە موسوڵمانی ئۆرتۆدۆکسن و ئەوەش هەندێکمان یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە دوژمنایەتییان بەنیسبەت ئێرانییەکانەوە، کە ناتۆرەیان بە مەیلی شیعایەتی دەرکردوە.(٧) بەڵام ئێرە، جێگەی شەرح و بەیان کردنی بیرو وبڕوای ئایینێکی وەک مەسیحیەت یا ئیسلام نییە و تەنیا هەندێ زانیاری لەسەر ئەو ئایینانەی کەم وزۆر تایبەت بەکوردن، دەدرێت بە دەستەوە(٨). لە ناو ئەوانیشدا، کە: فیرقەی "قزڵباش" و "بابی" و "ئێزەدی" بن، ئەوەی ئاخیریان نەک هەر تایبەت بە کوردە، بەڵکوو لەناو فیرقەگەلی بچووکی کورد دا، گرنگایەتییەکی زیاتری هەیە.

وشەی "قزڵباش"، لە ئەسڵدا، واتای "کڵاوسوور" دەبەخشێ و بەو ئێرانیە شیعە تایبەتانە گوتراوە کە لە سەر سنووری تورک و لە نزیک ئازەربایجان دەژین و زۆرێکیان لە ئاسیای بچووک- لە دراوسێیەتی ئانکارا و شوێنەکانی تر دامەزراون و بەهۆی کڵاوێکی سوورەوە ناونراون کە هەمیشە لە سەریان دەکرد. قزڵباشی ئەمڕۆیی کە دەگوترێ ژمارەیان دەگاتە ٤٥ هەزار کەس، ئایینەکەیان

وێچوویـیـەکی کەمی لە گەڵ ئایینی شیـعەدا هەیە و کەوتۆتە ژێر شوێـن تێکرانی کـوردانەوە و بەگـشـتـی هیچ نیـیـە، لە خـورافـاتێکی بەتاڵ زیاتر. عـیـبـادەتی سەگێکی گەورەی رەش دەکەن و نیشانەی خودایی تێدا دەبینن، وا دەردەکەوێ کە هیچ چەشنە ئوسـووڵێکی دیاریکراو یا داب و رەسـمێکی ئایینیـشـیـان نەبێت.ساڵێ جارێک لە شوێنێکی دوورەدەست کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی جەژنێک بگرن کە داب و رەسمە پڕشوورەییەکەی لە چەشنی خودای زاوزێی رۆژهەڵاتییە لە رۆم. (٨ الف) پاشـان، نوێژکەرەکان- تەنیا بۆ دژایەتی نواندن لە گەڵ چاکە و پاڕانەوە لە خـودای زاوزێ چرا دەکـووژێننەوە و ئـینجـا سـێکس وتێکەڵاو بوون-بەبێ لەبەر چاوگرتنی تەمەن یا پەیوەندی خزمایەتی دەست پێ دەکات.

ئەم خەڵکە لە ئیمپراتوریەتی تورکدا، رەسمییەتی یاساییان نییە و داب و نەریتە پڕشـوورەیـیـەکـەیان تەنیـا لە شـاراوەییـدا بە رێوە دەبرێت. ئەوان خـۆیان تەرخـانی هیچ باوەڕێک نەکـردوە جـیـا لەوەی هەمـیـشـە لە مـوسـوڵمـانە ئۆرتۆدۆکـسـەکـان دوورەپەرێز بن و لەم رێگایەوە رەنگە بگەنە ئەو مـافـانەی کە تائێستا بۆ لایەنگرانی ئایینەکە نەگیراوەتە پێش چاو.

فیرقەی بابی، میرزا علیمحمدی شیرازی(٩) لە ساڵانی ١٨٤٤ و ١٨٤٥دا لە ئێـران بنیـاتی نا و خۆی بە فـەرمانی حکوومەتی ئێران لە تەورێز کـووژرا. ئیعدام کردنەکەشی بە یارمەتی کوردی شقاقی هاتە ئەنجام (١٠) بەڵام بزووتنەوەکەیان بەهۆی جێگرایەتی لایەنگرانی گیـانفیـدای بابەوە درێژەی کـێشـا و ئێـسـتـا مەرکـەزیان لە "عەککا"ی سووریایە(١١).

بابیـیـەکـان گـومـانیـان لە "صـحـیـح" بوونی قـورئاندا هەیە و وەک ئاکـامـێک، دەستووراتی وەرگیـراو لە تەفـسیری قورئان دەدەنە دواوە و نووسراوەیەکی بێ نەزمی ئەوتۆیان کـردۆتە جێ نشـینی قـورئـان، کـە تەعـلیم و فـیـرکـردنەکـانی روون نیـیـە.

بابیەکان، دەسەڵاتداریی مەلا و ئاخوند لە ئیش و کاری ئایینیدا دەدەنە دواوە بەڵام- لای کەم بە رواڵەتیش بێت، پێغەمبەرایەتی محمد دەسەلمێنن چون دیعایەی ئەوە دەکەن کە داب و رەسمی ئایینی بە پێ ی سەردەم، تووشی ئاڵ و گۆڕ هاتوە و تێکدراوە، مەلایانیش داگیرکەری شەرعی خودا نەبێ هیچ نین.
واهەیە ئەوان بەوە تاوانبار بکرێن کە لایەنگری کۆمۆنیزمن یا پڕو پاگەندە بۆ کەڵک وەرگرتنی بێ رێگا و رەوشت لە ژنان دەکەن.

بابی، باوەڕیان بە چەشنە "تناسخ"ێکی رۆح هەیە؛ بابیەک کە ئەمڕۆ لە سەر ئایینی راست بمرێ، چەند رۆژێک لە "بەرزەخ" دەمێنێتەوە تا رۆحی دەچێتە لەشی بابیەکی دیکەوە کە پێشتر چۆن بووبێت، بەهەمان شێوە، سەر لەنوێ بە کەسە مردوەکە دەناسرێتەوە. بەهۆی ئەم "تێز"ەوە، هیچ بابییەک نامرێ و مردن تەنیا لە بەر چاو ونبوونی سەردەمی کۆنە پێش ئەوەی دەرگای ژیانێکی تری بۆ یەکالا بکرێتەوە، لەم "تناسخ"دا، کە دەتوانرێ شوینی هەتا مەودایەکی زۆر هەڵبگیرێ،رۆحی هەموو سەرۆکێک وەک رۆحی ئیمام یا قارەمانێکی ئەفسانەیی ئایینی شیعە چاوی لێ دەکرێ.
دەگوترێ، ژمارەی کەسانێ کە لە کوردستان لەسەر ئەو ئایینەبن، لە ٥هەزار کەس تێپەڕ ناکات،کە ئەوانیش لە گوندەکانی مەڵبەندی هەکاری-نێوان باشقەلا و قوتووری نزیک سنووری تورک و ئێراندا، نیشتەجێن [١٢]. مل دابردنی موتڵەقی لایەنگرانی ئایینەکە بۆ سەرەک هۆز و ئیلتیزام و هەروەها پارێزگاری کردنی پیرۆزی نهێنیەتی لە کاروباری ئایینی دا بۆ تەهۆی ئەوەی کە [سەرەک هۆزەکان] هەمان ئیتاعەی موتڵەقیان لێ بکرێت کە سەردەمێک لە شێخی ناوچە شاخاوییەکان دەکرا.

[لەنێـو كـوردانـدا] ،هەروەها ژمـارەيەكی كـەم لەو هۆزانە دەبينرێن كـە داری دارسـتـان دەپەرەسـتن وهەندێ بەردی ناقـۆڵا ياخود، شـێـوەيەكی دەست تێـوەردراوی نەعەمـلاوی بەردی وەک كێلی بەردينيان لە كەلێن وقوژبنی شاراوەی وڵاتەكەياندا هەيە. ئەم خـەڵكە كـە واهەيە بە كـوردی زازا بنـاسـرێنەوە، لە چوار قـوڕنەی وڵاتەكەدا بڵاو بوونەتەوە.

كوردی ئيزەدی دەكرێ بڵێين ژمارەكردنيان شتێكی نەگونجاوە چون لە هەموو شوێنێكی كوردستان هەر لە باكووری سووريـاوە تا سنووری ئێران بڵاو بوونەتەوە، بەڵام زوربەيان بە شێوەيەكی سروشتی لە "جبل سنجار"- دەوروبەری مەركەزی ئايينی رەگەزەكەی خۆيان و گۆڕی "شێخ عەدی" لە نزيک گوندی "ئەلقەوش" كۆ بوونەتەوە.

"گيلبرت" لەو كتێبەدا كە پێشتر ناومان برد، بە دەوروبەری ٣٠ هەزار كەسی داناون[١٣] و "ياكـوب" سـەرجـەمی ئێـزەدييـەكـانی "جـەبەل سنجـار"ی بە ٨ تا ١٠ هەزار كەس ژمارە كردوە.[١٤]

پايەو ئەسـاسی ئايينەكـە، لە تاريكاييـەكی قـووڵدا مـاوەتەوە. وا وێ دەچێ "هامـر پۆرگسـتـاڵ" بە نەوە و نەتيـجـەی "مـاردی"ی كۆنيـان دابنێ كە "سـتـرابۆن" وئەوانی تر، ناويان بردوون.[١٥] "مـاردی"يەكان، فـيرقـەيەكی كۆنی ئێرانی بوون كە ئوسـووڵی شـەيتـانيـيـان دەپەرەسـتی و مـێـژوونووسـان لايان وايە ئێـزدييـەكـان ئەم پەرستنی شـەيتـانەيان لەوانەوە پێگەيشـتـوە.وەک چۆن لايان وايە هەتاوپەرسـتنی فـيـرقـەی بچـووكی "شـەمـسی"ی نزيک مـاردين، لە "صـابئی"يە كـۆنەكـان وەرگـيـراوە.[١٦] هەرچۆنێـک بێت، جـێگەی دڵنـيـاييـە كـە مـەركـەزی ئايينەكـە لە دەوروبەری قەبری كەسايەتييەكی پيرۆز بە ناوی «شێخ عەدی »دايە.

مێژوونووسە عەرەبەکان [١٧] دەڵێن شێخ لە "بیت فار"ی ناوچەی «بعلبک» لە دایک بوە و پاشان چۆتە ناوچەی هەکاری و لەوێ ملی داوەتە ژیانێکی پڕ لە پارێزگاریی نائاسیی؛ بە بڕوای ئەوان، تەنانەت کەرامەتیشی نواندوە، هەتا تەمەنی ٩٠ ساڵی لەوێ ژیاوە و لە ١١٦٠ یا ٦٢ی زایێنیدا، کۆچی دوایی کردوە. زیاد لەوەی بنەماڵەکەی پەیوەندییان بە خەلیفەکانی "بنی امیە"وە بووبێت، ئیتر هیچ شتێکی دیکەی لێ نازانرێ.

بنەڕەتی ناوی "ئێزەدی" تەنانەت لەوەش زیاتر تاریکە. "یەزید"ی خوداوەند بە ئاشکرا، شتێکە لە دواییدا خوڵقاوە و هەر بۆ ئەوە دروست کراوە کە نازناوێک بێت، دەنا روونکردنەوەی لە گونجان نایەت. روانگەیەک کە بەهۆی بۆچوونی "ابن خلکان"ەوە سەلماوە، بریتیە لەوەی فیرقەکەیان سەرەتا، "عەدەوییە"ی پێ دەگوترا و هەندێ کەس لایان وابوە کە لەناوی "یەزید"ی یەکەم (٣- ٦٨٠ز)- دووهەم خەلیفەی "ئەمەوی" وەرگیراوە. وا هەیە ئەو بۆچوونەی کە [ناوەکە] لە وشەی فارسی «یەزدان» بەواتای "خوا" وەردەگرێ، روانگەیەکی وێچووتر لە هەموان بێت. گەرچی واهەیە لەبەر هەر هۆیەک بێت، بۆچوونی ئەوتۆ، ئەمرۆ جێگەی رەزامەندی زۆر نەبێت. [١٨]

ئێزەدی، لە لایەن موسوڵمانانەوە، وەک خەڵکانی لە ئیسلام وەگەڕاو چاویان لێ دەکرێ ووەک ئاکامێک، باس لێ کردنیان[ بۆ موسڵمانان] ، زۆر جار نادروست دەنوێنێ، ئەویش؛ نەک هەر بەهۆی خۆبواردنی موسوڵمانان لێیانەوە، بەڵکوو لە بەر باوەڕی ئێزەدییان،کە وێدەچێ ئامیتەیەکی نادیار بێت لە ئەفسانەی بەنی ئیسرائیلی داپۆشراو بە توندوتیژترین خورافات، بەشێوەیەک کە ئیتر ناتوانرێ شوێنی زوربەی زۆریان هەڵبگیرێ. ئەوان [=ئێزەدییەکان] ، لە عەینی ئەوەدا رگەزی مرۆڤ دەبەنەوە سەر ئەو بنەڕەتەی کە جوولەکە دەیبەنەوە و دەڵێن مەسیحی و جوو و موسوڵمان لە ئادەم و حەوا کەوتوونەتەوە، بنەچەکی خۆشیان

دەگەیێننەوە شاهیدی کوڕی ئادەم. [بە گوێرەی بڕوای ئەوان]، دوای تۆفان، کە نۆح و بنەماڵەکەی تەنیا کەسانێک بوون گیانیان دەربرد، تۆفانێکی دووهەمیش هەبوو کە تیایا رەگەزی ئێزەدی بەهۆی کەسێکەوە بەناوی "نەعمی" و نازناوی "مەلیک میران"، پارێزرا و بەم شێوەیە، ناوبراوبوو بە دووهەم بناغە دانەری رەگەزی ئێزەدی.

ئێزەدی، بڕوای بە حەوت خودا هەیە، کە یەک لەوان هاتە سەر زەوی و ئادەم و حەوای خولّقاند. هەر هەزار ساڵیش جارێک یەکی دیکەیان دێتە خوارەوە بۆ ئەوەی موعجیزە بنوێنێ و یاسا بۆ ڕەگەزی مرۆڤ دابنێ. خودایەکی دیکەیان "یەزید"ە - [١٩] کە ئێمە بە زۆر ئیحتیمالەوە، بە نازناوی پاڵەوانێکی دەزانین کە تەنیا بە حیسابی ناو و ناتۆرەی ئایینەکەیانەوە خولّقاندوویانە و بریتییە لە کەسێک کە رووی لە ئایینی ئیسلام وەرگێڕاوە و هاتۆتە سەر زەوی بۆ ئەوەی دەرسی ئیمان و باوەڕی خۆی بەو کەسانە بدات وا شوێنی ئەویان گرتوە و بیانخاتە سەر رێگای راست.

لە عەینی کاتدا، دەگوترێ [خوای یەزید] حەوت "سەنجاق" یا نیشانەی بە خەڵکی هەڵبژاردەی خۆی بەخشیوە. [ئەو نیشانانە] لە جینسی "بڕۆنز" و بیچمی "تاوس" دروست کراون. پێویستە خودا لەو بیچمەدا بپەرسترێ.

خودایەکی دیکەیان ناوی "مەلیک تائوس" یا "تاوس شا"یە. ئەوان هەروەها "محمد" پێغەمبەری ئایینی ئیسلام بە ئیلهام پێکراوی لای خودا دەزانن و لایان وایە جەهەننەم هەر لە سەردەمی ئادەمەوە بۆ تەمێ کردنی خەتاکاران خولّقاوە.

هەرچۆنێک بێت، ئاشکرایە کە ئێزەدی باوەڕیان بە زاتی بەرزی خودا هەیە ؛ گەرچی لەوە ناچێ نوێژێکی بۆ بکەن یا خێروخێراتی لە رێگادا بدەن، بەڵام لە عەینی کاتدا، باوەڕیان بە رۆحێکی شەیتانی هەیە کە ئەوەندەی لێ دەترسن، ناتوانن ناویشی بێنن.[٢٠] ئەم رۆحی "بەدکردەوە" یا شەیتانییە، هەر ئەو

[خودایە]یە کە بەهۆی باڵندەیەکی برۆنزییەوە نۆێنەرایەتی دەکرێ و بە "مەلیک تاوس" دەناسرێ.

نیشانەی سەرەکی "مەلیک تاوس" هەمیشە لە لای "شێخی گەورە"دەمێنێتەوە و بۆ هەر کوێ بچێ لە گەڵی دەگەڕێ بەڵام کۆپی واتە نوسخەکانی دیکەی، یا وەک دەگوترێ ـ "سەنجەق"، لە کات و فەسڵی تایبەتدا، لە گەڵ ئەو زیارەتکەرانە دەگەڕێن کە لە ناوچە ئێزەدی نشینەکاندا دەژین.[٢١]

بە بڕوای ئێزەدییەکان، شەیتان سەرۆکی تاقمی فریشتەکانە و ئێستا بەهۆی بەربەرەکانی کردنیەوە لە گەڵ خواستی خودادا، لە ژێر سزاکرد ندایە بەڵام هێشتا بە تەواوەتی دەسەڵاتدار و بەهێزە و لە داهاتوودا، ئەو شانازی و پلە و پایە بەرزەی وە دەست دێنێتەوە کە پێشتر هەیبوە؛ ئێستاش هەر دەبێ ئاشتی لە گەڵدا بکرێ و بلاوێتەوە چون ئەگەر هێرشی بکرێتەسەر،دەتوانێ مردوو جەزرەبە بدات.

بە تەنیشت شەیتانەوە بەڵام لە پلەیەکی خوارەوەتر، ریزی حەوت فریشتەی "مقرب"ن کە لەسەر زەوی دەسەڵاتێکی زۆریان پێ بەخشراوە و بریتین لە: جەبرەئیل، میکائیل، رەفائیل، عەزرائیل، دەدرائیل، ئەزرافیل و شەمکیل.[٢٢]

ئەوان، عیساش بە فریشتەیەکی گەورە دەزانن کە شێوەی مرۆڤی بەخۆیەوە گرتوە بەڵام بەرپەرچی ئەو مەسەلەیە دەدەنەوە کە بەسەر خاچەوە مردبێ و زیاتر دەڵێن کە بە زیندوویی، نێرراوەتە بەهەشت. لەمەڕ تەوراتیش، تا ئەورادەیەی ناسیاوییان لەگەڵیدا هەیە،رێزی لێ دەگرن. ئینجیل و قورئانیش نادەنە دواوە گەرچی بۆ پیرۆزایەتی، لە پلەیەکی خوارەوەتریان دادەنێن. بەڵام هەمیشە دەقی نووسراوی کێلی قەبریان لە کتێبی دووهەم [واتە قورئان] هەڵدەبژێرن.

ئیبراهیم و هەندێکی دیکە لە قیددیسان بە پێغەمبەر دەزانن. چاوەڕوانی "ظهور"یش هەن، بەڵام نەک هی عیسا بەڵکوو هی "مەهدی" و لەم بارەیەوە، باوەڕیان بە نەقڵ و چیرۆکی زانیارانی ئیسلام هەیە.

"قیـددیس"ی گەورە، "شێخ عـەدی"یە کە [٢٣]خۆیان هیچ زانیارییەکیان لە مێژوو و ژیانی نییـە بەڵام ئەو بۆچوونەی کـە گوایە وەک خودا سـەیری دەکەن- و هەندێ پسبۆڕی ڕۆژئاوایی وایان بینیوە، هەڵەیە چون هەندێ دەقی "سروودی شێخ عەدی" بەرپەرچی بۆچوونێکی ئەوتۆ دەدەنەوە. بۆ نموونە، شێخ عەدی، داوەرێک نییـە کە حوکم بەسەر زەویدا بکات یاخود، یارمـەتیدەری بەڕێوەبەری سەرزەوی واتە "بەخشندەی عالەمیان" بێت.[٢٤] بەڵام شیعرەکە [واتە سروودی شێخ عەدی] پڕە لە ناتەبایی چون لە بەشێکی دیکەدا، دەعایەی ئەوە دەکات کە "هیچ خودایەک نییە جگە لە خۆی."

لە راسـتـیـدا، بۆ ئەوانەی وا بیـرو باوەڕی ئایینی ئێـزەدی دەخـەنە ژێر پرسیارەوە، دۆزینەوەی یاساکانی ئەم ئایینە لە ڕێگای سرووده ئایینیەکان یا خود بە هۆی قسەی پیاوە ئایینیەکان[ی ئێزەدییەوە] ،کارێکی نەگونجاوە.

گـوندی پیـرۆزی ئێـزەدییـان[٢٦]، واتە ئەو ناوەندە ئایینیـەی وا جـەژن و مـەراسـمی سـەرەکی لەوێ بەڕێوە دەچێ و بۆ زیارەتیش هەر زۆرجـاران سـەری دەدەن[٢٧]، بەناوی بناغـەدانەر یەوە، ناوی "شـێخ عـەدی" لێ نراوەو کـەوتۆتە چیـاکـانی نزیکەی ٢٠ مـایل لای باکـووری رۆژهەڵاتی "رەببـان هورمـوزد"ەوە. لێرەدا، دوو "سەنجەق" لە سەر قەبری شێخ پارێزراون و سیـهەمیشیـان دەگوترێ ئێستاش هەروا لە گوندی "ئەڵحە سەنییە" دەپارێزرێ. [٢٨]

سـەنجـەق بۆ هەمـوو شـوێنێکی نـاوچەکـە، دەبرێ و بەشـێـوەی رەسـمی نەبێ هەڵناگـیـرێ. کـاتێکیش بەلای خـەڵکەکـەدا رادەبرێ، بۆی دەنووشـتـێـنەوە و عیبـادەتی دەکەن. بەگوێرەی قسـەی "بەجر"[٢٩]، بیچمی سەنجەق [٣٠]، بیچمی باڵندەیەکە بە سینگێکی هەڵمساو و سەرێکی بچووک و کلکی پانەوە، و زیاتر لە تاوس دەچێ تا باڵندەی دیکە.

لەشی پتـەوە، بەڵام کلکی صـاف و بڕگـەبڕگـەیە و لە ژێر گـەروویدا

هەڵمساوییەکی بچووک دەبینرێ کە بۆی  هەیە بە نیازی نیشاندانی بەرخەبەبە بێت. نیشانەکە، لە سەر "شەمدان"ێک دابەستراوە و دووچرای یەک لە بانی یەک لە دەوری دانراون. هەرکام لەو دووچرایە، حەوت ئاگردانیان هەیە و ئەوی سەرەوەیان هەوایەک لەوانی دیکە گەورەترە. ئەمانە، لە جینسی زەرد [واتە برۆنز] و بە شێوازێکی ئەوتۆ دروست کراون بەهاسانترین شێوە لە بەر یەک دەربێن و بخرێنەوە سەریەک.[٣١]

ئەم حەوت "سەنجەق"ە، بە رواڵەت تا سەردەمی چاوپێکەتنی "لەیارد" پارێزگارییەکی زۆریان لێ دەکرا، بەڵام جاکوب لە ١٩٠٩دا بە لێبڕاوییەوە دەڵێ: پێنجیان کە ناویان حەزرەتی داود، شێخ شمس الدین، یەزیدی کوڕی موعاویە، شێخ عەدی و شێخ عەدی بەصری بوە، لە لایەن حکوومەتی تورکانەوە، بزرکراون یاخود داگیریان کردوون و نەیانداونەتەوە.

هەر چۆنێک بێت، ژمارەیەک کەرەسەی پیرۆزی دیکە، وەک مارێکی برۆنزی و شوێنەواری هەندێ کەسایەتی پیرۆز، تا ئەو سەردەمە، هەر مابوون.[٣٢]

تاقە ئەدەبییاتێکی ئایینی یەزیدیان کە تائێستا مابێت، "سروودی شێخ عەدی"یە و ئەویش حەماسەیەکی ئەوتۆیەیە کە سەری لێ دەرناکرێ. "لەیارد" کۆپییەکی لێ وەدەست هێناوە کە لەسەر رووپەڕە کاغەزێکی شڕ نووسراوەتەوە و هی سەردەمێکی کۆن نییە[٣٣]. یەک لە کتێبە پیرۆزەکانی [ئێزەدی]ان، ناوی "الجلوە" بوە[٣٤] و یەکی دیکەیان "مصحف الرش" یا "کتێبی رەش"ە کە چارەنووسی زۆر روون نییە.

بەگوێرەی نەریتێک، ئەوان[واتە دوو کتێبەکە]، کاتێ دەنێرران بۆ ئەوەی ئەرکی رێنموونی و فێرکردنی ئێزەدییەکانیان پێ بەڕێوە بچێت، لە ناوچانەکانی

خۆیاندا دزراون. بەگوێرەی نەقڵێکی تر، هەردووکیان لە لایەن جەنەڕاڵ "عومەر وەهبی پاشا"ی تورک و موسوڵمانی ئۆرتودۆکسەوە داگیرکراون.
هەر چۆنێک بێت، وێچووترین روانگەیەک کە ئێزەدییەکان دەست نیشانی دەکەن، ئەو بۆچوونەیە کە ئێستاش هەر لە شوێنێکی دڵنیادا، پارێزراون و ئیماندارانی ئێزەدی راوێژی نهێنییان لەسەر دەکەن.
لە هەل ومەرجی ئێستادا، ناوەندی کتێبی ئایینی ئێزەدی، میزوپوتامیایە. کاپیتەن هـ.پ.و. هودسن[٣٥] لە سەردەمی شەڕی ئەوروپا [شەڕی جیهانی یەکەم]دا، نوسخەی یەکێ لەو نووسراوانەی دەست کەوتوە. [٣٦]

جەژنی سەرەکی یەزیدییان، ناوی "سەری ساڵ"ە و لە ساڵی تازەدا بەڕێوە دەچێ کە سەرەتای لە مانگی ئاپریلدایە مەراسمەکە، لە چوارشەممەی پێش سەری ساڵ دەست پێ دەکات، کاتێ کە دەوڵەمەندەکان مەڕو مانگا دەکەنە قوربانی و هەژارەکانیش مریشک. هەر لەو کاتەدا، ژن و کچانی هۆزەکە لە سەر شاخ و چیا، بە شوێن گوڵەباخ و هەموو چەشنە گوڵێکی رەنگ سووری دیکەدا دەگەڕێن ئینجا دەیانکەنە دەسک و لە دەوری ماڵ- جگە لە سەر دەرگا، هەڵیان دەواسن. لەعەینی کاتدا، سنجی پیاوانی ئایینی لە چیاکان دەنگ دەداتەوە و نوێژکەرانی کورد، سروود دەخوێننەوە و صەدەقە بۆ هەژاران وەکۆ دەکەن.
هەموو رۆژێکی جومعە، خێرات بە سەنجەق دەدرێ و "کووجەک"[٣٧]- کە بەرپرسی تەعمیراتی بینا ئایینیەکان و کۆکردنەوەی خێرات لە دیندارەکانە، ئەگەر ببینێ خێراتەکە لە رادەی پێویست کەمترە، لە سزای ی خوا دەیانترسێنێ و داوایان لێ دەکات بەخششێکی زیاتر بکەن.
لە وەختی ژن هێناندا، کوتە نانێک لە ماڵی پیاوی ئایینی ناوچەکە دێنن و بەسەر بووک و زاوادا دابەشی دەکەن، ئەوانیش هاوڕێ لە گەڵ دوعاکردندا، بۆ

"بەرەکـەتی مـارەیی" دەیخـۆن. ئەگـەر نەتوانرێ نان لە مـاڵـی پیـاوی ئایینیـەوە بهـێنرێ، لە جیـاتیـان، هەندێ خـاک لە نزیکتـرین زیارەتگەوە دێت و دەخورێ. بەشێکی کەم لەو خاکە - بە واتای زامن کردنی میهرەبانی خودا بۆ دانیشتوانی ماڵ، لە هەموو ماڵێکدا رادەگیرێ. ژن هێنان لە مانگی ئاپریلدا کە وەک مانگی یەکـەمی سـاڵ بە پیـرۆز دەزانرێ، جگە لە کـووجـاک بۆ کـەسـانی دیکە یاسـاخ نەکراوە. کەس کچی کووجاک ناهێنی و تەنیا کووجاکێکی دیکە دەتوانێ مارەی بکات.

هیچ لاوێک لە دەرەوەی پلەو مـەرتەبەی کـۆمـەڵایەتی خـۆی ژن ناهێنێ، "ئەمیر" نەبێ کە سەربەستە لە هەر بنەماڵەیەک و لە هەر کوێیەک ژن بخوازێ.(٣٨) کاتێ کە ئێزەدییەک دەمرێ، کووجەک دەبێ دوا مەراسیمی ئایینی بۆ بەرێوە ببات و پاش مـردن، دۆعـا بۆ رۆحی بـکات. لە عـەینی کـاتدا ئاگـاداری ئەو خـەون و ئیلهامـانە بێت کە واهەیە چارەنووسی مردووەکە لە جیـهانی دوایی یا شێـوەی گەڕانەوەی ناو ئەم جیهانە، دیاری بکەن. رۆحی خەڵکی دادپەروەر، بۆ راگوێزران بۆ بەهەشت و تێگەیاندنی مرۆڤ لە نهێنییەکانی جیهان، رادەگیرێ؛ لە کاتێکدا رۆحی گوناهکاران لە لەشی حەیوانێکەوە دەچێـتە لەشی حەیوانێکی دیکەوە تا کاتێ کە دەگەڕێتەوە ناو لەشی مرۆڤ.

بە درێژایی سـاڵ، زیارەتکەران جگە لە گـۆڕی شـێخ عـەدی دەچنە زیـارەتی گـۆڕەکـانی دیکە بەتایبـەت هی شـێخ شـەمسـەددین کـە وەک مـەسـیح چاوی لێ دەکرێ. لە کۆبوونەوەکاندا، ژن و پیاو پێکەوە بەشداریی جەژن دەکەن، دەخۆن، دەنۆشن و هەڵدەپەڕن. زیارەتی گـرنگی دیکە هی "جـەبەل عـەرەفـات" و ئەو شوێنەیە کە پێ ی دەگوترێ "رێگای قەووال"(٣٩) و لە چیاکانی نزیک گۆڕی شێخ عەدی هەڵکەوتوە.

سەرۆکی یەزیدیەکان بە "میرحەج" ناو دەبرێ یا خود بە "شازادەی زیارەت".

"ئەمیر" مەزنایەتییەکی موتلەقی هەیە و ئەو خەڵکەی کەوتوونەتە شوێنی، سەرسپەردەیی کوێرانەی لێ دەکەن، تا ئەو شوێنەی کە ملک ومالّیان بە سوودی خۆی لێ وەردەگرێ. ئەمیر، عیبادەت دەکرێ و هەر شتێک وا دەستی ئەوی لێ درابێت، متفەڕکە. جل وبەرگەکەی کووجەک نەبێ کەسی دیکە ناکرێ بیانشوات کە ژمارەیەکی زۆریان [کووجەکەکان] وەک خزمەتکاری شەخسی، پەیوەندییان لە گەڵی هەیە.

ئەمارەت بە میرات لە خێزانێکدا دەمێنێتەوە کە بنەچەکی بگەڕێتەوە سەر شێخ عەدی بەڵام مێژووی یەزیدی بەزحمەت دەتوانرێ بخرێتە بەر تۆژینەوە ئەویش لەبەر ئەوەی وانەیەک لە دەرسەکانی ئایینیان یاساخ کردنی خوێندن و خوێندنەوەیە. لە ئاکامی ئەو کارەدا، پێشینەی فیرقەکەیان تەنیا لەسەر بنەمای نەریتی زارەکی دانراوە.

داهاتی ئەمارەتەکە، بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە پێشکەشی دینداران لە کاتی زیارەتی ساڵانەی زیارەتگەکاندا. نیشتگەی ئەمیر لە "بە عیدری"یە [٤٠] کە کەوتۆتە نزیکەی ٨سەعات ڕێگای بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی مووسڵ.

ئەوانەی دوای ئەمیر خاوەنی گرنگایەتین، بریتین لە چەند تاقمێک کە [یەکەمیان] ڕێبەرانی رۆحانی بە نازناوی "شێخ"ەوەن[٤١]. ئەوانە، بە سەر پێنج بنەماڵەدا، دابەش کراون. هەر شێخێک بەرپرسی بەرێوەبردنی داب و نەریتی ئایینی ژمارەیەک خێزانی دیاری کراوە کە دەبێ دەرسیان دادات بەتایبەت لە باسی یاسای ژن ومێردایەتی و هۆگەلی ئەو عیبادەتانەی وا دەبێ بیکەن. لە بری ئەو خزمەتانە و بۆ دابین کردنی ژیان، ، خێراتی هاوئایینەکانی خۆیان پێ دەدرێت.

دووهەم لەو زنجیرە ئایینیەدا، "پیر"ە[٤٢] کە جێگرو یارمەتیدەری شێخ بێت، ئیجا "فەققیر"(٤٣) کە ئەندامی چەشنە نیزامێکی رەهبانی و هەڵوەدای ژیانێکی

پڕ لە پارێزگارییە، ڕێزێکی زۆریشی لێ دەگیرێ. فەقیر، "قەرەباشی"یشی پێ دەگوترێ کە وشەیەکی تورکییە بە واتای "سەرڕەش". ئەویش بەهۆی کڵاو و عەگالێکی خوری رەشەوە کە لە[سەری]خۆی پێچاوە و عەبایەکی رەنگ رۆشنتریش لە بەردەکات. فەقیر، هەروەها کڵاوێک لە ئاوریشم یا مەرەزە لە سەردەکات و پشتێنێکی مەرەزی رەش و جووتێک کەوشی ئاسایی دەکاتە پێ و تەنافێک لەدەوری گەردنی خۆی دەئالێنێ کە هیچکاتێکی شەو یا رۆژ لە ملی خۆی ناکاتەوە.

ئەم نیزامە ئایینیە، لە لایەن مەزنێکەوە بەڕێوە دەچێ کە پێ ی دەگوترێ "کاک" و لە ناوچەی حەڵەب، لە "مەزار" یا شوێنێکی پیرۆز- کە گۆری "قیددیس"ێکی لێیە، دەژی. "کاک"، هەرکاتێ بچێتە مەڕاسمێک لە جەبەل سنجار یا هەرشوێنێکی دیکەی ئەو خاکەی یەزیدیی لێیە، زیاترین رێزی لە لایەن هەموو ئەو سەرۆکانەوە لێ دەگیرێ وا لەوێ کۆبوونەتەوە- چ سەرۆکی دنیایی بن، چ رۆحی.

زیاد لەو پلەو مەرتەبانە، شەش چینی خوارەوەتری ئایینیش هەن کە بریتین لە: قەووالْ، شەویش، کووجەک، کابەنە، فوقرییە و فەڕڕاش.[٤٥]

ئەرکی قەووالْ یا "چرگەر" ئەوەیە بچن بۆ هەموو ئەو شوێنانەی وا یەزیدی تێدا نیشتەجێن و سەنجەقی ناوچەکە لە گەڵ خۆیان بەرن بۆ ئەوەی دینداران زیارەتی بکەن. قەووالْ لە ماوەی نواندنی سەنجەقدا، هاوڕێ لە گەڵ شمشاڵ و تەنبوور، سروودی ئایینی دەخوێننەوە. قەووالەکان، توێژێکی جیاواز پێک دێنن و دەعایەی ئەوە دەکەن کە بنەچەکیان دەچێتەوە سەر خزمەتکارانی شێخ عەدی.

عینوانی "شەویش" تەنیا بە چوار پێنج کەس دەدرێت کە بەرپرسی گۆڕی شێخ عەدین. شەویشەکان بە ڕەبەنی دەمێننەوەو ژن ناهێنن، خۆ ئەگەر

یەکێکیشیان بمرێ، ئەوا مەلای گەورەی فیرقەکە لە ناو ژمارەیەکی کاندیدادا- چ ڕەبەن و چ پیاوانی ژن مردوو، بە گوێرەی ئەو شەوق و مەیلەی وا بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ئایینی هەیانە، یەکیان وەک جێگر هەڵدەبژێرێ.

"کووجەک"- بەپێچەوانە، ئەندامی سیستەمێکی بەرینترە کە ژمارەیان دەگاتە دووسەد تا سێسەد کەس و لە ژێر فەرمانی مەلای گەورەدان. هیچ کۆسپێک لەسەر ڕێگای ئێزەدیان -چ پیاوی ئایینی و چ خەڵکی عامیدا، نییە بۆ ئەوەی[ بەکووجەک] هەڵببژێررێن. "کووجەک" ئەرکی خۆی بە بەلاش و لە دەرفەتی گونجاودا بەڕێوە دەبات،نەک بە بەردەوامی و دایمی. بەگشتی، بەڕێوەبردنی ژیانی کووجەک، بەکاری کشت و کاڵەوە بەستراوە.

ئەرکی سەرەکی "کوجەک" بریتیە لە ئامادەکردنی هەموو پێداویستیەک بۆ جەژن و کۆبوونەوەی عادەتی و هەروەها زیارەتی ساڵانەی فیرقەکە. بەدرێژایی ساڵ، ئەرکی کەمتر گرنگیشیان پێ دەسپێردرێ کە پێشتر دەست نیشانمان کردن.

واتای ووردی وشەی "کابەنە" روون نییە. تەنیا خاڵێک کە بتوانرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ ئەوەیە کە "کابەنە" کچێکی شوونەکردوو یا بێوەژنێکی بەرپرسی ژنانی ڕەبەنی "تارک الدنیا"یە وا کارێکی بچووکیان لە پەیوەندیی گۆڕی شێخ عەدیدا پێ سپێردراوە. [ئەو وشەیەی بۆ نووسەر نەناسراو بوە، بۆ کورد ڕوونترە. زۆر وا هەیە کابەنە، هەمان کابان و کەیبانوو بێت کە ئەرکەکانیشی لەگەڵ واتای وشەکەدا، یەک دەگرێتەوە.وەرگێڕ].

"فوقرەییە"[٤٦] کە نابێ مێرد بکەن و پێویستە بە بێوەژنی بمێننەوە، سەر بە توێژی ئەو ڕەبەنانەن کە ژمارەیان دەگاتە ٥٠٠ ژن و خۆیان تەرخانی بەڕێوەبردنی خزمەتگەلی بچووک دەکەن کە پەیوەندیی بە پارێزکاریی ئایینی خۆیانەوە هەیە.

لەکۆتاییدا، "فەڕڕاش"[٤٧] بەرپرسی کەل و پەلی سەرگۆڕی شێخ عەدین کە

هەندێ ئەرکی وەک ئێوارە گەڕانی ڕۆژانە بە دەوری شوێنە پیرۆزەکانی دەوروبەر یاخود هەڵکردنی چرای شوێنی ئەوتۆیان پێ سپێرراوە.

لەساڵی ۱۸٤۷دا، حکومەتی عوسمانی دەستی کرد بەوەی یەزیدییەکان بەرن بۆ ئیجباری ( واتە خزمەتی عەسکەری)- هەنگاوێک کە بەهۆی دەست تێوەردانی باڵوێزی بەریتانیا-"سێرستراتفورد کاننینگ"ەوە، [٤٨] بەرگری لێکرا. کاتێکیش کە لە ساڵی ۳-۱۸۷۲دا، جەنەڕاڵی عوسمانی- "محمد طاهربەگ" بەپێچەوانەی "فەرمان"ی ساڵی ۱۸٤۷ کە سەربەستی یەزیدییەکانی لە کاروباری ئایینی خۆیاندا زامن دەکرد، هەوڵێکی ئەوتۆی [بۆ بە ئیجباری گرتنیان] دا، شکایەتنامەیەک لە لایەن ڕێبەرانی ئایینی فیرقەکەوە نووسراو پێشکەش بە حکوومەتی عوسمانی کرا.[٤٩]

سەرەتای ئەم شکایەتنامەیە بە زمانی سوریانی و دەقە ئەسڵی یەکەی بە عەرەبی بەم شێوەیە نووسراوە:

"لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز و لە ساڵی ۱۲۸۹دا، سەرەکی ستادی ئەرتەش "محمد طاهر" لە ئەستەمولەوە نێررایە مووسڵ بۆ ئەوەی بتوانێ هێزێکی ۱۵ هەزار کەسیی عەسکەری "نیزام"[٥٢] لە داسنیەکانی [٥٣] دانیشتووی دەوروبەری ئەم شارە، واتە فیرقەی "ئێزەدی" پێک بێنێ. جەنەڕاڵ محمد طاهر، سەرۆکانی هۆز و پۆلیسی بانگ کردە لای خۆی لە مووسڵ و حوکمەکەی بۆ خوێندنەوە. ئەوان [سەرۆکانی هۆز] دەستبەجێ داخوازیان کرد کارەکە بۆ ماوەی ۱۰ ڕۆژ بخرێتە دواوە. دوای ئەم ماوەیە، بەڵگەیەکیان بۆ هێنا کە تیایا نووسرابوو:

ئێـمـەی داسنی بەهۆی ئیـمـانمانەوە ناتوانین بەهیچ شـێـوەیەک لە "نـیـزام"دا خزمەت بکەین. بۆ ئێمە باشتروایە وەک سورِیانی وجوولەکە، پارە بدەین تا پیاو؛ گەلێک هۆ بۆ خۆپاراستنی ئێمە هەیە و لێرەدا چواردە هۆیان دێنینەوە:

**مادەی یەکەم:** بە گوێرەی ئایین- ئایینی ئێزەدی، هەر ئەندامێکی فیرقەکەمان لە پیـاوی گـەنج و پیـرەوە تـا ژن و کـچـمـان، دەبێ سـاڵێ سێ جـار زیارەتی نـیگاری "تاوس مەلیک" دروودی لە سەربێت، بکات: یەکەم، لە سەرتا تا کۆتایی مانگی ئاپریل (بە گـوێرەی تەقـویمی یۆنـانی)، دووهەم لە سـەرتا تا کـۆتایی مـانگی سپتەمبەر، سێهەم لە سەرەتا تا کۆتایی مانگی نوامبەر. خۆ ئەگەر زیارەتەکە نەکات، ئەوا بێ باوەڕە.

**مادەی دووهەم:** ئەگەر ئەندامێکی فیرقەی ئێمە- چ لاو چ پیر، لای کەم ساڵی جارێک لە ١٥ تا ٢٠ی سپـتـەمبـەر بە گوێرەی تەقویمی یۆنانی، نـەچێـتە زیارەتی گـۆڕی شـێـخ عـەدی کـوڕی مـوسـافـیـر- خـواوەندی پیـرۆزی رەمـزی بەرزی ئەو دوو کەسە[= شێخ عەدی و موسافیر]، ئەوا ئەو کەسە ، بێ باوەڕە.

**مادەی سێهەم:** هەموو ئەندامێکی فیرقەی ئایینی ئێمە پێویستە رۆژانە لە کاتی خۆر هەڵاتدا، بچێـتـە شوێنێـک کـە بتـوانێ دەرکـەوتنی خۆر بەچاو ببـینێ [٥٤] بەو مـەرجەی کە هیچ مـوسوڵـمـان، مـەسیـحی، جوولەکە یا [لایەنگری] هیـچ ئاییـنێـکی دیکەی لێ نەبێت. هەر کەسێک ئەو کارە نەکات، بێ ئیمانە.

**مادەی چوارەم:** هەموو ئەندامێکی فیرقەی ئێمە پێویستە گشت رۆژێ دەستی برا - واتە بـرای قـیـامـەتی خـۆی، رامـووسێ، ئەوانیـش بریتـین لە: خـزمـەتکـارانی مەهدی؛ هەروەها دەستی شێخ یا پیری خۆشی ماچ کات. ئەگەر ئەم کارە نەکات، ئەوا ناوی بێ ئیمانی لێ دەنرێ.

**مادەی پێنجەم:** شتێک کە لە ئایینی ئێمەدا نابێ بفەوتێ [ئەوەیە]:

بەیانان، کاتێ مـوسوڵمانان دەست بە عـیبادەت دەکـەن، پەنا بۆ خودا، هەندێ قسـە دەکەن [کە دەبێ ئێـمە بەوانی بڵێین]:-اعوذبالله...[٥٥] و شتی لەم چەشنە.

ئەگەر بێتو یەکێک لە ئێمە، گوێی لەوانەبێت، دەبێ وێژەری قسەکە بکووژێ یا خۆی بکووژێ، دەنا بێ ئیمانە.

**مادەی شەشەم:** کاتێ یەکێ لە ئەندامانی فیرقەی ئێمە دەمرێ، برای قیامەتی یاخود شێخ یا پیر یا یەکێ لە "قەووالین" دەبێ لەلای بێت و ئەم سێ رستەیەی بەگوێدا بخوێنێت:

"ئەی خزمەتکاری مەلیک تاوس- دروودی لێ بێت، تۆ دەبێ لە سەر ئایینی ئەو بمری، کە مەعبوودی ئێمەیە، کە مەلیک تاوسە-درودی لێ بێت و لە سەر هیچ ئایینێکی دیکە نەمری. ئەگەر کەسێک لە ئۆگرانی ئایینی ئیسلام یا ئایینی مووساو هەر ئایینێکی دیکەی جگە لە هی "مەلیک، هاتە لات و قسەی لە گەڵ کردی، لەبیرت نەچێت کە ئەوانە قسەی راست ناکەن و نابێ باوەڕیان پێ بێنی. ئەگەر یەکێ لە لایەنگرانی ئەو ئایینانەی جیا لە ئایینی ئەو، کە مەعبوودی ئێمەیە، واتە مەلیک تاوس- درودی لێ بێت، بەڕاست بزانی یا باوەڕیان پێ بێنی، ئەوا بەبێ ئیمانی دەمری. خۆ ئەگەریش وابێت [واتە ئەو تەڵقینەی بۆ دانەدرێ] ، بە بێ ئیمانی دەمرێ.

**مادەی حەوتەم:** شتێک لە ناو ئێمەدا هەیە، کە پێی دەگوترێ "بەرەکەتی شێخ عەدی" بۆ نموونە، خاکی سەرگۆڕی شێخ عەدی یا تەنانەت "رەمزی پیرۆز"ی ئەو. هەموو ئەندامێکی فیرقەی [٥٦] ئێمە پێویستە هەندێک لەو شتەی لە گیرفاندا بێت و هەرموو بەیانییەک لێ ی بخوات. ئەگەر هات و وەک [بۆی] دانراوە، نەیخوارد، ئەوا بێ ئیمانە. هەروەها لە سەرەمەرگدا، ئەگەر ئەو خاکە دیاری کراوەی، وەگیر نەکەوێت ، ئەوا بە بێ باوەڕی دەمرێ.

**مادەی هەشتەم:** ئەندامانی فیرقەی ئێمە ئەگەر بیانەوێ رۆژ وو بگرن، دەبێ لە ماڵەوەی بگرن نەک لە دەرەوە. هەموو رۆژێکی رۆژووگرتنیش پێویستە سبەینان بچن بۆ ماڵی شێخ وپیرەکەیان و رۆژوەکەیان لەوێوە دەست پێ بکەن. لە کاتی

ڕۆژووشکاندنیـشدا، هەر پێویسـتـە بچێنە مـاڵی شێخ یا پیر و ڕۆژوەکـەبکەن بە شـەڕابێک بشکێنن کـە هی شێخ یا هی پیـرە. ئەگـەر دووسێ گـێـلاسێک لەو شەڕابە نەخوانەوە، ڕۆژوەکەیان قەبووڵ نابێ وئیمان لەدەست دەچێ.

**مادەی نۆهەم:** ئەگەر یەکێ لە ئەندامانی فیرقەی ئێمە بچێتە سەفەری وڵاتێکی بێگانە و لەوێ کـەمتـر لە سـاڵێکی پڕ بمێنێـتـەوە [٥٧]، ئینجا بگەڕێتەوە مـاڵێ، ژنەکـەی لێی جـیا دەبێـتـەوە و هیـچکام لە ئـێمـە، ژنی پێ نادەین. هەرکـەس ژنی بداتێ، بێ ئیمانە.

**مادەی دەهەم:** سەبارەت بە جل وبەرگمان: وەک لە مادەی چوارەمدا دەست نیشانمان کردوە، هەموو ئەندامێکی فیرقەی ئێمە، برایەک و خوشکێکی قیامەتی هەیە. بەگوێرەی ئەم [ڕەسمە]، ئەگەر کەسێک کراس بۆ خۆی بدوورێ، ئەوژنەی وا لە سـەرەوە باسـمان کـرد- واتە خـوشکی قـیامـەتی، دەبێ ملی کراسـەکـەی بە دەستی خۆی بۆ بکاتەوە. ئەگەر ملی کراسەکەی بە دەستی خۆی بۆ نەکاتەوە و ئەو لەبەری بکات، بێ ئیمانە.

**مادەی یازدەهەم:** ئەگەر کەسێک لە فیرقەی ئێمە کراس یا بەرگێکی دیکە بۆ خۆی بدورێ بە بێ ئەوەی لە ئاوی پیرۆزی هەڵیکێشێ کە پێویستە لە سەر گۆڕی شێخ عـەدی یا خـود لە «ڕەمزی پیـرۆز»ی ئەوەوە بهێنرێ ئەگەر بێت و لە بەری بکات، بێ ئیمانە.

**مادەی دوازدەهەم:** ئێمە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین جل و بەرگی ڕەنگ شینی تۆخ بکەینە بەر. هەروەها ناتوانین سەرمان بە شانەی موسوڵمان یا مەسیحی یاجوو یاخود کەسێکی دیکەی وەک ئەوان شانە بکەین. ناشتـوانین سەرمان بە تێغێک بتاشین کە پیاوێکی جگە لە پیاوانی خۆمان تراشی پێ کردبێت، مەگەر بەئاوی پیرۆز بیشـۆینەوە کە ئەویش لە سەر گۆڕی شێخ عـەدی پەیدا دەبێت. ئەگەر بەو ئاوە پیرۆزە نەشۆرێت و سەری پێ بتاشرێت، ئەوا بێ ئیمانین.

**مادەی سێزدەهەم:** هیچ ئێزەدییەک ناتوانێ بچێتە خەڵوەتیی[صندووقخانە] یا

حەمامی موسوڵمانان، یا بە کەوچکی موسوڵمانان خواردن بخوات و بە ئیستیکانی موسوڵمان یا هیچ ئایینێکی دیکە [خواردنەوە]بخواتەوە، خۆ ئەگەر بچێتە حەمام یا نێوخەڵوەتیی موسوڵمانان و ئەوانەی وا باسمان کردن، یا بە کەوچک و پەرداخیان بخوات و بخواتەوە، بێ ئیمانە.

**مادەی چواردەهەم:** سەبارەت بە خواردن، جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئێمە و ئایینەکانی دیکەدا هەیە: ئێمە، شتی وەک گۆشت، ماسی، کوولەکە، بامیە،[58] دانەوێڵە (حبووبات)، کەلەم و کاهوو ناخوین. هەروەها بۆمان ناگونجێ لە شوێنێک دانیشین کە کاهوو وشتی وای لێ شین بووبێت.

جا ئێمە، لەبەر ئەو هۆیانە و هۆگەلی دیکە، ناتوانین بچینە خزمەتی عەسکەری و شتی ئەوتۆوە.[59]

ئەو بەڵگەنامەیەی وا وەرگێڕاوەکەی لە سەرەوە خرایە بەردەست، ئێستا لە سەر بابەتی ئایینی یەزیدی، شاهیدێکی ئاشکرایە. بەڵام تا ڕادەیەک،دەتوانرێ زانیارییەکانی بەهۆی تۆژینەوەی گەڕۆکی سەردەمی نوێترەوە، کامیل بکرێت. ئێزەدییەکان ،کەمتر وەڵامی ئەو پرسیارانەیان داوەتەو کە لەمەڕ ئایینەکەیان لێیان دەکرێ. پرسیارەکان زیاتر بەهۆی "دژی پرسیار"ەوە دراونەتە دواوە. بەڵام بەگشتی، پەسندی ئەوەیان کردوە کە شێخ عەدی- وەک هۆی چاکە و "ملک الطاوس"ی شەیتان، شێوە سەلماندنێک بن بۆ ئاماژە بە چەشنە "دووخودایی"یەک، کە لە پشت بیروباوەڕەکەیاندایە.

ئێزەدی، هێچ کاتێ بەدەنگی بەرز- وەک قەووالەکان، یا تەنانەت لەژێر لچیشەوە بەزمانی کلاسیکی عەربی ـ ئەوزمانەی کە ئێستا زوربەی نوێژکەران لێ ی تێ ناگەن،دۆعا ناکەن. جگە لەوە، وا دەردەکەوێ کە بەگشتی هیچکامێکیان لە بنەچەک و واتای ئەو داب و نەریتە ئایینییانە تێ ناگەن کە لەگەڵ ئایینەکەیان کەوتوون.

وێ دەچێ ئێزەدییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەهۆی نووشتانەوە لە بەرانبەر بە خودای پایەبەرزدا، عیبادەتی خۆری کاتی ڕۆژهەڵات بکەن. هەروەها، ڕێز لە ژمارەیەک پیاوچاک بگرن کە هەموویان ناوی ئێیسلامییان هەیە. لەم پەیوەندییەدا، پێویستە لە بیرمان نەچێت کاتێ "بەجر" سەری گۆڕی شێخ عەدی دابوو، نەک تەنیا چاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە نیشانە و ڕەمزی سەردیواری زیارەتگەکە کەوتبوو، بەڵکوو نووسراوەی عەرەبیشی بینیبوو کە ئایەیەکی دووردرێژی قورئانیشی دەگرتەبەر.

ئێزەدییان، عیسا وەک فریشتەیەک چاو لێ دەکەن کە بیچمی مرۆڤی هەیە. هەروەها محمد بە پێغەمبەر دەزانن، هاوڕێ لەگەڵ ئیبراهیم و قیددیسینی دیکەدا لێرەدا ڕووناکترین نیشانەی ئەوراستییە دەبینرێ کە ئەگەر یەزیدی لە بنەڕەتێکی ئیسلامییەوە نەهاتبن ئەوا بە هەموو مەزەندەیەک، لە ژێر نفووزی بەهێزی موسوڵمانانداندان.[٦٠]

دژایەتییان لە گەڵ ڕەنگی شینی تۆخ، وا هەیە بەهۆی کاراکتەری پیرۆزی ئەو ڕەنگەوە بێت کە ڕەنگی بەهەشتە. ئەم ڕێز لێگرتنەیان تا ئەمڕۆش بەردەوام ماوەتەوە. پەنابردنە بەر کارخانەیەکی "ئیندیگۆ"ی مەسیحیەکان لە دراوسێیەتی خۆیان و ماچ کردنی چوارچێوەی دەرگاکەی، نیشانەی درێژەی باوەڕەکەیانە.

"ئەسڵ"ی شەیتان بەهۆی عیبادەت و سەدەقەو خێراتەوە دەلاوێنرێتەوە و گوڵاڵە سوورە بەهۆی ڕەنگە سوورەکەیەوە گەلێک جار وەک سیحرێک بۆ دڵ بەجێ هێنان کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

خەتەنەکردن بە گشتی لەناویاندا باوە، بەڵام بۆ بەجێ هێنانی، مەجبوور ناکرێن. بۆنموونە، "خەلاطیە" کە گەورەترین هۆزن، ئەم نەریتە ناگرنە بەرچاو و وەک ئێزەدییەکی ئورتودۆکسیش چاویان لێ دەکرێ.

یەزیدی- بەلای کەمەوە ئەوانەی نزیک موسڵ، لێزان و بەکارن؛ داب و نەریتی پاک و خاوێنیان هەیە. هێمن ولەسەرخۆن، لە هەڵس وکەوتی گشتی

خـۆیاندا ڕێک و پێکن، بەڵام زۆرێکیـان لە خـواردنەوەی "عـارەق"دا سنووری عادەتی تێپەڕ دەکەن.

کەم و زۆر، دەتوانین بڵێین ئێزەدی خەڵکێکی داوێن پاکن و لە بێ ئەخلاقی بەدوورن. واهەیە مـافی مـارەکـردنی سێ ژن، هۆیەک بێت بۆئەوەی هەندێ جـار تۆمەتی داوێن پیسییان دەدرێتەپاڵ.(٦١)

ئەنجامی قسە، وا دەردەکەوێ کە ئایینی ئێزەدی نەک شتێکی یەک چەشن بەڵکوو ئامێتەیەک بێت لە ژمارەیەک ئایینی دیکە. ئەو ئایینە سەرەکییەی وا بۆتە بەردی بناغەی ئێزەدایەتی، بێگومان ئیسلامە. هەڵبژاردنی موسوڵمانێک وەک "وەلی"ی مەزن، ڕێزگرتن لە ژمارەیەکی زۆری پیاوچاکان کە زوربەیان ناوی ئیسلامییان لە سەرە، قەبووڵ کردنی "محمد" خۆی، بەکارهێنانی هەندێ مەفهوومی تەکنیکی وەک "شێخ" و "فەقیر"، باوەڕ هێنان بە خوداوەندی "تعالی"، ئیجازەی زیاتر لە یەک ژن هێنان، مەجبوور بوون بە عیبادەت کردن و قەبووڵی ڕۆژی جومعە بە ڕۆژی پیرۆز، هەموویان عونسوری ئیسلامین، لە کاتێکدا باوەڕهێنانیان بە عیسا وەک پێغەمبەر و هەروەها بە ئینجیل، لە ڕێگای ئیسلامەوە پێیان گەیشتوە. مەسەلەی ڕۆژووگرتن، قەبووڵ کردنی تەوڕات، باسی خیلقەت کردنەکەی و ناوی گەورەپیاوانی هاوڕێ لەگەڵ ئەسڵی فریشتەی "مقرب" کە درەنگتر هاتوە، هەموویان لە ڕێگای هەمان واسیطەوە [واتە ئیسلام] لە ئایینی مووسایی وەرگیراون. پێویستە ئەو باوەڕە پتەوەی موسوڵمانانیش لە نیشانەکانی سەرەوە زیاد بکرێ کە دەڵێن ئێزەدی هیچ شتێک نین جگە لە موسوڵمانانی لەدین وەرگەڕاو.

بەڵام لە عەینی کاتدا، تێکەڵاوییەکی زۆری ئایینی زەڕدەشتییان تێدا بەدی دەکرێ کە گرنگترینیان باوەڕهێنانە بە شەیتانی گەورە و هەروەها "دوانە پەرستی"

[ثنويت] وەک ئاكامێكی ئەو باوەڕە. هەروەها بنەچەكی ناوی ئێزەدی وادیارە لە "وجەتسمیە"ی فارسی خوداوە هاتبێ [یەزدان؟]. چنینی گوڵاڵە سوورەی چیاكان لەلایەن كچانەوە، باوەڕهێنان بە نانی پیرۆز و ئاوی پیرۆزیش هیچكام لە دەرەوەی ئەوگومانە نین كە لەسەرچاوە زەردوشتییەكان وەرگیرابن. لە چەند خاڵێكیشدا واهەیە شوێنی ئایینی "صابئی" هەڵبگیرێ وەک رێزگرتنیان لە هەتاو كە بەهۆی ماچ كردنی شتێكەوە دەردەبڕێ كە یەكەم تیشكی خۆری لێ بكەوێ هەروەها روو وەرسووڕاندنیان بەرەو "قیبلە" لە جەژن وكۆبوونەوەی ئایینیاندا.

ئەوان رێزی ئاگر-وەک رەمزی هێزێكی خودایی دەگرن و رەنگی شین بۆ یەزیدییەكانیش وەک صابئی ناحەزو خراپە. هەروەها لە خۆش ویستنی كەتانی سپی و پاک و خاوێنی و غوسڵیاندا، وەک یەک دەچن.[٦٢].

هەرچۆنێک بێت، نەریتی دیكەی وەک "غسل تعمید" كردن بە ئاو، سەرەتای دامەزرانی ساڵیان لە جەژنی ئیستەر [پاک]ی مەسیحیانەوە، وەرگرتنی ناوی مانگە عیساییەكان و ئەو باوەڕەی كە خودا لە رۆژی ساڵی نوێدا بۆ بەڕێوەبردنی حوكمی خۆی و نووسینی چارەی مرۆڤ لەسەر تەختەكەی خۆی دادەنیشێ، گەرچی بەئاشكرا لە ئەرمەنییەكان وەرگیراون[٦٣]، بەڵام دەبێ وەک نیشانەی نفووزی بنەڕەتیی مەسیحیەت لە بیروبڕوای ئێزەدیدا سەیر بكرێن[٦٤].

زۆر واهەیە ئەو چەشنەباوەڕانە و هەندێ ئاكار و كردەوەیان بەو هۆیەوە لە مەسیحیان وەرگرتبێ، كە رقی زۆریان لە موسوڵمانان دەبێتەوە ــ ئەو كەسانەی وا زیاد لە هەمو تاقمێكی دیاریكراوی ئایینی، رەنج و ئازاریان لەدەست بینیون،یا خود لە بەر ئەو هۆیەی كە ئێزەدی نەک هەر بە بێ جیاوازی، شتیان لە ئیسلام زەردەشتایەتی،صابیئیەت و هەموو ئایینێكی دیكەی دەوروبەر وەرگرتوە، بەڵكوو هەروەها خەوشی زۆریان تێكەڵاوی ئەو باوەڕانە كردوە كە لە داب و نەریتی جۆراوجۆری بوتپەرستی وەریان گرتوون.

## پەراوێزی وتاری چوارەم

* ئەم وتارە، لەسەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە:
G. R. Driver, "The Relegin of the Kurds",
Bulletin of the School of Oriental and African Studies,
vol. ii, 1921-1923, PP. 197-213.

(1) "ابن الاثیر" ناوی "مشرکین" واتە بوتپەرستیان لێ دەنێ. بڕوانە: «کامیل»، ٣، ٣٧.

(2) Millah

(3) روانگەی کورد بە نیسبەت مووساییەوە روون نییە و لە کاتێکدا "تەلموود" پێشی ئەوە دەگرێت کە کورد ببن بە مووسایی (Yebamoth, Jer., i, 6, Bab 16 a)، دەگوترێ کە "مەسعوودی"- گەڕۆک و جوغرافیانووسی عەرەب، نووسیویە: "ئەغلەب، جوولەکەیان لە ناودا دەبینرێ." (الانصاری، نخبەالدهر، ل ١٩).

(4&5) Non- uniate, Uniate

(6) گوتراوە کە "مەسعوودی" لە سەدەی دەهەمدا، کوردی وای بینیوە بوون بە مەسیحی (الانصاری، نخبەالدهر، ل ١٩).

(7) صلاح الدین و جێگرەکانی- ئەو قارەمانانەی ئیسلام دژ بە مەسیحایەتی، موسوڵمانی سونن‌ەبوون و ناتەباییان لە گەڵ مەسیحیەکاندا، ئەگەر سەلاحەدین خۆی نا، لای کەم پێشی بە هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی نەگرت لەوەی کەڵک لە زانیارانی فیزیای مەسیحی وەربگرن. ناوی دوو کەسیان زانراوە: "یعقوب بن ذەقلان" کە لە ئورشەلیم خزمەتی ئەییووبیەکانی کردوە و "حصنون" کە لە ئورفە و دیارەبەکر خزمەتی لقێکی دیکەی هەمان بنەماڵەی کردوە (ابوالفرج، تاریخ مختصر الدول، (چاپی Pococke)، لل ٤-٤٨٢.

(8) بڕوانە: T. Gilbert, 'Note Sur les Sectes dans le Kurdistan',
in the Journal Asiatique, 1873, vii, 2, pp. 393-5.

(8a) [ Bona Dea خودای زاوزێ رۆمیەکان بوە وژنانی رۆمی هەمووساڵێک لە رۆژی ٤ی دیسەمبردا جەژنیان بۆ گرتوە. وەرگێڕ]

(9) نووسەر؛ بە "محمد علی باب"ی نووسیوە کە هەڵەیە.

(10) [بۆ مەسەلەی ئیعدام کردنی باب، ئەحمەدی کەسرەوی دەڵێ: « لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە گوتراوە ئەو کەسانەی کە «باب»یان ئیعدام کرد، ئاسوری بوون». بڕوانە: ئەحمەد کەسرەوی، «تاریخ هیجدە سالە اذربایجان»، چاپ دهم،امیرکبیر، تهران، ١٣٧١،پەراوێزی لاپەڕە ٦٢٠. وەرگێڕ]

(11) [عەققا/عەککا، ئێستاکەوتۆتە خاکی ئیسرائیلەوە.]

(12) [بابیەکان فیرقەیەکی ئایینی- سیاسی بە بیرو بۆچوونی پێشکەوتنخوازەوە بوون ودژ بە

زوڵم وزۆری سیستەمی حکوومەتی قاجارەکان خەباتیان دەکرد. دژایەتی کردنی بابیەکان لەگەڵ پێداویستیی دەزگای رۆحانییەتدا، بوە هۆی یەکگرتنی مەلایانی شیعە لەگەڵ دەرباری قاجار و فەتوای ئەم و سوپای ئەو پێکەوە، ریشەی پەیرەوانی بابیان دەرهێنا.پاشماوەی بابیەکان واتە بەهاییەکان، گەرچی لەباری ئایینەوە خۆیان بە درێژەی ئایینی باب دەزانن، بەڵام لە باری هەڵوێستی سیاسییەوە، گەلێک لە عەداڵەتخوازانی بابی جیاوازن. دوای چەند کوشتارێکی گشتی کە لە سەردەمی ناصرالدینشای قاجاردا(١٨٤٨ تا ١٨٩٦) لەبابیەکان کرا، ژمارەیەکی زۆریان لێ کووژرا. دوا سەنگەری بابیەکان، قەڵای "چەهریق" بوو لە دەوروپشتی سەڵماس- ئەو شوێنەی کە دواتر، لە بزووتنەوەی سمکۆی مەزندا، شوێنایەتیەکی گرنگی پەیدا کرد. هێزی دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتی «عەزیز خانی سەردار موکری» - «سردار کل» ی سوپای ئێران لە سەردەمی ناصرالدین شادا، کە خۆی کورد و خەڵکی ناوچەی موکریان بوو، قەڵای چەهریقیان لە بابییەکان گرت و تا دواکەسیان لێ کوشتن. وەرگێڕ}.

(13) هەمان، ل ٣٩٤

(14) Jacob, "Ein neuer Text über die Jezidis" in Beiträge zur Kenntniss des Orients, 1909, vol. vii, pp. 30-5

(15) بڕوانە:

- * Strabo, Geography, pp. 523-524 and 727
- * Plinius, History Nat., vi, 27
- * Arrianus, Arab, iii, 24

(16) Hammer Purgastall, Geschichte des Osmanischen Reiches, vol. ii, pp. 443-5.

(17) بڕوانە "ابن خلكان"، كتاب وفيات الاعيان ( چاپی MacGuckin de Shane)، بەرگی ٢ ، لل ٨-١٩٧ کە زیادی دەکات و دەڵێ ناوی تەواوی ئەو،"عەدی کوڕی موسافیر" بوە و بەدوای ئەودا نیزامێکی ئایینی بە ناوی "عەذەوییە" ناونراوە.

(18) وەرگیرانی وشەکە لە ناوی شاری "یەزد"ەوە، کە مەرکەزی ناوچەی "یەزد" لە ئێرانە ،وێدەچێ لە سەر زەمینەی ئەوە بێت کە ناوەندێکی گرنگی زەردەشتییەکانە و وا دادەنرێ کە ئایینی ئێزەدی لە گەڵ ناوی ئەو شارەدا نزیکایەتییەکی تەواوی هەبێت. بەڵام ئەم بۆچوونە، یەکجار نەگونجاو دەنوێنێ.

(19) تەنیا رۆژوویەک کە بۆیان دانرابێت، ئەو رۆژووەیە کە هەمووساڵێک بە شانازیی مردنی یەزیدەوە لە سێ رۆژی مانگی دیسامبردا، دەگیرێت.

(20) ئێزەدی بۆ مەسەلەی خۆ دوور خستنەوە لە ناوی شووم، زۆر بە بڕشتن، بۆ نموونە نەک هەر یاساخە ناوی شەیتان و ئیبلیس و ئەهریمەن (وەک ئەساسی خراپە) بێنن و ناتوانن وشەی لەعن،

لەعنەت، مەلعون و ڕەجیم (بە واتای بەردەباران کراو- ناوێک بۆ شەیتان لە قورئاندا) بێننە سەر زمانیان، بەڵکوو تەنانەت بەکار هێنانی وشەگەلێکیش بە هەمان دەنگەوە، وەک "شەط" (رووبار) کە ویچووی وشەی شەیتانە و"نەعل" (کەوش) کە دەنگدانەوەکەی زۆر لە "لەعن"ی ئاوەژووکراو دەچێت، قەدەغەیە و بەم بۆنەیەوە مەجبوورن وشەی جۆربەجۆری دیکە بکەنە جێگریان. بۆ نموونە، شەیتان بە "ملک القوە" یا "شای بە توانا" ناو دەبەن و "شەط" جێگەی خۆی دەدات بە "نەهر" (چۆم) و شتی دیکەی لەوچەشنە.

(21) بڕوانە:
Layard, 'Nineveh and Babylon', pp. 47-8
and 'Nineveh and it's Remains', vol. i, p. 298

سەبارەت بەوەی ئایا ئەو پەیکەرانەی وا حکومەتی تورکان لەناوی بردن یاخود لێی یاساخ کردن، هەمان "سەناجیق"ی ئەسڵی بوون یا وەک ئێزەدییەکان دەڵێن- کۆپییەکانیانن، ئێستا ناتوانین هیچ رایەک دەربڕین.

(22) بڕوانە: Layard, 'Nineveh and it's Remains', Vol. i, p. 299

(23) سەبارەت بە شێخ عەدی، هەروەها بڕوانە؛ مەقریزی، "سلوک"، بەرگی دووهەم، لاپەڕە ٨-٢٨٧ و بەرگی سێهەم، لاپەڕە ٧-١١٦.

(24) بڕوانە ٢، ٥٠-٤٩: "و من ئەو کەسەم کە خودای عاسمان گوتویەتی: هونەری تۆ، تەنیا داوەری کردن و بەڕێوەبردنی زەوییە." و ٢، ٩-٥٨: " خودای بەخشندە ناوی جۆربەجۆری بە من بەخشیوە: تەختی بەهەشت و کورسی و حەوت عاسمان و زەوی!"

(25) بڕوانە ١، ٦٠: " لە ڕەمزی زانیاری مندا، هیچ خودایەک جگە لە خۆم نییە."

(26) گۆڕەکە، کەوتۆتە دۆڵێکەوە کە بە درێژایی خۆی، چۆمێکی زولاڵی پیدا تێپەڕ دەبێت و ریزی دار بەڕوو، سپی دار و زەیتوون، شەقامێکی نساریان پێک هێناوە کە دەگاتە سەر گۆڕەکە. شوێنەکە،
جێگەیەکی ئەستەم بەڵام رازاوە و جوانە. بەرزاییەکانی سەرووی ناوچەکە بە داری کورتی بەڕوو داپۆشراون.

(27) زیارەتی سەرەکی ساڵانە، زیارەتی "زەمزم" یا پیرۆزە و راست لە نزیک گۆڕی شێخ عەدی، لە نێوان ١٥ و ٢٠ی سپتەمبەردا، لە سەر گۆڕی سەرۆکانی گەورە بەڕێوە دەچێ.

(28) Jacob, loc. cit.

(29) Badger

(30) وشەی سەنجەق، بە شێوەیەک کە بەکار هاتوە، واتای "ئاڵا" و "نیشانە"ی هەیە و "لەیارد" بە وردی ئاماژە بەو راستییە دەکات کە "مەلیک تاوس" رواڵەتی شەیتانی نییە بەڵکوو "نیشانە" یاخود "ئاڵا"ی ماڵی سەرۆکی رێبەرە، بڕوانە:

Layard, 'Nineveh and Babylon', ch. 3, p. 48

(31) بڕوانە:

Badger, 'The Netorians and other Rituals', Vol. i, p. 124.

(32) Jacob, Loc. cit

(33) Layard, 'Nineveh and Babylon', pp. 89-92

(34) یا "ئەلجیلوە" کە ناوێکی عەرەبییە و وادیارە واتای "نواندن" یا "دەربڕین" بداتەوە، لە "جەلا"، بە واتای "روون بوەوە"، "دەری بڕی"، "دەرکەوت" و "خۆی نیشان دا"وە هاتوە:

(35) Parry, 'Six Months in Syrian Monastry'

Captain H. P. W. Hudson

(36) بڕوانە:

Mingana, 'Sacred Books of the Yazidi',
in the journal of the Royal Asiatic Society, 1921, pp. 117-19

ئەم کتێبە پیرۆزانەی ئێزەدیان، دەگوترێ کە لە ساڵی ١٨٤٩ی زایینیدا بێ سەروشوێن چوون و لە ١٨٨٩دا، لە هیندوستان دۆزراونەتەوە، کەسیش نازانێ چۆن و کەی و بۆ کوێ براون. بەهەر حاڵ، زەمینە بۆ ئەو فیکرە هەیە کە هەموو نووسراوەکان بە شتی دەستکرد و درۆ بزانرێن.

هەروەها بڕوانە:

* Mingana, "Sacred Books of the Yazidis", in the same Journal, 1916, p 505-26;
* Dirr, "Einiges uber die Jeziden" in Anthropos., 1918, pp. 558-74;
* Joseph, "Devil Worship" and Nau, "Recueil de Textes sur les Yazidis", in Revue de l' Oriental Chrétien, 1917, pp. 142-200 and 225-77.

(37) بڕوانە خوارەوەتر، لە باسی ئەرکی "کووجەک"دا.

(38) "شابۆ" نووسیویە و دەڵێ ئەگەر کچێک خوازبێنیکەر بداتە دواوە، پێویستە زەرەروزیان بە باوکی خۆی بداتەوە چون بە سەرمایەی باوکی حیساب دەکرێ- وەک چۆن لە شیعری "کچی گاڕانچی" هۆمێریش دا دەبینرێ. Chabot, Journal Asiatique, 1896, vol. 7, p. 127

(39) Road of the Qauwal

(40) Ba'idri

(41) وشەیەکی عەرەبییە بە واتای "پیاوی پیر" یا "پیر".

(42) وشەیەکی فارسییە بە واتای "موراد" [ودستگیر]

(43) وشەیەکی عەرەبییە بەواتای "هەژار" و "سواڵکەر".

(44) وشەیەکی فارسییە بەواتای "سەرۆک" و "مامۆستا" [؟]

(45) qawwal, Shewish, Kujak, Kabanah, Fuqraiyah, Farrash.

(46) ئەم وشەیە، "صیغەی مونث"ی "فەقیر"ی عەرەبییە بە واتای پیاوی هەژار و سوالّکەر و ریاضەت- کێش کە واتای "خوشکی هەژار" دەبەخشێ.
(47) وشەیەکی عەرەبییە کە واتای "گسک لێدەر"ی هەیە و راست مانای وشەیەکی یۆنانی دەداتەوە.
(48) Sir Stratford Canning
(49) لە لایەن M. Lidzbraskiیەوە لە سەرچاوەی خوارەوەدا چاپ کراوە:
Zeitscrift der Deutschen Morgenändischen Gesellschaft (leipzig) ' 1897, No. 51, p. 592. From "Codex Sachau 200" in the Königliche Bibliothek at Berlin.
(50) عبدالعزیز لە سالّی ١٨٦١ تا ١٨٧٦ حکومەتی کرد.
(51) سالّی ١٢٨٩ی کۆچی لە ١١ی مانگی مارچی سالّی ١٨٧٢ تا ٢٨ی فیبرەوەری سالّی ١٨٧٣ درێژەی بوە.
(52) نیزام، لە عەسکەری عادەتی سوپای عوسمانی پێک هاتبوو.
(53) بە سوریانی Dasnayé و بە عەرەبی Dawasin (تاکەکەی Dasin )، ناوی هۆزایەتییە بۆ ئەو کوردانەی کە ناوی ئاینییان ئێزەدییە.
(54) بە وردی: "شوێنی سەرهەلّدانی هەتاو". سەرنج راکێش ئەوەیە کە ئەو کوردانەی وا Mar Saba هێنانیە سەر ئایینی مەسیح، لە لایەن ئەو کەسەوەی کە ژیننامەی قیددیسی ناوبراوی نووسیوە، بە "رۆژپەرست" ناو براون. بڕوانە
Bedjan, 'Acta Martyrum et Sanctorum', vol. ii, pp. 672-3 :
(55) قورئان، سوورەی ١١٤: "بلّێ پەنا دەبەمە بەر گەورەی مرۆڤ، شای مرۆڤ، خودای مرۆڤ، لە شەڕری ئیبلیسی "وەسوەسەکەر" (شەیتان) کە بە دزی دەکشێتەوەو لە سنگی مرۆڤدا وەسوەسە دەکات، هەر لە جیننەوە هەتا مرۆڤ.
(56) Sect
(57) Les than a whole year
(58) رەنگە وشەی "بامیە"، hibiscua esculentus بگەیێنێ کە گیایەکە لە بنەمالّەی گولّی خەتمی ئەورووپی.
(59) ئەم شکایەتنامەیە، لە لایەن "ئەمیرشێخان حوسەین"- سەرۆکی فیرقەی ئایینی ئێزەدی، "شێخ ناصر"- رێبەری رۆحی فیرقە لە ناوچەی شێخان و "موختارین" (Mukhtiarin)ی مام رەشان، مووسیکان، حەتارە، بەیبان، دەهکان، جوزران، باقەشرە، باعەشیقە، خووشابا، قەرا، پەچوو، کەبارە، سینا، عەین سفنی، قەسرعیزالدین وکبەرتووەوە مۆر کرابوو.
(60) ئەوان، هەروەها لە مەسەلەی تاریخدانان بۆ رووداوەکان، سالّی هیجری- واتە کۆچی محمد دادەنێن و رۆژی هەینی بە رۆژی پیرۆز دەزانن کە هەردوو ئەم کارانە، شێوە و ئاکاری

موسوڵمانانن.

(61) بڕوانە:

-Badger, 'The Nestorians and other Ritnals', vol. i, ch. 10.

هەروەها بڕوانە:

-O. H. Parry, 'Six Months in the Syrian Monastery';
Giamil, 'Monte Sinqar';
-Forbes, 'Account of the Yazidis of Jabal Sinjar' in the Jounral of the Royal Geographical Society, vol. ix;
-Chabot, 'Notice sur les Yezidis', in the Journal Asiatique, ix,v, pp. 100-32; Siouffi, 'Notice sur la secte des Yezidis' and 'Notice sur le Cheikh Adi et la Secte des Yezidis', in the Journal Asiatique vii, xx, pp. 252-68, and viii, v, pp. 78-98.

(62) بڕوانە:

Layard, Nineveh and it's Remains, vol. i, pp. 300-2.

(63) بڕوانە:

Brockelmann 'Das Neujahrsfest der Jezidis' in the Zeitschrift der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft, vol. 63, pp. 876 ff.

(64) بڕوانە:

Layard, Nineveh and its Remains, vol. i, pp. 300-2.